## چەند دێڕێك لەبری پێشەكی

ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت كە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت دەشێ یەك دوو كاری داهێنەرانە بنەمایەی ئەوەی نووسەرەكەیان نەمربكەن، ئەوا ئەو بۆچوونە ڕێك و ڕاست بەسەر خوان ڕۆڵفۆدا دەسەپێ. خوان ڕۆڵفۆ (1918-1986) بەكتێبی (پێدەشتی سووتاو- 1953) كە بریتی‌یە لە كۆمەڵە چیرۆكێك و ڕۆمانی (پیدرۆپارامۆ- 1955) چووە ڕیزی نووسەرە گەورەكانی ئەمریكای لاتینەوە.

ئەم نووسەرە لەساڵی 1918 دا لەویلایەتی خالیسكۆی سەر بەمەكسیك هاتە دونیاوەو لەسەرەتای چلەكانەوە دەستی بە بڵاوكردنەوەی كورتە چیرۆكەكانی كرد.

ڕەنگە یەكێك لە هاندەرە بەهێزەكان لە پشت پرۆسەی نووسینەوە لای ڕۆڵفۆ ئەو تێكشكانە بووبێت كە لەسەرەتای ژیانی نووسینیەوە دووچاری هات، وەختێ ڕەخنە نووسان هێرشی گاڵتە ئامێزانەیان كردە سەر چیرۆكەكانی. بەلام كاتێ ڕۆمانی "پیدرۆپارامۆ" ی بڵاوكردەوە، كاردانەوەی نێوەندی

ڕەخنــەیی بــە پێچــەوانەوە بــوو، ئــەو ڕۆمانــەیان بەیــەکێك لەشاکارەکان لەقەڵەم دا. لە ڕاستیشدا ئەم ڕۆمانە چ وەك بابەت و چ وەك تەکنیك بە بەیەکێك لە کارە گرنگەکانی دونیای ڕۆمانی ئەمریکا دەمێنێتەوە. جا لەبەر ئەوەی ئـەو لێکۆڵینەوەیـەی کـە بەدوای ئەم پێشەکیە کورتەدا دێـتو هـەروەها ئـەو نووسـینەش کە دەکەوێتە کۆتایی کتێبەکەوە بەشێوەیەکی فراوان سـەبارەت بە ڕۆلفۆ و ڕۆمانەکە دەدوێـن و ئێمـەش بەمەبەسـتی پـتر ئاشـنا کردنی خوێنەر بە ڕۆماننووس و ڕۆمانەکە بەباشمان زانی بیکەین بــەکوردی بۆیــە لێــرەدا تــەنها هێنــدەی پەیوەنــدیی بــەکاری وەرگێڕانیەوە بۆ کوردی هەبێت لەسەر ئەم کارە دەوەستین.

پیــدرۆپارامۆ، ئــەم ڕۆمانــە ڕیالیســتە ســیحریە وەکــو تەکنیك ڕۆمانێکە بە ئاسانی خۆی نادات بەدەسـت خوێنـەرەوە. ئاســتەکانی گێڕانــەوە بەدرێــژایی ڕۆمانەکــە دەگۆڕێــت، هــەر لەســەرەتاوە تاکۆتــایی. ئێمــە لــەکاتێکا لــە ســەرەتاوە لەســەر زمــــانی (خــــوان پریســــیادۆ) — کــــە کــــوڕی ناشــــەرعی پیدرۆپارامۆیــە— لــە ڕوداوەکــانی ڕۆمانەکــە ئاگــادار دەبــین" بەرلــەوەی بگاتــە نیــوەی ڕۆمانەکــە خــوان پریسـیادۆ دەمرێـت" بەڵام گێڕانــەوەی ڕۆمانەکــە لەســەر زاری کاراکتــەرەکانی تــرەوە بەردەوام دەبێ، گەرچی تـەواوی ئـەو کەسـێتیانە مـردوون و لـە دونیــای زیندووانــدا نــەماون. ئینجــا بەدرێــژایی گێڕانــەوەکان ڕووبەڕووی (مۆنۆلۆج) و (گەڕانەوە بۆ ڕابـوردوو) دەبینـەوە، کـە لـە پێنــاوی تێکــەڵ نــەکردن و جیاکردنەوەیانـدا ناچـار بـووین بەپیتێکی جیاواز لێیان بدەین تا سەر لە خوێنەر نەشێوێت، هەر چــۆن ناچــار بــووین پانتاییــەکی ســپی لــە نێــوان یەکــەی گێڕانـەوەکان (الوحـدات السـردیە) دا دابنـێین کـە دەلالـەت لـە تێپەڕبوونی کات، یان گۆڕانە (شوێنکاتی) یەکان دەکـات. ئەم ڕۆمانەی لەبەردەسـتی خوێنـەری کورددایـە لـە ڕووی دەقـە

فارسییەکەوە کراوە بەکوردی و دواتر لەگەڵ دووتەرجەمەی تری عەرەبیی هەمان ڕۆماندا بەراوردکراوەتەوە. ئەوە بوو برای نووسەرم کاك (ڕێبوار سیوەیلی) کە لە سەرەتای ئەمساڵدا (1999) هاتەوە بۆ کوردستان، دەسنووسی تەرجەمەی نیوە زیاتری ئەم ڕۆمانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆوە (کە ساڵانێك لەمەوبەر ئەو کارەی ئەنجامداوە). دەسنووسەکەی دابەمن و پێی خۆش بوو کە تەرجەمەکە تەواو بکەم و منیش کارەکەم پێ پەسەند بوو و بەم پرۆژە هاوبەشە خۆشحاڵ بووم. هەر بۆیە دەستم دایە وەرگێڕانی ئەوەی کە ماوەو تەواوم کرد. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشم ئەوەیە کە وەکو ئاماژەم پێدا ئەودەقەی بۆ وەرگێڕانەکە پشتی پێ بەستراوە دەقەفارسییەکەیە" بەڵام وەختێ تەرجەمەی فارسییەکەم بەدوو تەجەمەی تری عەرەبی بەراوردکردەوە کە یەکێکیان (صالح علمانی) لە ئەسڵە ئیسپانیەکەوە کردوویەتی و دووەمیشیان (مروان ابراهیم) هەر لە ئیسپانیەوە کردوویەتی، لە زۆر شوێندا هەستم بەجیاوازی کرد بەتایبەتیش بۆم دەرکەوت کە وەرگێڕە فارسەکە ئازادییەکی زۆری بەخۆی داوە لە وەرگێڕانەکەیدا و تەنانەت هەندێ دیالۆگو برگەی تەرجەمە نەکردووە و ناوی گەلێ لەو شوێن و کەسێتییان ڕووەکانەی بەجۆرێکی دی نووسیوە، یان گۆڕیویشنی. هەر بۆیە من بەپشت بەستن بە هەرسێ دەقەکە بە تەرجەمەکەی هەردووکماندا چوومەوەو لەکوێدا بەڕەوام زانیبێ دەسکاریم کردووە بەو مەبەستەی تەرجەمەیەکی پاك و پوختتر بێت. ئیدی ئێمە لافی ئەوەش لێ نادەین کە کارەکەمان بێ خەوشە، بەڵام خاکیانە هەوڵمانداوە ڕۆحی کارەکە لە دەقە کوردییەکەشدا بپارێزین و هیوادارین توانیبێتمان کارێك پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەین کە مایەی چێژبەخشینی بێتو کەلێنێکی بچووك لەو بۆشاییە

www.pertwk.com

گەورەیەی کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە کە خاڵی‌یە لەدەیان‌و بگرە سەدان شاکاری جیهانی‌ی وەك "پیدۆرپارامۆ".

ئازاد بەرزنجی

# پیدرۆ پارامۆ:
## جیهانی سێبەرە بێ جەستەکان

**لویس هاراس**

هەرچەندە ئەمڕۆ دیارگەرایی* کەمتر جێی بایەخی نووسەرانی ئەمریکای لاتینەو زۆر لە بنەماکانی ڕەچاو ناکرێ، بەڵام هێشتا بەهاو نرخی بەرچاوی خۆی هەیە. دیارگەرایانی کۆن کە بەشێکی سەرەکیی ئەدەبی ئەمریکای لاتین لە دەهەی بیستدا پێکدەهێنن، پەیوەستێك بوون لە نێوان سروشت و ئادەمیزاددا. کاری ئەوان پتر ڕۆڵێکی جوتیارانەی هەبوو تا ئەدەبیانە. چونکە دەبووایە سروشتێکی دڕندە ڕام بکەن، شوناس بەزەوییەکی بێ ناوونیشان ببەخشن. ئەم نووسەرانە ئاسەواری کەلتووره تیرەییەکانیان دەدۆزیەوەو ئەو کارەساتانەیان تۆمار دەکرد کە بەسەر خەڵکیدا هاتبوون. بەڕەچاوگرتنی هەلومەرجی زەمانە، ئەدەبیات پێویستی بە کۆششێکی دەستەجەمعی بوو تا مایەی ڕەزامەندیی عەوام بێت. ململانێ کۆمەڵایەتییەکان —لەمەیدانی دەرەبەگایەتی و بەڕێوەبەرێتیی کانزاکان و کێڵگە گەرمەسێرییەکاندا— پێداویستی و بزواتی بەم ئەدەبیاتە بەخشی. لقێك لە لقەکانی

* دیارگەرایی بەرامبەر وشەی (regionalism) ە وبەمانای ئەمەکداریی لە نووسیندا بۆ دیاریان هەوارێکی تایبەتی دێ کە نووسەر تیایدا دەربارەی داب و نەریت و بیروباوەڕو فۆلکلۆر و خۆراك و پۆشاك و زمان و مێژووی زادگای خۆی ئەدوێ.

ئەم ئەدەبە– کەدەشێ مکومترین لقیش بێ– لەسەر دەستی ئارسیدس ئارگویداس هاتە گۆڕێ کە لە کارەکەی خۆیدا "نەژادی برۆنز" چەوساندنەوەی سوور پێستەکانی دەڤەری کوێستانەکانی بۆلیڤۆی مەحکوم کرد. لقێکیتر لەبری داستانپیاهەڵدان کەوتە شیکردنەوەی مەسەلەکان و لقی سێیەمیش کە بەرهەمێکی شایانی گرنگیپێدانی نەبوو، دەستی بەتۆمارکردنی فۆلکلۆر کرد. بەڵام سەرباری ئەم فرەچەشنییە، تایبەتمەندێتییە بنەڕەتیەکانی ئەم ئەدەبە بەسەقامگیری مایەوە" دیارگەرایی بایەخی بەگرتنی وێنەکان وەکو خۆی دەدا، نەك وێنەکێشان، ئەو هێلانەی کەدەیشیخستنە ڕوو گشتی و خاڵی لە ناسکی و جوانی بوون" بەنرخترین نموونەی ئەو کارانەپڕبوون لە ژیان و لەزانیاری سەبارەت خەڵك و ژینگەکانیان. لە کارەکانی "سیرۆ ئەلیگریا"ی پیرۆیی هەندێ ساتی شیعری هەست پێ دەکرا، لەبەرهەمەکانی "سالارۆئە" ی سلڤادۆریدا توند و تیژییەکی جوان مەوجی ئەدایەوەو نووسینەکانی "خۆرخێ ئیکازا"ش لە ڕەوتی خەبات دەداو. ئەم ئەدەبە لەسەر دەستی "ئۆگوستین یانیاز" ڕێیەکی ئەزموونگەرییانەی گرتەبەر و "میگیل ئانخیل ئاستۆریاس"ی گواتیمالایش تیایدا لە بواری ئەفسانەدا بالادەستی خۆی پێشانداو بەم کارە بووە سەرقافڵەی هاوچەرخانی خۆی. ئێستاش کە ئەو ئەدەبە دیارگەرایە کۆن بووە، سەرلەنوێ "ئۆگستۆ ڕوا باستۆس" چیرۆکنووسی تاقانەی پاراگوای، ژیانێکیتازەی پێ بەخشیوەتەوە.

دیارگەرایانی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك نووسەری هەڵکەوتوون و بەرهەمەکانیان جێی سەرنجە، لەگەڵ ئەمەشدا و وێڕای بەکارهێنانی شێواز و تەکنیکی زیرەکانە، هەر

بەنـەریتی نووسـەرە کۆنەکانـەوە وابەسـتەن. ئەمانـەش هێشـتا مەیلیان بەلای زنجیرە چیرۆك و سەفەر نامەدا هەیە و خۆیـان لـە قەرەی بابەتگەلێك ئەدەن کە هەرچەندە پەنجا شەسـت سـاڵێکە لە ئارادان و هێشتا هەرجێی باس و خواسن“ بەلام لـە ڕوانگـەی ئەدەبەوە کۆن بوون. کەسـێتیـیە بـێ سـیماکانی چـیرۆکەکانیان زوو لە بیردەچنەوە و بـەکارهێنانی دیـالێکتی ناوچـەییان ڕێ لـە نەمریی کارەکانیان دەگرێت. وەلێ لەپاڵ ئـەم ڕێسـایەدا ئـاوارتن (استپناو)ی کەم هەیەو، لەوانەیە تاقە ئاوارتنیش خوان ڕۆلفـۆی مەکسیکی بێت.

خوان ڕۆلفۆ ئەم پیاوە باریك و بنێسە، لەشانزدەی مایسی 1918دا لـە خالیسـکۆ هاتۆتـە دونیـاوە کـە ئەوەنـدە لەشـاری مەکسیکۆوە دوور نىیە. باکووری ئەم شارە کە بزنە کێوییەکانی بەردەوام لەسەر تاوێرە بـەردە بـەرزەکان جـێی خۆیـان خـۆش دەکەن“ پڕ لە خەلکە. بەلام ناحیەکـەی واتـە "گوادالاخـارا" کـە کەوتۆتە باشووری شـارەکەوە“ شـوێنێکی وشـك و گـەرم و دوور دەستە. ژیـان لـەو ناوچـەیەدا تاقەتپڕووکێنـە. ئـەم سـەرزەمینە دەڤەرێکی خەمهێنەو وشکە ساڵی و ئاگرکەوتنەوەی گـەورە ئـەو ناوەی وێران کردووە. شۆڕشەکانو، زریـی بـەروبوومو بـەیاریی خاکەکــەی وردە وردە بۆتەمایــەی جێگــۆڕکێی خــەڵکی ئــەم ناوچەیە. زۆربەی دانیشتوانی بەئومێدی دۆزینـەوەی کـار چـوون بـۆ "تیخوانـا". ئەمانـە لـە نـەژادی "کریـۆل"ە بێباکـەکانن کـە باووباپیرانیــان لــە "کاســتیل" و "ئیســترەمادۆرا" وە کــە دووناوچەی وشکی ئیسپانیان“ ڕوویان کردۆتە ئێرەو بەم پێیـەو بەقســەی خــوان ڕۆلفــۆ "بــۆ بــەروبوومێك دە ئەوەنــدەی جووتیــارێکی مەکســیکی مەرکــەزی کاردەکــەن." ئەمانــە خەلکانێکی کۆڵنەدەرن، تەنها جەستەی پتەویان بـۆ ماوەتـەوەو

لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی مۆسیقازان و نیگارکێشەکانی وڵات لەناو ئەمانەدا هەڵکەوتوون.

خـوان ڕۆڵفـۆ بەدەنگـە غەمگینەکـەی دەڵێـت: "ئێـرە پارێزگایەکی گەلێ هەژارە. بەڵام خەڵکەکەی زۆریش کاردەکەن. بـەروبوومێکی باشـیش بەچـنگ دێـنن. نـازانم چـۆن ئـەم هـەموو بەروبوومـە بەرهـەم دێـنن. خالیسـکۆ پارێزگایەکـە کـە زۆربـەی دەغڵ و دانی وڵات دابین دەکات. ئێـرە پارێزگایـەکی زۆر گـەورە نییە. وایـدەبینم لـەڕووی گەورەییـەوە هەشـتەمین پارێزگابێـت. بـەڵام ئـەو بەروبوومـەی کـە بەرهـەمی دەهێـنن بەشـی هـەموو مەکسـیك دەکـات. ژمـارەی مـەڕومالاَت و ڕەشـەوڵاخی لەهـەر پارێزگایەکی دی زیاترە. بەڵام هەر ئەوەندە لە پارێزگاکە بچێتە دەرەوە لەهەموو شوێنێك ڕووبـەڕووی هـەژاری دەبیتـەوە. گـەنم دوژمنـی زەویـیە.بـەم پێیـە وەك زەویـیەکی بـاش دەنوێنـێ. لەهەندێ جێی دی هیچ بەروبوومێك نایەتە بەرهەم."

لـەژووری ئـەو ئوتێلـەی کـەمنی لـێم، لـەدەرەوەی شـاری مەکسـیکۆ، لەسـەر کورسـیەکەی دانیشـتووەو نوشـتاوەتەوە. چرچی و لۆچیەکی زۆر دەموچاوە لاوازەکەی پۆشـیوە. دەسـتە درێـژەکانی، کـە دەمارەکـانی دەرپـەڕیون، لەسـەر ئـەژنۆین. بەپەلـەو دەمارگیرانـە ئـەدوێ و نێوچـەوانی گرژکـردووە, لـە نیشـتمانەکەی دەچـێت، لـە پرێکـا پیربـووە. لـە نێوچـەوانیدا چرچی قووڵ هەیەو سیمای نیگەران دەنوێنێ.

لەڕابوردوویدا کۆمەڵێك کونجی تاریك هەیە.

"مـن لەشـوێنێك هاتمـە دونیـاوە کـە ئێسـتا دێیـەکی بچووکە، سـەربە ناوچـەی سـایۆلایە. سـالاَنێك لەوەوبـەر، پـێش شۆڕش و دوای ئەوەش مەڵبەندێکی گرنگی بازرگـانی بـوو.بـەڵام من خۆم قەت لەسایۆلادا نەژیاوم. هـەر نەشمـدیوە. نـازانم چۆن

جێیەکە... باوکم و دایکم لەوێ ناسنامەی نفوسیان بۆمن دەرهێناوە. ڕاستیەکەی من لەکاتی شۆڕشدا، یان بەدەربڕینێکی دی لە شۆڕشەکانەوە لەدایکبووم. دەڵێم شۆڕشەکان، چونکە یەکێك و دووان نەبوون... من لەدێیەك دەژیام پێیان دەوت "سان گابرێل". لە ڕاستیدا من خۆم بەخەڵکی ئەوێ دەزانم. لەوێ گەوەبووم. "سان گابرێل"یش مەڵبەندێکی بازرگانی بوو. لەکۆندا سان گابرێل شارێکی گرنگ و بەڕەونەق بووە.

جادەی پڕ بایەخی "کۆلیما" بەوێدا تێپەڕیوە. سان گابرێل کەوتبووە سەر ئەو شارێیەی کەلە بەندەری مانزانێۆوە دەهات، واتە ئەو بەندەرەی کە لەڕۆژانی ئیستیعماردا شوێنی هاتنە ناوەوەی ئەو کاڵایانە بوو کەلە خۆرهەڵاتەوە باردەکران. ئەم شارە لەو ڕۆژانی ڕەونەقەیدا سەروەت و سامانێکی وەهای تێ ڕژابوو کە موغازەکان بەژمارەی دەرگاکانیاندا دەناسرانەوە. سان گابرێل و زاپۆتیتلان لەسەدەی حەڤدەهەمەوە تازەمانی شۆڕش دووشاری گرنگی ئەو ناوچەیە بوون. سەرەتا "ئینکامێندیرۆ" کان لەوێ نیشتەجێ بوون.

ئەمانە ئەو سەربازانە بوون کە لە قەرەبووی خزمەت و پاسەوانیکردنیان بۆشا، ئەم زەوی و زارانەیان بەدانیشتووەکانیانەوە بەخەڵات پێ درابوو.

ئینکامیندیرۆکان خەڵکەکانیان بەسەر چەند مەڵبەندێکی سەرەکیدا دابەشکرد تا بەڕێوەبردنی کاروباریان ئاسان بێ. سان گابرێل و زاپۆتیتلان و زۆر شوێنی دیکەش بەمجۆرە دروستکران. بەڵام ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە ڕابووردووەوە هەیە. ئەمڕۆ لەم ناوچەیەدا تەنها پێنج شەش دێ ماونەتەوە. ئەو شوێنانەش زۆر گەرمن. گۆڕینی ڕێگا بازرگانیەکان و بای بیابان ئەو ناوەی وێرانکردووە. ئومێدێك نییە بۆ

ئاوەدانکردنــەوەیان. تــازە ئــەو ڕەوتــە قــابیلی گــۆڕان نیـیـە. بەڕواڵــەت چــەند دێـیـەك بـەپێوە ماونەتـەوە. بـەڵام ئەگـەر لـە نزیکەوە وردبینەوە دەبینین کـە لێبوونەتـەوەو فـەوتاون. چـەند دانیشــتوویەکی پــیر کەماونەتــەوە توانــاو بڕســتیان لێ بــڕاوەو زمانیان بۆ هەڵنایەتەوە. "لێو هەڵناهێننەوە. دەشـێ بـەدگومان بن، نەك تەنها بەرامبەر بە بێگانە بەڵکو بەرامبـەر بـە خۆشـیان. نایانــەوێ دەربــارەی کاروبارەکانیــان بــدوێن. کــەس نازانــێ چیدەکەن؟ چۆن گوزەران دەکـەن؟ هەنـدێ دێ هـەن خـەریکی کاری قاچـاخن. خەڵکەکـە پێیـان خـۆش نیـیـە وەڵامـی پرسـیار بدەنــەوە. کێشــەکانیخۆیان بــە شــێوەیەکی تایبــەتی و نهێنــی چارەسەر دەکەن."

تاچاوبڕکا زەوی و زاری ئەم دێیانە — لەسـەدا چلوپێنجی زەویــی مەکســیك بیابانــە— بــەیارە و ئــادەمیزادە زینــدووەکان لەنێوان مردووەکاندا قەتیس ماون. مردووەکان لێناگـەڕێن ڕۆلفـۆ ئاسـوودەبێ. دیـارە لەبـەر ئـەوەی وەکـو زۆربـەی خـەڵکی ئـەو دەڤەرە وشـکوبرنگە، مرۆڤێکـە لـە ڕەگوڕیشـەی خـۆی دابـڕاوە، مرۆڤێك کە ڕابوردووی خۆی لەدەست داوە. دێتـەوە یـادی چـۆن دێی سەردەمی منالّیی، کە ئێستا دووچاری قات و قـڕی بـووە، وردەوردە چۆڵ بوو "ڕووبارێك هەبوو لەوەرزی گەرمادا مەلـەمان تیا دەکرد. ئێسـتا ئـەو ڕووبـارە وشـکی کـردووە. "یـەکێك لـەو هۆیانەی کە بۆچی چیدی ئاویـان پیـا گوزەرناکـات ئەوەیـە کـە دارو درەختــی لێــڕەواری کوێســتانەکانی ئــەو نــاوە —کــە ئــەم ناوچــەیەیان گرتبــووە خــۆ— بڕاونەتــەوە. زۆربــەی خەڵکەکــە کۆچـیان کـردووە. ئەوانـەی کەماونەتـەوە دەیانـەوێ لـە نزیـك مردووەکانیانەوە بن "باو و باپیرانیان ئـەوانیان بـەو ناوچـەیەوە بەسـتۆتەوە. حـەز ناکـەن مردووەکانیـان بەتـەنیا جـێ بهـێڵن."

هەندێ جار کە جووڵەیەکیش دەکەن تەنها بۆ ئەوەیە کە گۆڕی خۆیان هەڵکەنن. "مردووەکانیان دەکەنە کۆڵیان." و تەنانەت کاتێ مردووەکانیان بەخاك دەسپێرن، لەسەر شانەکانیان هەست بە قورساییان دەکەن.

بەم پێیە ڕۆڵفۆ، کە بەڕواڵەت لە باوو باپیرانی بێ خەبەرە، ڕووبەڕووی بەدبەختیەکی فرەتر بۆتەوە، ئەویش بۆ دۆزینەوەی ڕەگوڕیشەی ونبووی خۆی، کەوتۆتە هەڵکەندنی گۆڕەکانی ئەوانەی دەوروبەری خۆی.

"وابزانم باپیرە گەورەی من لە نزیکەی ساڵی 1790 دا لە باکووری ئیسپانیاوە هاتووە بۆ مەکسیك. "پشکنینی مێژوویی" بێهوودە ئەوی بەلای نووسراوو بەڵگەنامەکاندا کێشکردووە و، بۆ ئەم مەبەستە کتێبخانەو ژێر زەمینی بنکەکانو فەرمانگەکانی ئامار و ڕەگەزنامە گەڕاوە. مەکسیك وڵاتی ئەرشیفی ون بوو و بەڵگە نامە جێگۆڕکێ پێکراوەکانە. بەتایبەتیش ئەو ناوچەیەی ئەو کە لەنێو ئاشوب و پەرتەوازییدا ون بووە.

"ئەو شوێنەشوێنێك نەبوو سەر بە خالیسکۆبێت. ئەو دەمە بە خالیسکۆیان دەوت نۆڤاگالیسیا کە لەساڵی 1530 دا بەدەستی نۆنس دی گۆزمان رزگار کرا. بەڵام ناوچەکەی من ناوی "ئاڤالۆس" بوو، چونکە بەدەستی ئالۆنسۆدی ئاڤالۆس ئازادکرا، واتە هەمان ئەو کەسەی کە کۆلیماو باشووری خالیسکۆی ئارام کردەوە. ناوچەی ئاڤالۆس بەشێك بوو لە نوائیسپانیا واتە شاری مەکسیکۆ. هەرچەندە لە گوادالاخاراوە نزیك بوو، کە مەرکەزی نواگالیسیا بوو، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی سیاسی یا ئایینی بەگوادالاخاراوە نەبوو. بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر چی دۆکیومینت بوو لەسەر خەڵکی

دەڤەری ئاڤالۆس ون بوو، چونکە تاو تاعوون بوونە هۆی مردنی خەڵکێکی زۆری ئەو دێهاتانە زۆریشیان بەدەستی داگیرکەران کوژران.

یەکێك لە باپیرەکانم لە دایکمەوە ناوی ئاریاس بوو.. لێرەدا مەسەلەیەکی سەیرم هاتە ڕێ. زۆربەی داگیرکەرە ئیسپانیەکان کەسانێکی سەرچڵ بوون، تاوانکار بوون، ئەو ڕاهیبانەی کە ڕاهیب نەبوون، ئەو قەشانەی کە قەشەنەبوون، کەسانێك بوون کە لەڕابوردوودا پیاوکوژ بوون. ناوی وەهایان لە خۆیان نابوو کە ئەسڵینەبوو. بۆ نموونە ڤیسکانیۆ. ناوی بنەماڵەی خزمێکی دایکم ڤیسکانیۆیە. بەڵام ڤیسکانیۆ ناوێکە لە ئیسپانیادا نییە. ناوچەیەك هەیە پێی دەڵێن ڤیسکایا. وەك دەبینین ناوی شوێنێکیان لەکەسێك ناوە. بەدەربڕینێکی دی ڤیسکانیۆکان کەسانێکی یاخی بوون. گۆڕینی ناو بەلای ئەو جۆرە کەسانەوە شتێکی ئاسایی بووە. ناوی بنەماڵەیان لە خۆیان کردۆتەوە و ناوی ناوچەکەیان بەخۆیانەوە نووساندووە. ئیدی لێرەوەیە کە شەجەرەنامەکە لێکدەترازێت." بەمپێیە دەبێ بڵێین خۆش بەحاڵی خێزانە "ڕەسەن" ە کانی ئەمڕۆی مەکسیك. خوان ڕۆڵفۆ دەڵێ ئەگەر شوێن ڕەچەڵەکی ئەوانە بکەوین سەرەنجام دەگەینە قەشەیەك یان پیاوکوژێك. "هەربۆیە ناوی ڕەسەن درۆیەو لەسەر بناغەی سامان دروست بوون.. دیاریکردنیڕووی ڕاستی مەسەلەکە لێرەوە دژوار دەبێ. لە ئاڤالۆس هەر زۆر ئەستەمە، چونکە شۆڕش دێیەکانی وێران کرد. هەرچی ئەرشیف بوو سووتا. تاقە بەڵگەنامە ئەوانەن کە لە ئەرشیفخانەی شاری مەکسیکۆدا هەڵگیراون. بەمجۆرە چوونە نێو قوڵایی مەسەلەکانەوە دژوارە. ئەمڕۆ دەکرێ گەلێ ڕاستی لە بانکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا پەیدا بکرێن. چونکە ئەو هێزە

نێردراوانە کە کالیفۆرنیایان داگیرکرد، لە ئاڤالۆسەوە دەستیان پێ کرد، هەر بۆیە بانکەکانی زانیاریی خۆیان پاراست. باشترین ئەرشیفخانەیان هەیە. چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە مێژووی کالیفۆرنیا، تەکساس، شاری مەکسیکۆو ئەریزۆنا." ڕۆلفۆ لە پشکنینەکانیدا تا ئەوێش چووە.

ئەوەی دەربارەی بنەماڵەکەیان دەیزانێ ئەوەیە کە باپیرەی دایکی وەکیل بووە و باپیرەی باوکی خاوەن زەوی وزار. باوك و دایکیشی خەڵکی ناحیەیەکی قەرەباڵغی باکووری شارێکن کە ناوی لۆس ئالتۆسە. "شوێنێکی قەرەباڵغە، زەوییەکەی بێ پیت بووەو خەڵکەکەی بەناچاری بەرەو باشوور کۆچیان کردووە. چەند لەو دایك و باوکانە گەیشتوونەتە باشوور؟ نازانم. ئەم مرۆ کوێستانیانەی کە لەباکوورەوە هاتوون بالاَ بەرزیشن. خەڵکی پێیان دەڵێن کەمەر بەرز، چونکە کەمەریان بەرزە. "ڕۆلفۆ خۆیشی ئەم خەسڵەتەی بەمیراتی بۆ ماوەتەوە. ڕەنگی چاوانی ڕوناکە، وەکو چاوی خەڵکی ئەو دەڤەرە. ئافرەتەکانیشیان بەزۆری قژیان زەردەو چاویان شینە. خەڵکەکەشی هەژارن و بەپێ خاوسی دەگەڕێن. "لەوێ هەرگیز موڵکی گەورە نەبووە، ماڵ و سامانێکی وا لە گۆڕێ نەبووە. لادێییەکان هەمیشە ڕووت و ڕەجاڵن. تەنها کاتێ پێڵاو لەپێ دەکەن کە دەیانەوێ بچن بۆ شار... داب و نەریتی ئەو دێهاتانە تا ئێستاش داب و نەریتی دایکسالارانەیە. لەوێ ئافرەت فەرمان ئەدات. لەڕاستیدا دەسەڵاتی دایکسالاری لەوەختی شۆڕشی کریستیرۆکانەوە هەیە. ئافرەتەکان ڕابەرایەتیی ئەو شۆڕشەیان کرد. شۆڕشی کریسترۆکان شەڕێکی ناوخۆ بوو کە لە شارەکانی وەکو کۆلیما، خالیسکۆو چەند شارێکی تردا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا ڕوویدا. بەپێی یەکێك لەمادەکانی یاساکانی ئەم

شۆڕشە قەدەغەکرا قەشەکان دەست لە سیاسەت وەربدەن و کڵێساکان بوون بەموڵکی دەوڵەت. پاشان بەپێی ژمارەی دانیشتوان بۆ دێیەکان قەشەیان نارد. هەڵبەت خەڵکەکە سەرپێچییان کرد. خەڵکی ئەم دێیانە زۆر دواکەوتوو و دەمارگیر بوون. بەمجۆرە ململانێ و کێشمەکێش پەیدا بوو. جەنگ کە لەشوێنە شاخاویەکاندا دەستی پێ کردبوو درێژەی کێشا. "هەڵبەتە زێدی ڕۆلفۆ خۆیشی گرتەوە. ڕۆلفۆ هەر لە ڕۆژانی سەرەتای شەڕدا باوکی لەدەست دا. دوای شەڕیش بەشەش ساڵ دایکی مرد. خوان ڕۆلفۆیان خستە قوتابخانەی ڕاهیبە فەڕەنسیەکانەوە. ڕۆلفۆ کەساڵانی منالی و ئەو قوتابخانەیەی بیردەکەوێتەوە کە وەك جێیەك بوو بۆ چاککردنی ڕەفتار، سەری دادەنەوێنێ و بەئارامی دەڵێت: ئەمڕۆش ئەو نەریتە هەر بەردەوامە. زۆربەی خەڵکی ئەو دێهاتە دوور دەستانەی کەدەیانەوێ منالەکانیان بخوێنن و هیچ شتێك و هیچ کەسێك شك نابەن، بۆ ئەو قوتابخانە شەوانە رۆژانانە دەیاننێرن." لەوانەیە ئەم دێڕە کە لەیەکێك لە چیرۆکەکانیدا هاتووە بەشێوەیەکی باشتر گوزارشت لەو تەنیاییەی ئەو ساڵانە بکات: "شتێکی دژوارە بەنیسبەت ئادەمیزادەوە کەوەختێ تازە خەریکە دەکەوێتە سەرپێ دەست لە شتێك گیربکات کە ڕەوگوڕیشەی وشکبۆتەوە." دواتر ڕۆلفۆ لەگەڵ ئامۆزایەکیدا کە یەکێك بوو لە ڤیسکانیۆکان چووە قوتابخانەی ئامادەییەوەو هەر لەوماوەیەدا مانگرتنی گشتی ڕاگەیەنراو سێساڵ لە خوێندن دواکەوتو ناچار بۆ درێژەدان بە خوێندن بەرەو شاری مەکسیکۆ چوو.

ڕۆلفۆ دەربارەی ئەو ساڵانەی ژیانی لەو شارە قەرەباڵغەدا، لەکاتێك ئەو دەمە لاوێکی هەژار و بێکەس بووە“

هیچ نادرکێنێت. بەڵام ئەو ماوەیە کاریگەریی خۆی لەسەر ڕۆڵفۆ هەبووە. لەو ماوەیەدا ژیانێکی سەراسیمەی هەبووەو ئیش و کاری سەیرو سەمەرەی کردووە. لە مەکسیکۆ ماوەیەك حقوقی خوێندو لەکاتەکانی پشوویشیدا دەچوو لەزانکۆدا کۆرسی ئەدەبی دەخوێند.

لەساڵی 1935 دا لە دائیرەی کۆچ بووبەکارمەندو دەساڵی تیا بەسەربرد. لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەمدا سەرگەرمی ڕاییکردنی کاروباری ئەو پەناهەندانەبوو کەزیاتر لە ئەڵمانیای نازییەوە دەچوونو لە ئۆردوگای عەسکەریدا چاودێرییان لێ دەکرا.

بەکۆتایی ساڵی 1947 ئەو کارەشی نەما. دواتر لەکاری نەخشەکێشانی بەربەستێکدا بەشداریی کرد. نەخشەی بەربەستێکی گەورەبوو کە دەبووایە لەسەر ڕووبارێك دروست بکرێ کە خانووی دێهاتەکانی ئەو ناوچەیەی ڕادەماڵی. پاش ماوەیەك ماتۆڕە کارەباییەکان کەوتنەکار، بەڵام دروستکردنی ئەو شارێیانەی کە لەنەخشەکەدا هاتبوون" بەهۆی کەمیی بووجەو خراپ بەکارهێنانی زەوییەکەوە هەرمایەوەو نەخشەکە سەری نەگرت.

خوان ڕۆڵفۆ ساڵی 1956 گەڕایەوە بۆ شاری مەکسیکۆ و خەریکی سیناریۆی سینەمایی بوو. ئومێدەوار بوو کارێکی گرنگ لەو بوارەدا بخولقێنێت. شانی ڕادەتەکێنێت و دەڵێت: "ئەنجامی ئەو کارەم ئەوەندە ئیجابی نەبوو." ساڵی 1959 لە تەلەفزیۆنی گوادالاخارادا دەستی بەکارکرد. لەوێ کۆمەڵێك وێنەی مێژوویی بۆ ئامادەکردنی ساڵنامەیەك کۆکردەوە، کە ئەمەش هەوڵێکی دیی بوو بۆ خڕ کردنەوەی کۆمەڵێك بەڵگەی ونبووی کۆن." مەسەلەکە ئەوەیە کە لەگوادالاخارا تاقە

مەڵبەنـدی چـالاکیی ڕۆشـنبیری بانکـە، بـانکی پیشەسـازیی خالیسکۆ، کە ساڵانە کتێبێکی مێژوویی بڵاو دەکاتەوەو بەدیاری ئەیدا بەخـەڵك. بـەم پێیـە بـیرم لەشـتێك کـردەوە: بڕیـارم دا هەموومێژووی خالیسکۆ کۆ بکەمەوە تا بەشێوەیەکی ڕێکو پێك لـە کتێبێکـدا بڵاوبکرێتـەوەو بـۆ ئەمـە ویسـتم تەلـەفزیۆنیش هاوکـاریم بکـات." لـەم بارەیەشـەوە کـە ئایـا پڕۆژەکـە سـەری نەگرت یان ڕۆڵفۆ دەسبەرداری بوو، هیچ ناڵێت.

خوان ڕۆڵفـۆ ئـەمڕۆ (ئـەم وتـارە سـاڵانێك بـەر لـە مـەرگی نوسـراوە و ڕۆڵفـۆ لەسـاڵی 1986 دا کۆچـی دوایـی دەکـات— وەرگێڕی کوردی—) لە "ڕێکخراوی سووریپێستەکان" کاردەکات، ئـەو ڕێکخـراوەی کـە کـاری پاراسـتن و نیشـتەجێکردنی ئـەو سووریپێسـتانەیە کـە لـەدواوەی کـاروانی پێشـکەوتنەوەن و لەشاری مەکسیکۆدا لە پەراوێزدا دەژین و ئاشووبگێڕەکان وەکو قاچاخچی بەکاریان دەهێنن. ئەم کارەش کارێکی ئاسان نییە و مایەی ماندوویێتی و نائومێدییە. ڕۆڵفۆ هەندێ جار بـۆ ڕۆژانێکـی زۆر لەسەریەك لەبیابانە تەمومژاوییەکانـدا سـەرقاڵی ئەنجامـدانی ئـــەرکێك دەبـــێ و لەوســـەرەوە بەشـــەکەتی و بەدووچـــاوی بەقووڵاچـووەوە دەگەڕێتـەوە. هـەر سـەفەرێك لـەو سـەفەرانە دەڵـێی گورزێکـە لـەو دەوەشـێنرێ. لـە ڕۆژانـی پشـوودانـدا لـە ژوورە پاکەکـەی خۆیـدا، لـە نهـۆمی سـێیەمی ڕێکخراوەکـەدا، بەســـەر مێزەکەیـــدا دەنوشـــتێتەوەو لەهـــەر جێیـــەکی ساختومانەکەدا کە دەست بۆ تەلەفۆن دەبرێ ئـەو هەڵیـدەگرێ، دەڵێی بەردەوام ئەویان دەوێت. هەمیشە چاو لەڕێیـە. دەشـێ هـــەر ســـاتێك هەڵســـێت و بـــڕوات. دیوارەکـــانی چـــواردەوری شووشـــەیین و هـــەروەختێ کرێکارەکـــان بەدرێـــژایی ســـاڵۆنەکە دەنگـە دەنـگ و هـەرا بەرپادەکـەن، ئـەو بەچـاوانی هەمیشـە

نیگەرانو بێدەنگ و بەجلێکی ڕەشەوە لەپشت مێزەکەیەوە دەشـوبهێتە قەشـەیەك —قەشـەیەکی پەرێشـان کـە پـاش ماندوویێتی ڕۆژێکی درێژ لەژووری دانپیانانەکەیدا دادەنیشێت.

عەسـری ڕۆژێکـی مـانگی حـوزەیران دوای ئـەوەی کـە هەفتەیەك لەماڵەوە لەشوێنی کارەکەیدا بەدوایەوە بوومو جارێك کاری پەلەی دۆزیوەتـەوەو جارێك خـۆی ون کـردووەو جـارێکی تـریش وادەی خـۆی بـەجێ نـەهێناوە، دواجـار ئـەوم لەسـالۆنی ئۆتێلەکە بینـی. بەشـڵەژاوی و بەڕوخسـاری پڕنهێنیـیەوە هاتـە ژوورێ. چـەند سـەعاتێك دواکـەوتووەو زۆر سەراسـیمە دێتـە پێشچاو. لە نهۆمی دووەمدا لەسەر قەنەفەیەك دادەنیشێ و چـاو دەبڕێتـە زەوییەکـە. ئامادەیـە یەکسـەر هەڵسـێت و بڕواتـە دەرەوە. خەریکی هەزار کـارە. جگـە لـەکارەکانی ڕێکخراوەکـە، خەریکی فیلمێکی ئەزموونگەریشە کە ناوەڕۆکەکـەی یـاخیبوونی کۆمەڵایەتیـیە. ڕۆڵفۆ بە ڕوونی نازانێت بۆ ڕووی کردۆتە ئەدەب، جگـە لـەوەی ڕۆژێکیـان چـاوی کردۆتـەوەو خـۆی لـەو بـوارەدا بینیوەتەوە. ڕەنگە تاقـە کەسـێك کـە بۆتەمایـەی ئـەو گوناهـەو پێویستە لەو بارەیەوە سەرزەنشتی بکـرێ، قەشـەی دێی سـان گابرێل بێت.

ئـەم مەسـەلەیە دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆژانـی جـەنگی کریسـترۆکان. ئـەو دەمـە ڕۆڵفـۆ لەگـەڵ نەنکیـدا لـە کێڵگەیـەکی خێزانیـدا دەژیـا. نـەنکی ئافرەتێـك بـووە کـە جگـە لـە کتێبـی دوعاکـانی خـۆی نـەیتوانیوە هیچـی تـر بخوێنێتـەوە. بـە بـڕوای ڕۆڵفۆ ئەو دوعایانەی لەبەر بووە. بەڵام کتێبخانەیەکی بچووك لـە خانووەکەدا بـوو کـەهی قەشـەی دێیـە کـە بـوو. لەبـەر ئـەوەی سەربازەکانی دەوڵەت خانووەکـەی قەشـە دەکـەن بـە بارەگـای

www.pertwk.com

خۆیـان" قەشـە كتێبخانەكـە دەبـات بـۆ مـاڵی نـەنكی ڕۆڵفـۆ و "بەمجۆرە هەموو ئەو كتێبانەم خوێندەوە.".

بـەڵام سـاڵانێكی دواتـر، واتـە نزیكـەی سـاڵی 1940 بـوو كەلەو تەنیاییەی كە لەو شارەگەورەیەدا تیادەژیا بۆ یەكـەمجار قەڵەمی خستە سەر كاغەز و ڕۆمانێكی گەورەی سـەبارەت ژیـان لەشاری مەكسیكۆدا نووسی. "بۆیە دەستم دایە نووسین چـونكە دەمویســـت لـــە تـــەنیایی ئـــەو ژانـــەی دەوری داوم بێمـــە دەرێ."پاشــان ڕۆڵفـۆ بەچـڕكردنەوەی ئامانجـەكانی و پشـت بەستن بـەیادەوەریی شەخسـی ڕێی خـۆی دۆزییـەوەو لەسـاڵی 1945 دا كورتـە چـیرۆكە بەناوبانگەكـەی "ئـەو زەوییـەی كـە پێیـان دایـن" ی نووسـیی‌و كۆمەڵـە كورتـە چـیرۆكەكانی خـۆی سـاڵانێك دواتـر بـەناوی "پێدەشـتی گڕگرتـوو یـان (پێدەشـتی ســـووتاو) " 1952 ەوە بڵاوكـــردەوە. لەســـاڵانی 1953 و 1954 یشدا دەستی بە نووسینی "پیدرۆپارامۆ" كرد.

ئـەو مـاوەكورت و پرشـنگدارەی كـە خـوان ڕۆڵفـۆ تێیـدا نوسـیی یەكێكـە لەشـتە سەرسـوڕهێنەكانی ئـەدەبی ئـەمریكای لاتـین. ئـەو ڕێی تـازەی نەكردۆتـەوە، بـەڵكو لەسـەر هـەمان ئەوڕێیـە ئاشـنایانە هـەنگاوی نـاوە، بـەڵام هـەنگاوی سـەنگین. ڕۆڵفۆ دەربارەی ئەو شتانە دەنووسێت كە دەیانزانێ و هەستیان پـێ دەكـات. لەكارەكانیـدا جـۆش و خـرۆش و ئـەڵهای سـادەی جووتیـــار دەبینینـــەوە وەختـــێ لەگـــەڵ كۆمـــەڵێك مەســـەلەی گەوهـــەریی وەكـو خۆشەویسـتی، مـەرگ، ئومێـد، برسـێتی و زەبروزەنگـــدا ڕووبـــەڕوو دەبێتـــەوە. ئـــەدەبیاتی دیارگـــەرایی بەهاتنی ئەم نووسەرە شـێوەی نامەنووسـی‌و سـوودوەرگرتن لـە فۆلكلۆر دەخاتە لاوە.

خـوان رۆڵفـۆ نووسـەرێکە شـەیدای شـیعری سـەرەتایی دەڤەرە بیابانیـەکان و شـادیـیە سـادەکانی کـاتی درەو و کـاری تاقەتپڕووکێنـە کـە هەمیشـە لەگـەڵ ئافـات و برسـێتیدا دەسـتەویەخەن. زمـانی رۆڵفـۆ هـەروەکو دونیاکـەی سـادەو چڕوپڕە. ئەو پەیامێکی دیـاریکراوی نـیـیە. بـەڵکو تـەنها وێنـەی بێنەوایی و هەژاری لەسـەر زەمینێکـی وێرانـدا دەکێشـێت. سـەر زەمێنێـك کـە زامـەکانی دەمیـان کردۆتـەوەو لـەژێر قرچەقرچـی هەتاودا دەسووتێن، سەرزەمینێك کـە چـارە نووسـێکی مـەرگبار مێرگ وکێڵگە سەوز و مەوجدارەکانی کردووە بەکۆمـەڵێك گـۆڕی زار داچەقیوو بۆنکردوو. خـوان رۆڵفـۆ نووسـەرێکە کـە بێـدەنگی بەرامبەر خیانـەت و نـادادی وەك بەشـێك لـە پەتایـەك کـە پـێی دەڵـێن ژیـان، دەبێتـە مایـەی ئـازار بـۆی. نـاوەرۆکی کارەکـانی غەمێکە کە لەشێوەی موڵکداریی ئادەمیانەدا خۆی دەخاتە ڕوو.

یـەکێك لـە کەسـێتیەکانی کۆمەڵـە چـیرۆکی "دەشـتی گڕگرتـوو" لـە ئاسمـانی خـاڵی و تەمومـژاوی و گڕگرتـووی دەوروپشـتی خـۆی دەڕوانـێ و دەڵێـت: "ئـەم هـەموو زەوی و زارەبـێ بەروبوومـە" ئـەم دێـڕە ئـاوازی سەرانسـەری کتێبەکـە پێکـدەهێنێ. سکێچـە ئینتیباعیـەکانی ئـەم کتێبـە" کۆمەڵـە نیگایەکی تێپەڕن بۆ ناو ڕۆحی وێرانی. ئـەم چیرۆکانە بـەکات و شـوێنەوە وابەسـتەنین، کەچـی لەگـەڵ ئەمەشـدا ڕۆحێـك لەگشـتیاندا لانـەی کـردوە. شـوێنی چـیرۆکەکە دەڤـەرێکی باشووری خالیسکۆیە کە لە ڕۆژانی شۆڕشدا گروپە چـەکدارەکان دەبنەمایەی وێرانکردنی. پاشان بە پـەرەوازە بـوونی خەڵکەکـە، کریسترۆکان دەستیان دایـە شـۆڕش و لـەو ماوەیـەدا "جـۆرێکی تـری نیشـتەجێکردن هاتـە ئـاراوە. سـوپا خـەڵکانی لـە خـانووە دێهاتیەکاندا کۆکردەوە. کاتێ کە شەڕیش زیاتر پـەرەی سـەند،

www.pertwk.com

خەڵکەکە لەلادێوە بەرەوشارە گەورەکان کۆچیان کرد. بەم پێیە زەوی وزارەکان پشتگوێ خران و لەشوێنی تردا بەدوای کاردا گەڕان،چەند ساڵێك تێپەڕی و ئیدی نەگەڕانەوە. "چاککردنی زەویو زارەکان هیچ ئەنجامێکی نەبوو، چونکە بەرێکوپێکی بەڕێوە نەچوو.

"زەوی وزارەکان لەبری ئەوەی بەسەر جووتیارەکاندا دابەش بکرێن، کەوتنە دەستی وردە کاسبکارەکانەوە. دارتاشەکان، بەنناکان، سەرتاشەکان و پێڵاودرووەکان بوونە خاوەن زەوی. ئەوانە تاقە کەسانێك بوون کە "کۆمەڵگا" یان پێکدەهێنا. بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەك "بیست و پێنج کەس بەس بوون و ئەوەندەش بەس بوو کە ئەم بیست و پێنج کەسە پێکەوە خڕبنەوەو بچن داوای زەوی و زاربکەن. دێهاتیەکان ئەمەیانە نەکرد. هەر بۆیە تائێستاش بستێك زەوی شك نابەن. جووتیار دەبووایە یەکسەر پشت بەمولْکدار ببەستێ. مەسەلەکان بە بەرژەوەندیی خاوەن زەوی و زارەکان شکایەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا هیچ گۆڕانێك بەرەوباشی ڕووی نەداوە." ئەمڕۆی جووتیارانی خالیسکۆ" هیچیان نەماوە تا گوزەرانی پێ بکەن. بەبێ هیچ دەرامەتێك دەژین. بەشوێن کاردا تا کەنار دەریاکان دەڕۆن یان سنووری وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەزێنن و بەکرێی ڕۆژانە کاردەکەن. لەوەرزی باراندا دەگەڕێنەوە بۆ خانووە کانیان تا زەویە بچکۆلەکان بکێڵن. بەڵام منداڵەکانیان هەر ئەوەندە باڵایان کرد، ئیدی لەوێ نامێننەوە. ئومێدێك بەو زەوییانەنییە. زەویگەلێکی بەیارن."

ڕۆلْفۆ شیوەن بۆ ئەو زەوییانەدەکات. کتێبی "دەشتی گڕگرتوو" لاوانەوەی دەڤەرێکە کە دوایین هەناسەی هەڵدەکێشێت. تابووتێکی حەتمی هەروەك هەورێکی تۆفانی و

قورس بەئاسمانیەوەیەو جگە لە خۆ بەدەستەوەدان چارێکی دیکەنییە. لەژێر بانێکی وەهابێ ڕۆحدا، ئازایەتیەکی دڕندانە لە شێوەی هەڵچوونی ناوبەناوی ئاوێتە بە توندو تیژی و بێ سۆزی و ڕێگری وکوشت و کوشتاردا خۆی پیشان ئەدات. ئەمە سەرزەمینی پیاوانێکە کە هەمیشە بەخەیاڵی مردووەکانەوە دەژین و هی ئافرەتانێکە کە بەتەنیا ماونەتەوە. سەرزەمینێك کە تیایدا "باری شانی مردووەکان لەهی زیندووەکان زۆر قورسترە." خەڵکەکەی دەڵێن: "گەر کارێك نییە بیکەین، باشە، بانەبێت." سەر دائەنەوێنن و چاوەڕێی ئارامیی مەرگ دەکەن.

ڕۆڵفۆ دەڵێت شۆڕش کۆتی لەسەر گەلێ شت شکاندکە لە هەندێ لەو دێهاتانەدا ببوونە نەریت و خوو. خەڵکی لەچەند دێیەکی خالیسکۆدا بەپیاو کوشتن دەژین. ئەمە بۆتە پیشەو ڕێیەك بۆ گوزەران. "لە نێو ئەم دێیانەدا شوێنێك هەیە پێی دەڵێن ئال چانتلە کە تایبەتە بە یاخییەکان. دەسەڵاتی دەوڵەت لەوێ بوونی نییە. تەنانەت سەربازانی دەوڵەت پڕکێشی ناکەن خۆیان پیشان بدەن. ئەو ناوچەیە شوێنی مەحکومە هەڵاتووەکانە. ئەم جۆرە کەسانە لە شوێنی تریش دەبینرێن. بەڕواڵەتیش ئەم خەڵکانە ئارامترین خەڵکی دونیا دێنە بەرچاو. کاریان بەکاری کەس نییە. نهێنی ئامێزن و کەس سەر لە کاریان دەرناکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەودیو ڕواڵەتی ئارامی هەریەکێك لەوانەوە" کەسێك خۆی حەشارداوە کە تاوانگەلێکی زۆری کردووە. بەم پێیە مرۆڤ نازانێ سەروکاری لەگەڵ کێدایە، لەگەڵ چەکدارێکدا کە لە خزمەتی فەرماندەیەکی ناوچەییدایە، یان لەگەڵ جووتیارێکی سادەدا." زۆربەی ئەوانەی کە بۆ دەسگیرکردنی ئەوانیش دانراون" خەڵکانێکی یاسا شکێنن.

چیرۆکی "ئەو شەوەی کە بەتەنیا مایەوە" چیرۆکی پیاوێکە کە لەدەست عەدالەت ڕایکردووە، کە شەو و ڕۆژ بکوژانی کەسانی خێزانەکەی هەروەکو سێبەر شێلگیرانە بەدوایەوەن. ئەم پیاوە شەوێکیان کە بۆ کۆلیتەکەی دەگەڕێتەوە بەرێکەوت لەمیانیدووکەڵی ئاگردانەکەیەوە چاوی بە جەستەی دوو مامی خۆی دەکەوێ کە بەدارێکا هەڵیانواسیون. سەربازەکان بەدەوری ئەم دوو جەستەیەدا ئەڵقەیان داوە. وەختێ ئەمیش دەیەوێ بەرەو دارستانەکە بڕوات و ڕابکات، گوێی لە دەنگی یەکێکیان دەبێ کە دەڵێت: "ئەگەر تاسبەی بەیانی نەیدۆزینەوە، کێ یەکەم کەس بگاتە ئێرە مێشکی دەپژێنین تا حسابمان پاك و پیس بێ."

لەم سەرزەمینی نەفرەتلێکراوانەدا کەس لەبەر گوناهی گێلێتیەکانی شایانی سەرزەنشتی نیيە" گەرچی وێڕای ئەمەش هەموویان تاوانکارن، چونکە گەرچی لە ئینسانیەت دایانبڕانوون، بەڵام هەردەبێ سزای خۆیان وەربگرن. دەشێ ئەو گوناهە ناوێکی دیاریکراویشی نەبێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەوە هیچ لە قورسایی باری گوناهەکە کەم ناکاتەوە. لە چیرۆکی "دەمەوسەحەر" دا جووتیارێك دەخرێتە بەندیخانەوە بەوتاوانەی لە دەمەقاڵێیەکدا گەورەکەی خۆی کوشتووە. هەرچەندە جووتیارەکە هیچ شتێکی لەم بارەیەوە لەیادنەماوە، بەڵام لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "مادامەکی لەزیندانندام، کەواتە دیارە هۆیەك لە ئارادایە."

چیرۆکی "گویّ له وەرِینی سەگەکان بگرە"* دەربارەی باوکێکە کە کوڕە بریندارەکەی خۆی کردۆتە کۆڵ و لە کاتێکدا باران بەسەریدا دەبارێ دەیبات بۆ شار تا لەوێ چارەسەر بکرێ. بەبڕوای ڕۆڵفۆ لە پەیوەندیی نێوان باوکان و ڕۆڵەکانیاندا هەمیشە ناتەبایی و تاوانبارکردنی یەکتر لە ئارادایە. ئەمانە تەنانەت لەکۆمەك کردندا بەیەکتریش هەر دوچاری نشوستی دەبن. ئەوەی وەچەیەك بۆ وەچەیەکی تری دەگوێزێتەوە جگە لە لاوازیی پیران هیچی دی نییە. لاوان بێ دیفاعانە فڕێ ئەدرێنە نێو جیهانەوە تا عەزابی درێژخایەنی ژیان بدەن بەکۆڵیاندا. وەنەبێ ژنان ومێردانیش پەیوەندییان خۆشتر بێ. "گوزەرگای باکوور" چیرۆکی پیاوێکە کە خێزانەکەی خۆی جێ دێڵێت و وەکو کۆچەرێکی مەکسیکی لە سنووری ولاتەیەکگرتووەکان تێدەپەڕێت. لەوێ تەقەی لێ دەکەن و ئەمیش بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ دێکەی خۆیان، بەلام تەماشادەکات ژنەکەی وازی لێ هێناوە. وەختێ منالەکانی جێ دێڵێت و بەدوای ژنە ونبووەکەیدا ئەڕوات، دەلێی لە نێوچەوانی نووسراوە کەدەبێ وەکو ڕۆحێکی عەزابدیدە بێتە ئاوارەی هەموو جێیەك.

کورتە چیرۆکی "لۆڤینا" تەواوی خەسلەتەکانی کۆمەلە چیرۆکی "دەشتی گڕگرتوو"ی لە خۆگرتووە. لۆڤینا دێیەکە لەسەر تەپۆلکەیەکی قسلین بیناکراوە. "شوێنێکە لەسەرە

* ئەم چیرۆکە بەناوی "سەگێك ناوەڕێت" لەگەڵ دوو چیرۆکی تری "خوان ڕۆڵفۆ" دا کراون بەکوردی و لەم کتێبەدا بلاوبوونەتەوە: (خەونێك لەولاتی پیاوە بچکۆلەکاندا – کورتە چیرۆکی جیهانی– وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی – چاپی یەکەم 1998– سلێمانی)

www.pertwk.com

مەرگدایــە، تەنانــەت سەگەکانیشــی مــردوون." ئەمــە شــاری تارماییەکانــە کــە ئەوەنــدەی نــەماوە بەتــەواوەتی نوغرۆبێــت. چیرۆکبێژەکە بەو موسافیرە دەڵێ کە نیازی وایە تیا بمێنێتەوە: "خەم هێلانەی تیا کردووە. زەردەخەنەش تیایدا هیچ مانایـەکی نییـە. هــەر دەڵــێی ڕوخســاری ئادەمیزادەکـان بەسـتوویانە." ئەمڕۆ دانیشتووانی ئـەو دێیـە بـریتین لـە "پیرەکـان و ئافرەتـە تــەنیاکان" ئــەو کەســانەی لــەم دێیــەدا ماونەتــەوە نــاتوانن لـەمردووەکانیان جـودا ببنـەوە. لەبـەر ئـەوەی "لـەوێ دەژیـن، ناتوانین جێیان بهێڵین." ئەمانە تەمەنی خۆیان، ئـەو ڕۆژگـارەی پێی مەحکومن بەسەر دەبـەن و لـەو بڕوایـەدان "تـا هـەر کاتـێ بیەوێ درێژە دەکێشێت."

ئـەم چـیرۆکە کـەم تـا زۆر هـەمان دیمـەنی دانیشـتوانی "کۆمالا" مان بیردەهێنێتەوە لـەڕۆمانی "پیـدرۆپارامۆ" دا، ئـەو شــوێنەی کــە زینــدووەکان گــەر شــتێکیان مابێتــەوە" ئــەوا لەگەڵمردووەکانـدا جیاوازییـان نییـە. کۆمـالا ناوچـەیەکی بـێ پیتە، هیچ نییە جگـە لـە چـاڵێك کـە کەوتۆتـە نێـو پانتاییـەکی دەشــتاوییەوە، بــەلای ئەوانــەوە کــە کەوتوونەتــە داوی ئــەم ناوچەیەوە چـاڵێکی گڕگرتـووە. لـەنێو کۆمـەڵێك تەپۆڵکـەدا کـە کەوتۆتــە ســەر "پشــکۆ گڕگرتووەکــانی زەوی و لەبــەردەم دۆزەخدایە"، ئەو شوێنەی کە تەنها سێبەری ژیانی تیایە.

خـوان پریسـیادۆ کـە پـاش سـاڵانێکی زۆر لەگـەڕان بـەدوا منـداڵێتیی ونبوویـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمـالا، هـاتووە تـا ئـەو بەڵێنەبباتـە سـەر کـە لـە پێخـەفی مەرگـدا بـەدایکیدا. هـاتووە تابیرەوەرییەکانی دایکی کۆبکاتـەوەو دەشـێ بـۆ شـیکردنەوەی دەروونیی ڕابوردووی خۆیشی بەرەو کۆمالا هاتبێت.

بەهەرحاڵ ئێمە ڕووبەڕووی شێوەیەکی تری ئەو ئەفسانە مەکسیکیە دەبینەوە کە دەڵێت منالّی ناشەرعی تا ئەبەد لەگەڕاندایە بەدوای باوکی نەناسی خۆیدا. خوان پریسیادۆ دێیەکی چۆڵ ئەدۆزێتەوە —کە نزیك خالیسکۆیە و لەواقیعیشدا بوونی هەیە— لەدەنگ و دەنگدانەوە پێکهاتووە. جادەیەکی گڵ بەرەودێ یەکە دەڕوات. لەڕێی قسەکانی پیاوێکی ولاّخدارەوە —کەناوی ئابۆندیۆیە و کوڕی ناشەرعی پیدرۆپارامۆیەو بەمجۆرە زڕبرای خوان پریسیادۆیە — بۆی دەردەکەوێت کە پیدرۆپارامۆ مردووە. ئەوەندە نابات کە بۆی ڕوون دەبێتەوە کەهەموو —تەنانەت خۆیشی— مردوون. مانگ مانگی ئابەو هەوا بێحەد گەرمو تاقەت پڕوکێنە. تەواوی دیدارەکانی لەگەڵ تارمایی و خەیالاّتدایە. ڕۆڵفۆ دەڵێ، ئەم دێیانە وەك کۆمەڵێك گۆڕن پێشکەش بەمەرگ کرابن. لێرەدا ڕێزلێنانی مەسیحیەکان لە مردووەکان لەگەڵ پەرستنی باوباپیران لە ڕێبازی کافراندا تێکەڵ دەبن. دەڵێن ڕۆژانێك هەن لەساڵدا مردووەکان دەگەڕێنەوە لای زیندووەکان. "هەندێ بڕوایان وایە کە ئەو کەسانەی بە گوناهباری دەمرن مەحکومن بەوەی کە بۆ هەتا هەتایە دەبێ لەسەر زەوی سەرگەردان بن." ئەمانە کۆمەڵێك ڕۆحی عەزابدیدەن کە چنگیان لە ئارامی گیرنابێت.

پاش ماوەیەك خوان پریسیادۆ بۆی دەردەکەوێت کە سەری "پڕە لەدەنگ و دەنگدانەوە." لەڕاستیدا ئەو لە دونیایەکی ترەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. لەنیوەی ڕۆمانەکەدا مەرگی ئەو —یان ئاگادار بوون لەو ڕاستیەی کە ئەویش مردووە— ئاشکرا دەبێ. ڕۆژێکیان ئەو لەپاڵ لاشەیەکی ساردو ئەشکەنجەدراودا لەسەر شەقامێك دەدۆزنەوە. دەڵێی لەترسانا مردووە. دەنگێك دەڵێت: "پیاوکوژەکان کوشتیان." ئەو لەنێو

گۆڕەکەی خۆیەوە، لە قووڵایی زەوی‌یەوە، گوێ بۆ جووڵەی بێ ئارامی مردووەکان شل دەکات و تۆزەتۆزە چیرۆکی پیدرۆپارامۆ پێکدێت.

کاتی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە، سەروەختی شۆڕشە بەدوایەکدا هاتووەکانی مەکسیك. پەیدا بوونو کەوتنی پیدرۆپارامۆ بەشێوەیەکی ورد پشت بە کۆمەڵێك هۆکاری مێژوویی دەبەستێت. ڕۆلفۆ دەڵێت شوێنی چیرۆکەکە لەنەخشەی گشتیی ڕووداوەکاندا، ناوچەی "خالیسکۆ" یە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەمزێکە بۆ تەواوی وڵاتی مەکسیك. ڕۆلفۆ زۆر بەڕاستیەکانەوە خۆی نەبەستۆتەوە، بەڵکو لە دیدی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەو ڕاستییانە. "من هەموو مەکسیك گەڕاوم و دەرەبەگی گەورەم لەناوچەی گیریرۆ و شوێنی تری وڵاتدا بینیوەو، کە هاتووم و پیدرۆپارامۆم خستۆتە شوێنێکی وەکو خالیسکۆوە لەبەر ئەوە بووە کە زیاتر شارەزای ئەو ناوچەیەم. بەدبەختانە کە من حەزدەکەم کەسە خەیاڵیەکانی خۆم لە شوێنی جوگرافیایی دیاریکراودا دابنێم."

وێنەی پیدرۆپارامۆی موڵکدار دوورنی‌یە لەو موڵکدارەوەی کە لەباکووری مەکسیکدا، واتە ئەو شوێنەی شۆڕش تیایدا دەستی پێکرد، لەو پەڕی خۆشگوزەرانی و سەڵتەنەتدا دەژیا ئەو موڵکدارەی کە لەڕێی دارایی و موڵکە زۆرەکانیەوە خۆی لە پایتەخت دەژیاو منداڵەکانیشی بۆ خوێندن دەناردە ئەورووپا و زەوی و زارەکانیشی دەخستە کارەوە، بەبێ ئەوەی خۆی چاویشی پێیان بکەوێت. پیدرۆپارامۆ نموونەی موڵکدارێکی مام ناوەندی‌یە کە لە خالیسکۆدا دەژییا، لە دەرامەتی زەوییەکانی گوزەرانی دەکردو ئەم ڕاستەوخۆ خۆی چاودێریی دەکردنو هەندێ جار شان بەشانی کرێگرتەکانی کاریشی دەکرد. لەگەڵ

ئەمانەشدا لەرووی دەسەڵات و درندەییەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو جۆرە موڵکدارەی پێشوودا نەبوو.

لەرێی یادەوەریی کۆوە ڕوخساری وردی پیدرۆپارامۆ دەکێشرێ. ئەو لەرابوردوویەکی دوورەوە زەوییەکی بەناوی (میدیالۆنا– کەبەمانای نیوەی مانگ دێ) وە بەمیراتی لە باوکیەوە (واتە دۆن لۆکاس) بۆ ماوەتەوە. دۆن لۆکاس خۆی بەدەستی جووتیارێك کوژراوە و کوڕەکەی خۆی بەدڵێکی پڕ لە ڕق و کینەوە بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە جێ دێڵێت. هەمان ئەو خەڵکە وردەوردە فێردەبن لەو بترسن. پیدرۆپارامۆ کە لاوێکی بێباك و شادە بە پشتی پلەوپایەکەی و لە ڕێی رقەوە جڵەوی کاروبارەکان دەگرێتە دەست. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ڕەهاشی هەیە، خاوەن زەوی و زارەکان دەکرێت، ڕاوە دوویان دەنێت و لە گۆڕەپانەکە دەریان دەکات، دەست دەکات بەساختەکردنی بەڵگەنامەکان، سنورەکان دەگۆڕێت و هەرکاتێ پێویست بکات زەبروزەنگ بەکار دەهێنێت. دۆن لۆکاس قەرزێکی زۆری بۆ جێ هێشتووە کە ئەم نیازی نییە هیچیان بداتەوە. وەکیلێکیشی هەیە (واتە فۆلگۆرسیدانۆ) کە کارەکانی بۆ بەرێوە دەبات. یەکێك لەخاوەن قەرزەکان چەند خوشکێکی بنەماڵەیەکن بەناوی پریسیادۆوە. پیدرۆپارامۆ بریار ئەدات خوشکێکیان کەناوی "دۆلۆریس"ە (دایکی خوان پریسیادۆشە کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە –و.کوردی–) بهێنێت. فۆلگۆر سیدانۆی وەکیلی هانی دۆلۆریس ئەدات کە شووی پێ بکات هەرچەند "مانگ لە بورجی دووپشکدایە". بەڵام پیدرۆپارامۆ توانای چاوەڕوانیی نییە. ئەوکە هیچ حیسابێك بۆ هەست و سۆزی خەڵکی ناکات، گوێ بەهیچ نادات. ئەمانە هەمووی خوان پریسیادۆ" کوڕەکەی دۆلۆریس، لەرێی ئافرەتێکەوە دەیبیستێت کە لە

بوونەوەرەکانی ناوخەون دەچێت و نـاوی ئـەدۆڤیخیس دیادایـەو هاوڕێی گیانی بەگیانیی جارانی دایکی بووە. هـەر ئەویشـە لـە بێـدەنگیی گۆڕەکەیـدا کەباسـی ئـەوە دەکـات چـۆن لەشـەوی یەکەمـدا ئـەم لـەجیاتی دۆلـۆریس دەچـێت لەگـەڵ پیـدرۆپارامۆ دەخەوێت. دواتر دۆلۆریس کەهەست بـە دڵبرینـداری دەکـات بـۆ هەمیشە کۆمالا جێ دەهێڵێت.

دەڤــەری میــدیا لۆنــا بــەنازو نیعمــەت دەگــات، بــەڵام شـڵەژانیش بەخۆیـەوە دەبینێـت. ڕۆژێـك چـەکهەڵگرانی شـۆڕش دەگەنـە ئـەوێ. واتـە واتێـك بڵاودەبێتـەوە گوایـە پانچـۆڤیا لـەو دەوروبەرەیــە. پاشــان کریســترۆکان پەیــدا دەبــن. بــەڵام پیدرۆپارامۆ هەموو جارێ لەگەڵیاندا سـازش دەکـات و بـەمجۆرە سـەرکەوتن بەچـنگ دێنـێ. پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکـات و بەمەگیانی خۆی رزگـار دەکـات و بـەمجۆرە سـەرکەوتن بەچـنگ دێنــێ. یاخیــەکان دەعــوەت دەکــات و وادەی پــارەو چــەك و تفاقیـان ئـەداتێ. پاشـان کەسـێك کـەناوی داماسـیۆیەو جـێی متمانـەی خۆیـەتی، دەینێرێتـە ناویـان تـا هـەم لەگەڵیانـدا شـەڕ بکـات و هـەم بیانخاتـە ژێـر چـاودێریی خۆیشـیەوە. ئـەم پلانـە بووجەی ناوێت" چونکە ڕێیان پـێ دراوە کێلگـەکانی هاوسـێکان تاڵان بکەن. بەمجۆرە تەنانەت لە وێرانیشـدا کارەکـان بەحـەز و ویسـتی ئاغـای میـدیالۆنا (پیـدرۆپارامۆ–و.کـوردی–) کۆتاییـان دێ.

بــەڵام زۆریــش ناخایــەنێ کــە بەمــەرگی "میگیــل"ی جگەرگۆشــەی یەکــەمین گــورزی تــێ ئەســرەوێ، ئــەو کــوڕە شــەڕەنگێزەی کــە هــەر لەحەڤــدە ســاڵیەوە دەســت ئەداتــە پیاوکوژی و بەحوکمی دەسەڵاتی باوکی لەزیندان ئازاد دەکرێ. میگیل دەمەوسەحەری شـەوێك لەشـەوانی سـەرەڕۆیی، وەختـێ

بەرەوماڵەوە دەچێتەوە، لەسەر ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێت. ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ کۆتایی پیدرۆپارامۆ. ئەو خۆشی هەست بەوە دەکات: "ئەمە باجی خۆمەو ئەبێ بیدەمەوە."

سەرەنجام ئەوەی کە پیدرۆپارامۆ دەفەوتێنێ، هەر ئەوشتەیە کەبە بڕوای خوان ڕۆڵفۆ هەمووان دەفەوتێنێ، ئەویش" خەیاڵە، خەیاڵێك کەلە عیشقێکی ئەستەمدا بۆ سوزانا سان خوان بەرجەستە دەبێ. سوزانا هاوڕێی منداڵی پیدرۆپارامۆ بووە کە لە ئاوی ڕووبارەکانی ئاوایی دا بەڕووتی لەگەڵیا مەلەی کردووە و لەوەرزی بادا پێکەوە کۆلارەیان بۆ ئاسمان هەڵداوە. سوزانا "ئەو ئافرەتەی کەسەر بەم دونیایە نییە." ئافرەتێکی سەیرو دڵڕفێن وخەوناوییە، هەمیشە لە لێواری شێتیدایەو دووچاری کابووس و خەیالاتە. ئەم وێنە تەمومژاوییەیە کە بۆ هەتا هەتایە دەسبەرداری بیرو خەیاڵی پیدرۆپارامۆ نابێت. سوزانا هەر بەمناڵی دایکی دەمرێ و بەدەست باوکیەوە (بارتلومە سان خوانی مەعدەنچی کەکابرایەکی خۆشخەیاڵەو بەردەوام لەگەڕاندایە بەدوا گەنجی شاراوەدا) ئازار دەچێژێت. جارێکیان بارتولومەی باوکی وەختێ ئەم منداڵ دەبێ بەگوریسێکەوە دەیبەستێتەوەو بۆ چاڵێکی قوڵی ژێر خانووەکەی خۆیان شۆڕی دەکاتەوە تا شتێکی بۆ دەربهێنێ کە بەخەیاڵی خۆی پارچە ئاڵتوونە، بەلام سوزانا جگە لەچەند ئێسقانێك و کەللە سەرێك هیچی دی نادۆزێتەوە. سوزانا لە لاوێتیدا عاشقی کوڕە لاوێك دەبێ کەناوی (فلۆرنسیۆ) یەو خۆشەویستیی نێوانیان خەون و خەیاڵی داگیردەکات. بەلام فلۆرنسیۆ بەفەرمانی پیدرۆپارامۆ دەکوژرێ. بارتولەمە سان خوان کچەکەی بۆ شارێکی تر دەبات تا ئەو رابوردووەی لەبیر

بچـێتەوە. بـەڵام سـەرەنجام دوای سی‌ساڵ دەگەڕێتـەوە و تەسـلیمی پیـدرۆپارامۆ دەبـێ. سـوزانا دەبـێ بـە هاوسـەری پیدرۆپارامۆ" گەرچی هیچ پەیوەندییەك لەنێوانیاندا نابێـت. ئـەو دەردو ئازارە شەوانەیەی لە پێخەفی نەخۆشـی‌دا تاوتـاوە شـاڵاو بۆ سوزانا دێنێ" پیدرۆپارامۆ شپرزە و بێحاڵ دەکات و وەختـێ سوزانا پـاش بەرگـەگرتنی ئەشـکەنجەدانی قەشـەش بـۆی، دڵـی لەلێـدان دەکـەوێت" پیـدرۆپارامۆ لـە پەرێشـانیدا فـەرمان ئـەدا زەنگـەکانی کلێسـا سـێ شـەو وسـێ ڕۆژلێ بـدرێن. خـەڵکیش وادەزانن ئەوە زەنگی جەژنـە لێـدەدرێ. بـەڵام ئاغـای "نیـوەی مانگ" چیدی کـاری بـەو دەڤـەرە نـەماوە. ڕۆژانـە دادەنیشـێ و چاو دەبڕێتـە ئـەو جادەیـەی کـە تـەرمی سـوزانایان لێـوە بـردو ناشتیان. بەشەکەتیەوە چاو لەڕێی مەرگەو کاتێ ئابۆندیۆ دوای مردنی هاوسەرەکەی بەرەو ئەوناوە خل دەبێتـەوە ئەیداتـە بـەر چەقۆ، پیدرۆ وەکو هاوڕێیەکی دێرین مەرگ لە ئامێز دەگرێ.

کەسـێتی‌یە لاوەکیـەکانی ڕۆمانەکـەش هەریەکـەو درەوشـانەوەی خۆیـان هەیـە. (بابـا ڕێنتێریـا) قەشـەی دێ، کـە خـۆی لەهـەموو ئەوانـەی کـە دووعایـان بـۆ دەکـات، زیـاتر پێویستی‌ی بەدووعا هەیـە. (ئـەدۆڤیخیس) ئـافرەتێکی هەمیشـە ترساو بەکۆمەڵێك بیرەوەریی تۆز لێ نیشتووەوە. ئـەو خوشـك و برایـەی کـە پەیوەندییـەکی نائاسـایی لەنێوانیانـدا هەیـەو خـوان پریسـیادۆ شـەوێك لەماڵیانـدا دەمێنێتـەوە. (دۆرۆتیـا) کـە نەخۆشییەکی دەروونیی هەیە، بەڵام ڕوون نی‌یـە ئایـا بەخـەیاڵی وادەزانـێ سـکی پڕبـووە یـان منـاڵی فـڕێ داوە، ئـەوەی ڕوونـە ئەوەیـە کەبـەهۆی مەحەببەتێکـەوە کـە ئەیـدا بـەمیگیل پـارامۆ نەفرەتی لێ دەکرێ.

پیدرۆپارامۆ هەرچەندە پلۆتێکی وەهای هەیە، بەلاَم لە سنووری بەدوایەکداهاتنی نازنجیرەیی ڕووداوەکان تێدەپەڕێت. پیدرۆپارامۆ وێنەیەکە لە ئاوێنەیەکی شکاودا، وێنەیەك کە وردەوردە بەسەر ڕووی ئاوە قووڕاوییەکانەوە نەخش دەبێ. ڕازێك لێرەو، ئاماژەیەك لەوێ لەژێر ئەو ئاوانەی دەردەهێنێ. کۆمەلێك دەنگی ناڕوونو پەنهان دەوریان تەنیوە، ڕۆلفۆ کەخۆی بەڕوونی نازانێت چۆن پەنای بردۆتە بەر ئەم تەکنیکە دەلێت: "من پیدرۆپارامۆم هێنایە بەرچاوی خۆم، تەنانەت بینیشم. پاشان بیرم لەوە کردەوە چۆن ئەم ئادەمیزادە پەروەردە بکەم و لێرەدا بوو کە بەشێوەیەکی مەنتیقی بیرم لەشاری تارمایییەکان کردەوە، واتە بیرم کردەوە کەمردووەکان لەدەرەوەی کات و شوێنن و هەلبژاردنیان ئەو ئازادییەم ئەداتێ کە هەرچییەکم بوێ لەگەلیاندا بیکەم، دەتوانم بیانهێنمە بەرچاوان و پاشانیش لەچاو تروکانێکدا ونیان بکەمەوە. "خوان ڕۆلفۆ لەم ڕۆمانە دژوارو سەیرو سەمەرەیەیدا، چیرۆکمان بۆ ناگێڕێتەوە کەتیایدا لەڕێی ڕازونیازو، واتەواتو گفتوگۆوە ژیانی ستەمکارێکمان پیشان ئەدا، کە کوڕەکەی (واتە خوان پریسیادۆ) لەسەفەرێکی سەرسوڕهێندا بۆ دیاری سەردەمی منالیی دەیانبیستێ، بەلکو پوختەی ئەو ئەزموونەیمان پیشان ئەدا کە لەجیهانی دەوروبەری خۆیدا، لەجیهانی سێبەرە بێ جەستەکانەوە بەدەستی هاتووە.

و. لەفارسیەوە: ئازاد بەرزنجی

# گفتوگۆیەك لەگەڵ خوان ڕۆڵفۆدا

پ: خوان ڕۆڵفۆ، وەك سەرەتا دەتوانیت شتێكی كورتمان لەسەر ئەزموونی نووسینی خۆت پێبڵێت؟

**ڕۆڵفۆ: كەمێ بۆ من زەحمەتە بە وردی ئەوە ڕوونبكەمەوە كە سەرەتای ئەو ئەزموونە لەكەیەوە دەستیپێكرد. بەمانای**

# پیدرۆ پارامۆ

www.pertwk.com

هاتم بۆ کۆمالا، چونکه پێیان وتم که باوکم، پیدرۆپارامۆ، لێره دەژیا. دایکم ئەمەی وتو منیش پەیمانم دایێ هەر کە لە دنیادەرچوو بۆ دیدەنیی بچم. دەستیم گوشی تاکو دڵنیابێ کە ئەوکاره دەکەم. لە بەر ئەوەی لەسەرەمەرگدا بوو، ئامادەبووم هەموو پەیمانێکی بدەمێ. پێی وتم: "هەردەبێ بچیت بۆلای، دەزانم بە بینینت خۆشحاڵ دەبێ". لەبەر ئەوە تەنها کارێك لەو ساتەدا لەدەستم دەهات ئەوە بوو کە زوو زوو بۆم دووباره دەکردەوە دەچم و دەیبینم. تائەو ساتەی کە ناچاربووم دەستم لەنێو پەنجە ڕەق هەڵاتوەکانیدا بێنمه دەرێ.

لەوەو پێش پێی وتبووم:"داوای ئەو شتانەی لێ مەکە کە هی ئێمە نین، تەنها داوای ئەو شتانەی لێ بکە کە دەبوو بیاندا بەمن و نەیدان. کارێك بکە شەرم بیگرێ لەوەی ئێمەی بەجێ هێشتووه".

"بەچاوان، دایە".

مەبەستم نەبوو گفتەکەم بەرمەسەر، بەڵام لەپاشاندا قسەکانی هێنەدەیان سەرگەرم کردم، بیرم لە هیچی دی نەدەکردەوە.. تەنانەت خەوم پێوە دەبینی و کارگەیشتە ئەوەی

بیرکردنەوە لە پیدرۆ پارامۆ خەوو خۆراکی لێ حەرام کردم. هەر لەبەر ئەمەش بوو هاتم بۆ کۆمالا.

دونیا زۆر گەرم بوو، گڕەی مانگی گەلاوێژ بەبۆنی گیای "ساپۆناریا" ژەهراوی دەبوو. شەقامەکەش هەوراز و لێژیی زۆر بوو. ***(دەڵێن هەوراز و لێژیی ڕێگا پەیوەندیی بە هاتن، یان چوونەوە هەیە، ئەگەر مرۆڤ مەبەستی ڕۆیشتن بێ ئەوا ڕێگا هەورازە و ئەگەر مەبەستیشی گەڕانەوە بێ ئەوا لێژە.)***

"ئەودێیەی خوارەوە ناوی چیە؟"

"کۆمالا، قوربان".

"بەڕاست ئەوە کۆمالایە؟"

"بەڵێ قوربان."

"ئەی باشە بۆ دەڵێی خۆڵی مردووی بەسەراکراوە؟"

"زەمانە، قوربان"

چاوەڕێم دەکرد ئەوێ بەو شێوەیە ببینم کەلە یادەوەریی دایکمدا بوو. هەمیشە بۆ بینینی کۆمالا ئاخی هەڵدەکێشا، هەوای ئەوێ لە دڵی دابوو، حەزی بە گەڕانەوە دەکرد، بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە.. ئێستا من لەبری ئەو دەگەڕامەوە. چاوەکانی ئەوم پێیە کە ئەم شتانەی پێ بینیون، چونکە ئەو چاوەکانی خۆی پێ بەخشیم تا پێیان ببینم. قسەکانیم هاتنەوە بیر: ***کاتێک دەگەیتە (لۆس کۆلیمتۆس) دیمەنێکی جوانت دێتە بەر چاو، دەشتێکی سەوز دیارە، ئەگەر پەڵە گەنمەشامیەکان زەرد بووبن، ئەوا ئەوێش زەرد دەچێتەوە.. کۆمالا لەوێوە دیارە، هەموو خانووەکانی سپی دەچنەوە و شەوانەش چراکان داگیرساون)*** دەنگی کز و ئارام بوو.

وەك ئەوەی لەبەر خۆیەوە بدوێ. گوێم لێ بوو پرسی: "کارت چییە لە کۆمالا؟"

"دەمەوێ چاوم بە باوکم بکەوێ"

وتی: "ئۆو" دیسانەوە بێدەنگ بووینەوە.

لەگردەکە دەچووینە خوارێ و گوێمان لە پرمەی ولاخەکان بوو.. گەرمای مانگی گەلاوێژ تەواو شەکەت و خەوالّووی کردبووین. چاوەکانمان تەواو چکۆڵە بوبوونەوە.

وتی: "جەژنێکی قەشەنگت بۆ دەگێڕێ. کە چاوی بە ڕێبوارێك دەکەوێ زۆری پێخۆشە، ساڵانێکی زۆرە ئەم ناوە کەسی پێدا تێنەپەڕیوە".

پاشان وتی: "چونکە تۆشیت دەچیت، ئەوە بە بینینت زۆر شاد دەبێت".

لەبەر گەرما، پێدەشتەکە دەتوت دەریاچەیەکی ڕوونی مەوجدارە، ئەولای دەشتەکە ڕیزە کێوێك بوو، لەدوای کێوەکانیشەوە تا چاو بڕکات ئاسمان بوو.

"باوکت پیاوێکی چۆنە؟"

وتم: "نازانم، هەر ئەوەندە دەزانم پیاوێکە ناوی پیدرۆپارامۆیە".

"ئۆو".

بەجۆرێك وتی "ئۆو" وەکو ئاخ هەڵکێشێ، پێم وت:

"پێیان وتوم کە ناوی پیدرۆپارامۆیە".

گوێم لێ بوو دووبارە وتی: "ئۆو"...

لە سێڕیانی لۆس ئینکوین ترۆس، چاومان بە یەکتری کەوت. لەوێ چاوەڕێم کرد تا ئەم کابرایە بەخۆی و ولاخەکانیەوە گەیشت.

لێم پرسی: "بۆکوێ دەچیت؟"

دەستی درێژکردو وتی: "بەولایەدا، قوربان".

www.pertwk.com

"دەزانی کۆمالا کەوتۆتە کوێوە؟"

"من خۆم دەچم بۆ ئەوێ."

لەبەر ئەوە شوێنی کەوتم.. کەمێك دوور لەدوایەوە دەڕۆیشتم، تاکو هەستی کرد بەدوایەوەم و هەنگاوەکانی خاوکردەوە. ئەو کات پێکەوە و شان بەشانی یەك کەوتینەڕێ.

وتی: "پیدرۆپارامۆ، باوکی منیشە".

پۆلێك قەلەڕەش بە ئاسمانی چۆڵدا دەفڕین و دەیانقیڕاند: قیڕ، قیڕ، قیڕ.

دوای ئەوەی لەگردەکە تێپەڕین، دیسانەوە جادەکە سەرەوژێر بۆوە. هەوای گەرمی ئەو بەرزاییەمان جێ هێشت و پێمان نایە گەرمای سووتێنەرەوە، کە تەنانەت کزە بایەکیش نەدەهات. هەمووشتەکان وایان نیشان دەدا کە ئەم ناوچەیە چاوەڕوانی شتێکە.

وتم "ئێرە زۆر گەرمە".

"ئەمە هیچ نییە. پەلەمەکە، با بگەیتە کۆمالا لەگەرمانا وردەبیت. لە دنیادا شوێنێکی تری وەها گەرم نییە، ئەو دێیە لەسەر پشکۆ بیناکراوەو کەوتۆتە ناوجەرگەی جەهەننەمەوە. دەڵێن کاتێ یەکێك لە کۆمالا دەمرێ و دەچێتە دۆزەخ، دەگەڕێتەوەو پەتۆیەك لەگەڵ خۆیدا دەبا

"لێم پرسی: "پیدرۆ پارامۆ دەناسیت؟"

لێرەوە پڕکێشیم کرد چەند شتێکی لێ بپرسم، واتە کە هەستم کرد دەتوانم متمانەی پێ بکەم.

لێم پرسی: "پیاوێکی چۆنە؟"

"ڕق و کینەیە، سەراپا ڕق وکینەیە."

قامچییەکی بۆ ولاخەکان داهێنایەوە، هەرچەندە پێویستیشی نەدەکرد، چونکە ئەوان لە پێشمانەوە وەك ئێمە لە سەرەو لێژەکە دەڕۆیشتنە خوار.

وێنەیەکی دایکم لە گیرفانی کراسەکەمدا بوو، هەستم دەکرد دڵم گەرم دەکاتەوە.. دەتوت ئەویش ئارەقەی کردۆتەوە. وێنەیەکی کۆن بوو و قەراغەکانی خورابوون، بەڵام ئەوە تاقە وێنەیەك بوو شکم دەبرد، ئەم وێنەیەم لە ناندێنەکەدا و لە ناو بوخچەیەکی پڕ لەگژوگیای وشککراودا، دۆزیەوە، لەو کاتەوە تاکو ئێستا لەکن خۆم گلم داوەتەوە. دایکم حەزی نەدەکرد وێنەی بگرن‌و دەیوت، وێنە گرتن کاری سیحر بازەکانە. لەوانەیە ناهەقیشی نەبووبێت. وێنەکەی دڕاوو کون کون بوو. دەتوت بە سووژن کون کراوە، لە ئاست دڵیدا کونێکی تێببوو، پەنجەیەکی پێوە دەچوو...

ئەمە ئەو وێنەیەیە کە پێمە. هیوادارم یارمەتیم بداو پیدرۆپارامۆ بمناسێتەوە.

ڕاوەستاو وتی: "تەماشاکە، ئەو گردە دەبینی، ئەوەیان کە دەڵێی میزەڵدانی بەرازە؟ باشە، ئێستا تەماشای ئەوێ بکە. بناری ئەو شاخەت چاولێیە؟ تەماشای ئەم لایەکە، ئەو کێوەی ئەملاوە دەبینی؟ باشە، ئەوانە هەموویان میدیا لۆنایە و پیدرۆپارامۆ خاوەنیانە. ئەویش باوکی ئێمەیە، بەڵام ئێمە لەسەر ئەرزی ژوورێکی ڕەق و تەق، لەسەر پارچە حەسیرێك لەدایك بووین. سەیر لەوەدایە کە ئەو خۆی یەك بەیەکی ئێمەی تەعمید کردووە.. تۆشی تەعمید کردووە. وانییە؟"

"ئاگادارنیم"

"جێگاتان جەهەننەمە"

"وتت چی؟"

"وتم خەریکین دەگەینەجێ، قوربان."

"دەزانم. بەڵام ئەوەچییە؟"

"ئەوە "کۆریکامینۆسی"ە قوربان. ئەم جۆرە چۆلەکانە وایان پێ دەڵێن."

"نا، من مەبەستم دێیەکەیە، دەڵێی چۆڵەو کەسی تیانییە؟"

"هەروایشە، کەسی تیاناژی"
"ئەی پیدرۆپارامۆ؟!"
"پیدرۆپارامۆ چەند ساڵێك ئەبێ مردووە."

ئەو سـەعاتەی ڕۆژ بـوو، کەمنداڵـەکانی هـەر ئاواییـەك تیایـدا یـاری دەکـەن و قیـژەو هاواریـان دەمـەو ئێـواران دەتەنێتـەوە. ئـەو کاتەی دیوارەکان ڕووناکیی زەردی خۆر پەرچ دەکەنەوە. لانـی کـەم ئەمە ئەو شتە بوو کە ڕۆژی ڕابـووردو لەهـەمان سـەعاتدا لـە سـایۆلا دیـم. کۆترەکانیشـم بینـی کـە ئاسمـانی بێـدەنگیان دەبـڕی. باڵیـان پێکدا دەدا و لە سەربانەکان دەنیشتنەوەو خۆیان ون دەکرد، هـاوار و قیژەی منالانیش بەرزو، شین هەڵگەڕابوون لەئاسمانی ئەنگۆردا.

ئێسـتا لێـرە، لـەم ئاواییـە بێدەنگـەدا بـووم. کاتـێ بەسـەر شەقامە بەردڕێژەکـەدا دەڕۆیشـتم گـوێم لـە دەنگـی پێیـەکانم بـوو.. دەنگێکی کپیان لێـوە دەهـات و لـە دیوارەکانـدا دەنگـی دەدایـەوە. شـەقامە گشـتیەکەم گرتبـوو، بـە بـەردەمی خـانووە چـۆڵ و دەرگـا شکاوەکانیاندا دەڕۆیشتم.. گیاکـانم لەبـەردەمی ماڵەکانـدا دەبینـی.
"ئەم گیا پیسە ناوی چیە؟"

"گـەورەم، ئەمـە پـێی دەڵـێن گیاکەڵـە. ئەمـە بەڵایەکـە، چاوەڕێ دەکات تا ماڵێك چۆڵ دەبـێ و کەسـی تێـدا نامێنـێ، ئیـدی ئـەو کاتـە بـەرەو ژوورەوە خـۆی دەکێشـێ. چـاوت لێیـە چـی کردووە؟"

لەسەری کۆلانێك تێدەپەڕیم، ئافرەتێکم دی خۆی لـە شـاڵەوە پێچابوو، بەلام لێم ون بوو، وەك ئەوەی هەرگیز نەبووبێ. دەڕۆیشتم وتەماشای ئەو دالانانەم دەکرد کە دەرگاکانیان والابـوون. لـەپڕ ئـەو ئافرەتـە بەبـەر دەممـدا تێپـەڕی و وتـی: "ئێوارەتـان بـاش" نیگـام

ڕەدووخسـت و بـەدەنگی بـەرز وتم: "مـاڵی دۆنیـا ئـەدۆڤیخس لەکوێیە؟"

دەسـتی درێـژ کـردو وتـی: "لـەوێ، ئـەو خـانووەی نزیکـی پردەکە".

دەمزانـی دەنگـی ئـەو ئافرەتـە دەنگـی مرۆڤێکـی زینـدووە. ددانـی لەدەمـدا بـوون‌و زمانیشـی لـەکاتی قسـەکردندا دەجـووڵا و چاوەکانیشی وەکو چاوی گشت کەسانی دیکەی سەرزەوی وابوون.

دنیا تاریك دەبوو.

بەدەنگی بەرز پیێ وتم: "شەوێکی خۆش!"، نەمنداڵێك یاری دەکردو نەکۆترێك دیاربوو. بەڵام هەسـتم دەکـرد ئاواییەکـە هێشـتا زینـدووە و مـن کـە لـە بێـدەنگی بـەولاوە هەسـتم بـە شـتێکی دی نەدەکرد هی ئەوە بوو کە بە بێـدەنگی ڕانـەهاتبووم‌و تائـەو کاتـەش سەرم پڕبوو لە دەنگە دەنگ و هەرا هەرا.

بەتایبەتی لەم شوێنەدا کـە هـەوای تێـدا مـرد بـوو دەنگـەکان بەرزتر دەهاتنەگوێ.. قسەکەی دایکم هاتـەوە یـاد: **"لـەوێ چـاکتر دەنگم دەبیستی، زۆر لێرە چاکتر، لەوێ لێتـەوە نـزیکترم. دەنگـی بیرەوەریەکانم لە دەنگی مەرگم نزیکتر ئەبێ لێتەوە، ئەمە لەکاتێکا ئەگەر مـەرگ ڕۆژێك لـە ڕۆژان دەنگـی هـەبووبێت"**. دایکـم زینـدوە حەزم دەکرد پیێ بڵێم: "بەهەڵـەدا چـوویت، ئـەو نیشـانانەی بـۆت هەڵـدام ڕاسـت دەرنەچـوون. هـەموو کـون و کەلەبـەرەکانت بـۆ باسـکردم. بـەڵام مـن لێـرە، لـەناو ئاواییـەکی مـردوودا بەشـوێن کەسێکدا دەگەڕێم کەبەهیچ شێوەیەك دیار نیە".

بەپیاسـە بـەرەو هـاژەی چـەمەکە ڕۆیشـتم‌و خـانووی نزیـك پردەکەم دۆزیەوەو لەدەرگامدا. واتە هەوڵم دا لە دەرگا بدەم، بـەڵام

دەستم لەنێو هەوادا دەجولایەوە، لەبەر ئەوەی دەتوت دەرگاکەی کردۆتەوە.. ئافرەتێك لەوێ ڕاوەستابوو، وتی: "وەرە ژوورەوە".

منیش چوومە ژوورەوە.

لەکۆمالادا مامەوە. کابرای ولاخدار پێش ئەوەی لێم جیا بێتەوە، وتی: "ڕێگای من لێرە دورترە، ماڵەکەم هۆ لەوێیە، لەو جێگەیەی زنجیرە کێوەکان تێکەڵ دەبنەوە. ئەگەر دەتەوێ لەگەڵم بێیت، سەرچاو هاتی، بەلام ئەگەر نیازت وایە لێرە بمێنیتەوە، ئەگەر حەز دەکەیت لەم ئاواییەدا شڵپێك ئاو بە دەمو چاوتدا بدەیت ئەوە کەیفی خۆتە. لەوانەیە کەسێکی زیندوو بدۆزیتەوە".

من مامەوە، چونکە لەبەر ئەوکارە هاتبوم..

بەدەنگێکی بەرز هاوارم کرد: "شوێنی خەوتن لەکوێ دەست دەکەوێ؟".

"بەدوای دۆنیا ئەدۆڤیخسدا بگەڕێ. ئەگەر نەمردبێ. پێی بڵێ من ناردوومیت".

"ناوت چییە؟"

"ئابۆندیۆ..." بەلام لەنازناوەکەی نەگەیشتم.

"من ئەدۆڤیخس دیادام، وەرە ژوورەوە".

دەتوت چاوەڕێم بوو. وتی هەمووشتێك ئامادەیەو دوای کەوتمو بەڕیزێك ژووری تاریکدا تێپەڕیم، ژوورەکان سەرەتا چۆڵ و ڕووخاو دیاربوون، بەلام کاتێك بەتاریکی و ئەو تاڵەڕووناکییەی

بەدوامانەوە بوو ڕاهاتم، چەند سێبەرێکم لە هەردوولامانەوە بەرچاو کەوت، لەدڵی خۆمدا وتم دیارە بەنێو کۆمەڵێك شتومەکدا دەڕۆین.

پرسیم: "ئەمانەچین؟"

وتی: "شتومەکن، هەموو جێیەکی ئەمماڵەم پڕە لە شتومەك. هەر کەسێك ڕۆیشتبێت، ئەم ماڵەی پڕکردوە لەشتومەك، ئیتر نەهاتۆتەوە بیانبات.. بەڵام ئەو ژوورەی بۆ تۆم ئامادە کردووە لەوسەری خانووەکەیە. نەمهێشتووە بیکەنە عەمباری شتەکانیان. دەموت، یەکێکیان هەردێتەوە. وتت کوڕی ئەوم ها؟"

"کوڕیکێ؟"

"دۆلۆریتاس".

" بەڵێ... بەڵام تۆچۆنت زانی؟"

"پێی وتم بەڕێوەیت بۆ ئێرە، وتی ئەمڕۆ دەگەیتەجێ."

"کێ، دایکم؟"

"بەڵێ". نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە ئەویش هیچی نەوت، وتی: "ئەمە ژوورەکەی تۆیە؟"

دەرگای پێوەنەبوو. تەنها ئەوەنەبێ کە لێوەی هاتینە ژوورێ. کاتێ مۆمەکەم داگیرساند تەماشام کرد ژوورەکە بەتاڵە.

پێم وت: "قەرەوێڵەی تێدانیە"

"گوێی مەدەرێ. تۆ ماندوویت و ماندوێتیش خۆی باشترین پێخەفە. لەسەر زەوییەکە بنوو، سبەینێ مشووری قەرەوێڵەت بۆ دەخۆم. خۆت دەزانیت لەچاوتروکانێکدا ناتوانرێ ژوورێك ئامادەبکرێ. دەبوایە پێشتر منیان ئاگادار بکردایەتەوە. ئاخر دایکت ئەمڕۆ هەواڵی هاتنی تۆی پێگەیاندووم".

"دایکم... دایکم مردووە".

"ئۆو... کەواتە بۆیە دەنگی هێندە کزبوو. دەتگوت لەشوێنێکی زۆر دوورەوە قسەدەکات. ئێستا تێگەیشتم.. پێم بڵێ کەی مرد؟"

"حەوت ڕۆژ لەمەوپێش".

"دۆلۆریسی بەسزمان. بێگومان هەستی بەتەنیایی کردوە. پەیمانمان بەیەك دابوو پێکەوە بمرین. تا ئەگەر لەو دنیا کۆسپێك هاتە ڕێمان، پێکەوە بەرەنگاری ببینەوە. ئێمە هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین، هیچ کاتێك ئەمەی لای تۆ نەدرکاندوە؟".

"نە . هەرگیز".

"سەیرە،کاتێك لاو بووین ئەو پەیمانەمان بەیەکدا. ئەو تازە شووی کردبوو.. ئێمە زۆر بەتەنگ یەکترەوە بووین. دایکت ئەوەندە جوان بوو کە.. باشە، بابڵێین ئەوەندە ئێسك سووك بوو مرۆڤ لەخۆوە خۆشی دەویست.. بەڵام دڵنیام کەپێی دەگەم. دەزانم بەهەشت لێرەوە زۆر دوورە، دەزانم.. بەڵام شارەزای ڕێگا قەدبڕەکانیم، هێندە بەسە مرۆڤ بمرێت.. بە ئومێدی خوا.. مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ خۆی حەزبکات بمرێت، نەك مردن خۆی بێت.. یان داواله خوا بکات زوو بە دەنگیەوە بێت، داوای لێ بوردن دەکەم لەوەی ئاوا بێ شەرمانە لەبەر دەمتدا قسە دەکەم.. هەرچۆنێك بێت بە کوڕی خۆمت دەزانم .. بەڵێ، زۆر جاران وتوومە کوڕی "دۆلۆریس" کوڕی منیشە، لەبەرچی، دوایی بۆت باس دەکەم. تەنها شتێك کە دەبێ ئێستا پێت بڵێم ئەوەیە کە لەیەکێك لەو ڕێگایانەی دەچن بۆ بەهەشت پێی دەگەمەوە"

بیرم کردەوە، بێگومان ئەم ئافرەتە شێت بووە، لەوە دوا بیرم لەهیچی تر نەکردەوە جگە لەوەی وتم لە دنیایەکی تردام، جەستەم هێندە ماندووبوە دەتگوت بووکە شوشەیەکە، دەتوانرا یاریی پێ بکرێ.

گوتم: "ماندووم".

"له پێشدا وەره شتێك بخۆ، شتێك پەیدا دەبێ بیخۆیت".

"دێم، بەلام دوایی".

ئاوه چۆڕەی گوێسوانەکان، لـه سـەرلمەکەی حەوشـه چـالّی بچکۆلەی دروست دەکرد. ئاوەکه دلۆپ دلۆپ دەڕژایه سـەرگەلاکانو ئەوانیش قورس دەبوونو دەنگێکیان لێوەدەهـات و دەگەڕانـەوە بـۆ دۆخی پێشوویان. بـاوبۆران کۆتـایی هـاتبوو. هـەر جارێـك هـەوا لقـو پۆپی هەنارەکانی دەجولاندەوه ریزێك دلۆپـه ئاو دەڕژانه خوارێ. بۆ چـەند سـاتێك زەویيەکـەیان دەنەخشـاند و پاشـان دايـان دەداو نەدەمان. لـەکاتی باوبۆرانەکـەدا جوجەلـەکان هەلّنیشـتبوون. بـەلام ئێستا باڵەکانیان پێکدا دەدانو بەنازومەکرەوه له حەوشـەکەدا هـات و چۆیان دەکـرد، خێـرا خێـرا ئـەو کرمانـەیان دەخـوارد کـه بـەهۆی بارانەوە هاتبوونه دەرێ، هـەتاو لەسـەر بـەردەکان دەبریسـکایەوەو دیمەنی جوانی دابووه هـەموو شـتێك، ئـاوی زەویـی دەخـواردەوه و هەواش یاریی بەگەلاکان دەکرد.

"ئەم هەموو وەختە چی دەکەی لەو ئاودەستەدا؟"

"هیچ ناکەم، دایە."

"ئەگەر زۆرت پێ بچێت مارێك دێت و پێتەوه ئەدات".

"باشه، دایە."

***(سوزانا بیرم لەتۆ دەکردەوە، بیرم لەو ساتانە دەکردەوە کە وەختێ بای هەڵدەکرد لە سەرگردۆلکەکان کۆلارەمان هەڵدەدا، گوێمان لــە دەنــگ و هەرای خەڵکی ئاوایی دەگرت. ئێمــە لــەو ســەرەوەبووین، کاتــێ لەســەر تەپۆڵکەکان، با پەتی کۆلارەکەی لەدەستی من دەرفاند و یارمــەتیم بــدە ســوزانا، دەســتە ناســکەکانت دەســتی منیــان دەگــرت "پەتەکــەی بــۆ***

*بەرەڵڵاکە" . بایەکە ئێمەی دەخستە پێکەنین، ئەودەمەی پەتی کۆلارەکە لەنێوان پەنجەکانماندا خۆی دەرباز کرد ، چاومان لێك بڕیبوون.. بەڵام پەتەکە پچڕا ، دەتوت باڵی باڵندە بەری کەوتووە ، بەو بەرزییەوە باڵندە کاغەزییەکەمان بە ئاسمانەوە مایەوە... لەگەڵ خۆیدا کلکیشی برد .. تاکو لە سەوزاییەکانی زەویدا ون بوو.. لێوەکانت شێدار بوون، دەتوت شەونم ماچی کردوون.)*

"پێم گوتی لەو ئاودەستە وەرە دەرەوە".

"بەچاوان دایە، هەرئێستا".

*(بیرم لەتۆ دەکردەوە ، کاتێك لەوێ، بەچاوەسەوزە دەریاییەکانت تەماشات دەکردم)*

سەری بەرزکردەوە و لەناو دەرگاکەدا چاوی بەدایکی کەوت.

"بۆ ئەوەندە لە ئاودەستدا دەمێنیتەوە؟ چی دەکەی؟"

"بیر دەکەمەوە".

"بۆ ناکرێ لە شوێنێکی دی بیر بکەیتەوە؟ چاك نیە ئەوەندە لەناو ئاودەستدا بمێنیتەوە. ئەمەیان واز لێ بهێنە، دەبێ کارێك بکەیت، بۆ ناچیت بۆ ماڵی دایەگەورەت و لەکوتانی گەنمەشامیدا یارمەتیی بدەی؟"

"بەسەرچاو دایە. هەرئێستا".

"داپیرە، هاتووم لە کوتانی گەنمەشامیدا یارمەتیت بدەم"

"لێبووینەتەوە.. بەڵام دەمانەوێ شوکولاتە دروست بکەین.. لەکوێبوویت؟ لەکاتی زریانەکەدا هەموو شوێنێکت بۆ گەڕاین"

" لەو حەوشەیەیتر بووم"

" چیت دەکرد؟ دوعات دەکرد".

"نه  داپیره، تەماشای بارانم دەکرد."

داپیره چاوه نیوه زەرد و نیوه خۆڵەمێشیەکانی ئاراسته کرد و تەماشای کرد. ئەو چاوانەی دەتوت دەچنه ناو ناخی ئادەمیزادەوەو بیری دەخوێننەوە.

"باشە، بچۆ دەستارەکه بسڕەوه"

*(سوزانا، تۆ چەندین فەرسەخ دووریت. لە هەورەکان بەرزتریت، لەسەروو هەمووشتەکانەوه خۆت حەشارداوه. لە دوورترین سنووردا خۆت شاردۆتەوه، لە پشت سەرزەمینی پەروەردگاریشەوەیت، لەو شوێنەی کە ناتوانم بتدۆزمەوەو بتبینم.*

*لەو شوێنەی کە هەرگیز دەنگم ناتگاتێ)*

"داپیره، دەسکی دەستارەکه شکاوه."

"دیاره میکائیل شکاندویتی. هەرچی‌یەکی لەم ماڵەدا بەردەست بکەوێ دەیشکێنێ، خوا بیگرێ".

"ئەی بۆ دەستارێکی تازه نەکڕین؟ ئەم دەستاره ئەوەنده کۆن بووه چاك کردنەوەی زەحمەته".

"ڕاست دەکەی، بەڵام کفن و دفنی باپیرەت زۆری تێچوو. هەرچی‌یەکیش مابۆوه بەنێوی "عشر المال" بووه هی کلێسا.. بڕواناکەم پوولێك لەماڵەکەماندا مابێت. بەهەر حاڵ هەر دەبێ دەست و بردبکەین و دەستارێك بکڕین.. بچۆ بە دۆنیائینس ڤیال پاندۆ بڵێ تامانگی تشرین دەستارێکمان بە قەرز بداتێ، کاتی خەڵەو خەرمان پارەکەی دەدەینێ".

"بەسەرچاو داپیره".

"شتێکی تریش، پێشی بڵێ، هێڵەکێك و چەقۆیەکی گژوگیا بڕینیشمان بۆ بنێرێ. ئەگەر ئەم پنگەڵە ئاوا نەشونما بکات دەبێ هەرچی شڕو شیتاڵمانە بیبەینە کۆڵان. ئەگەر ئەو خانووە گەورەیەو پارچە زەویەکەی بەردەمیمان دەما، خەمی هیچم نەبوو. بەڵام کاتێ

هاتینەوە ئێرە باپیرەت دایەدەم با. خوا بۆ خۆی دەزانێ هیچ کاتێك شتێك نییە بە دڵی ئادەمیزاد بێت. بەهەر حاڵ بە دۆنیا ئینس بڵێ کاتی کۆکردنەوەی بەرهەم هەموو حەقێکی دەخەینە سەرچاومان."

" بەسەرچاو، داپیرە."

باڵندە مێشخۆرەکان لە حەوشەکەدا بوون. وەرز وەرزی باڵندەی مێشخۆر بوو. بەناو گوڵە یاسەمینەکاندا گیزەگیزیان بوو. بەبەردەمی دەرگای ژووری نوێژ کردندا تێپەڕی و بیست و چوار سنتاڤی دۆزیەوە. چوار سنتاڤەکەی دانایەوەو بیستەکەشی هاویشتە گیرفانی. پێش ئەوەی بڕوات دایکی لێی پرسی: "بۆ کوێ دەچیت؟".

"دەچم بۆ ماڵی دۆنیائینس ڤیال پاندۆ دەستارێکی تازە دەهێنم. دەستارە کۆنەکە شکاوە".

"مەترێك ئاوریشمی ڕەشم بۆ بێنەو بڵێ پارەکەی لەسەر حساب بنووسێ"

"بەسەر چاو دایە".

"کە گەڕایتەوە چەند حەبێکی ئیسپرینم بۆ بکڕە، لە گوڵدانی ڕاڕەوەکەدا پارەی تێدایە".

لە گوڵدانەکەدا پیزۆیەکی تێدا بوو. بیست سنتاڤەکەی دانایەوە پیزۆکەی هەڵگرت. بیری کردەوە: " ئێستا دنیایەك پارەم پێیە. چیم بوێ دەیکڕم.".

بانگیان کرد: "پیدرۆ! پیدرۆ!".

بەڵام گوێی لێیان نەبوو، زۆر لەماڵەوە دوور کەوتبۆوە.

شەو باران دایکردەوە. ماوەیەکی زۆر گوێی لە دەنگی دڵۆپە ئاوەکان گرت، پاشان نوست. کاتێك بێداربۆوە دەنگی نمەی باران نەبێ کە لەسەر خۆدەهاتنە خوار، گوێی لە هیچی دی نەبوو. شووشەی پەنجەرەکە دەبریسکایەوە و دڵۆپە ئاوەکان وەکو

فرمێسك پیایدا دەهاتنە خوارێ. *(سوزانا، لە هەورە برووسکەی نـاخی ئاسماندا تەماشای ڕێژنە بارانم دەکرد، هەر هەناسەیەکم هەڵدەکێشا ئاخێك بوو، بیرم لە هەرشتێك دەکردەوە لە بارەی تۆوە بوو.)*.

بای وەشت جێی بـارانی گرتـەوە. گـوێی لێبـوو: "بـەهیوای بەخشـین لـە گوناهـەکانمانو زینـدوو بوونـەوەی جەسـتە.. ئـامین" دەنگەکە لە ژوورەوە دەهات. لەو شوێنەی ئافرەتەکان نوێژیان تێدا دەکـــرد. هەستانەســـەرپێ، چـــۆلەکەکانیان ژمـــارد، ئەڵقـــەڕێزی دەرگاکەیان داخست و مۆمەکەیان کوژاندەوە.

تەنها نـوری شـەو ڕوونـاکی دەداو، دەنگـی تاوەبارانـەکان لـە زیکەزیکی زیکزیکەکان دەچوو.

" بۆ نەهاتیت نوێژ بکەیت؟ نازانیت ئەمە نۆڕۆژەی باپیرەتە و تاکو ئێستاش دوعای بۆ دەکەین"

دایکـــی مـــۆمێکی بەدەســـتەوەگرتبوو، لـــە تاریکـــایی لای دەرگاکـەوە ڕاوەسـتابوو. سـێبەرەکەی لـە سـەقفەکەدا دەلەریـەوە. سـێبەرەکە گـەورەو درێـژ بـوو، ڕوونـاکی مۆمەکـە پارچـە پارچـەی دەکرد.

وتی: "باش نیم".

ئافرەتەکـە مۆمەکـەی کوژانـدەوە و ڕۆیـی. کاتێـك لـە دوای خۆیەوە دەرگاکەی پێوەدا، دەنگی هەنسکی گریان، لەگەڵ خـوڕەی بارانەکەدا تێکەڵ یەك بوون.

کاتژمێری کڵێسا پەیتا پەیتا دەستی کـرد بـە زەنـگ لێـدان.. وەك ئەوەی زەمەن هەڵکورمابێت.

هەروەکو پێم وتیت ئەوەندەی نەمابوو من ببم بە دایکت، لـەم بارەیەوە هیچی بۆ باس نەکردویت؟".

"نەخێر، دایکم هیچ کاتێك باسی ئەم شتانەی بۆ نەکردووم. ناوی تۆم لە کابرایەك بیست، ناوی ئابۆندیۆ بوو.. لەنازناوەکەی نەگەیشتم تەنها ئەوەندە دەزانم دوو ولاخی هەیە و هیچی تر".

" بیرم کەوتەوە.. ئابۆندیۆ، کەواتە ئێستاش منی لە یادماوە! هەر ڕێبوارێکی دەهێنایە ماڵەکەمەوە بە خشیشێکم ئەدایە. بەلام ئێستا شتەکان گۆڕاون، ئاوایی هەژار بووە وبەساڵیش کەسێکی پێدانایەت. وتت ئەومنی بە تۆناساند؟"

"پێی وتم هەموو جێیەکت بە شوێندا بگەڕێم".

"سوپاسی دەکەم. ئابۆندیۆ پیاوێکی باش بوو. جێی متمانە بوو. خۆی پۆستەچی بوو. تەنانەت دوای ئەوەی گوێچکەشی گران بوو. ئەو ڕۆژەم لە یادە کە ئەو ڕووداوە ڕوویدا، زۆرمان غەم خوارد چونکە خۆشمان دەویست. نامەی بلاودەکردنەوەو لەوە ئاگاداری دەکردین لە دەرەوەو، لە جیهاندا چی قەوماوە.واهەست دەکەم خەبەر و باسی ئێمەشی بۆ خەڵکی دەرەوە دەگێڕایەوە. قسەزانێکی هەڵکەوتوو بوو، بەلام لەم دواییانەدا وازی لەقسەکردنیش هێنا، دەیوت ئەگەر کەسێك گوێی لە قسەی خۆی نەبێت، چاکتروایە قسەش نەکات.

ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو، یەکێك لەو فیشەکە شێتانەی بۆترساندنی ماری ئاوی بەکارمان دەهێنا، لە ژوور سەری ئەوەوە تەقییەوە، ئیتر لەوەدوا ورتەی لێوە نەهات. گەرچی دەیتوانی قسەش بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئابۆندیۆ هەر بەدڵباشی مایەوە".

"ئەو پیاوەی من باسم کرد گوێی گران نەبوو".

"گوێی گران نەبوو؟ کەواتە یەکێکی تربووە.. ڕاستە ئابۆندیۆ مردووە، دڵنیام کە مردووە، هیچی پێ نەوتیت؟ بێگومان کەسێکی تر بووە...".

ئافرەتەکە سەری ڕاوەشاند.

وتـــی: "بابگەڕێینـــەوە ســـەر باســـی دایکـــت.. دەمویســـت بڵێم...".

گـوێم لێگرتبـوو بـە وردی تەماشـام دەکـرد، هەسـتم کـرد لـە ژیانیدا ئەرکێکی زۆری کێشاوە.. ڕەنگ و ڕووی پەڕی بوو، پیـاو وای دەزانی خـوێنی تیـا نـەماوە، پێسـتی دەسـتی سـیس و چـرچ ببـوو، چاوەکانیشی بەقووڵا چووبوون. دەستێك جل و بەرگی پینەکراوی لە بەردا بوو، بە پەتێك مەدالیایەکی مریەمی پیرۆزی بە ملیدا بەردابۆوە کە لێی نوسرابوو — پەنا گای گوناهباران—

"... هـەروەکو وتم، ئـەو لـە میـدیالۆنا مەیتـەر بـوو، نـاوی ئینۆسنسیۆ بـوو، بـەڵام هـەموو ناویـان نـابوو قەڵـەمبازدەر، چـونکە وەستانی نەبوو. پیدرۆ دەیگوت (تـەنها بـە کـەڵکی بـە خێـو کردنـی جوانـوو دێ) بـەڵام بـۆ شـتێکی دیکـەش بـاش بـوو، کارێـك بـوو پەیوەندی بە پەروەردەکردن و مەیتەرییەوە نەبوو، خسـتنە جـۆش و خرۆش، واتە خەیاڵ پـلاوی کـردن. ئەمـەش قسـەیەکی بـێ بناغـە نییە.. بەینی لەگەڵ دایکت و زۆربـەی ئافرەتـانی تـردا خـۆش بـوو. لەگەڵ منیشدا هەروابوو. جارێکیان تۆزێ ناساغ بووم. هاتەماڵەوە و وتـی، دەمـەوێ بتشـێلم تـاکو چـاك بیتـەوە. کاتێـك ئـەم قسـەیەی دەکرد، مەبەستی ئـەوەبوو حـەزی دەکـرد هـەموو لەشـی ئـادەمیزاد ببینـێ. ســەرەتا لــە پەنجەکانــەوە دەســتی پێــدەکرد، پاشــان دەسـتەکانی دەگوشـین. ئینجـا نـۆرەی قـۆڵ و بـازوو دەهـات و لـە دواجاریشدا بەرەو ناوڕانی ئادەمیزاد دەڕۆیشتو زۆرجاران دەکەوتـە هـەڵگلۆفینیان. بـە جۆرێك ئەگـەر سـارد بوونایـە هێنـدەی نـەدەبرد گەرم دادەهـاتن.. لـە هـەموو ئـەم ماوەیـەدا فـاڵی بـۆ دەگرتیتـەوە. ئینجـا دەکەوتــە حاڵــەتی نەشــئەوەو وەکــو قەرەجــەکان زیتەڵــە دەبــۆوەو دەکەوتــە چــاوگێڕان، هەنــدێ جــاریش خــۆی ڕووت دەکـردەوەو دەیگـوت ئەمـە ئـەو شـتەیەکە دەمانـەوێت. زۆر جـاران

ڕاستی دەکرد، واتە هەموو جارێك قسەکانی درۆ نەبوون و ئەوەندە گازی لێ دەگرتین ئازاری دەداین.

"بەڵام ئەوەی دەمەوێت پێتی بڵێم ئەوەیە، ئەم ئۆسۆریۆیە جارێك چووەلای دایکت و پێی وت ئەو شەوە خۆی بەدەست هیچ پیاوێکەوە نەدات چونکە مانگ لە بورجی دووپشکدایە.*

" دۆلۆریسیش هاتە لای من و وتی نازانم چی بکەم؟ وتی ناتوانێت لەگەڵ پیدرۆپارامۆدا بنوێت گەرچی ئەو شەوە یەکەم شەوی ژن و مێردایەتیان بوو. زۆرم هەوڵدا کە بڕوابە قسەی ئۆسۆریۆ نەکات، چونکە پیاوێکی درۆزن و تەڵەکەباز بوو.

"وتی، شتی وا لەمن ناوەشێتەوە، تۆ لە جیاتی من بچۆ، دڵنیام کە پێی نازانێت.

"هەڵبەتە من زۆرلەو لاوتر بووم و پێستم وەکو ئەو گەنم ڕەنگ نەبوو. بەڵام پیدرۆ نەیدەتوانی لە تاریکیدا پەی بەم شتە بەرێت.

" دۆلۆریس، شتی وا بۆمن نابێ، پێویستە خۆت بچی لەگەڵیدا بنوویت.

"تکات لێدەکەم ئەم چاکەیەم لەگەڵدا بکە، پاداشتیت دەدەمەوە.

" ئەو ڕۆژانە دایکت ئافرەتێکی چاو جوانی دڵڕفێن بوو، تەنها شتێکی جوان کەلەودا دەبینرا، چاوە جوانەکانی بوونو بەزمانی خۆشیش هەرشتێکی بویستایە بە ئادەمیزادی دەکرد.

وتی: تکات لێ دەکەم لە بری من بچۆ.

" منیش چووم.

---

* مەبەستی ئەوەیە کە پیدرۆپارامۆ دەیەوێ لەگەڵیدا بخەوێت و ئەویش سووڕی مانگانەی هەیە.

"تاریکی‌یەکـە یارمـەتی دامو شـتێکیش هـەبوو کـە دایکـت نەیدەزانی، ئەویش ئەوە بوو کە پێم خۆش بوو لەگەڵ پیدرۆپارامۆدا خەوتم.

"لە گەڵیدا چوومە سەر قەرەوێڵەکەو بەوپەڕی خۆشی‌یەوە لە باوەشم گرت. بەڵام ڕۆژی پێشتر بادەی خوارد بۆوە، بۆیە زۆر هیلاك و ماندوو بوو. تا بەیانی پرخەی دەهات و تاقە شتێك کە لـە توانایـدا بوو ئەوە بوو قاچی خستە ناو قاچەکانمەوە.

"پێش خۆرکەوتن، هەڵسام و چووم بۆلای دۆلۆریس. پێم وت:

" ئێستا دەتوانیت بچیت بۆ لای، ئەمڕۆ ڕۆژێکی ترە.

" پرسی: چی‌ی لێکردی؟

"وتم: تا ئێستا نازانم.

" ساڵێك دوای ئەوە تۆ لـە دایـك بوویـت. مـن دایکـت نـەبووم بەڵام هێندەی تاڵە موویەکی مابوو ببم بەدایکت.

"ڕەنگە شەرمی کردبێت ئەم شتانەت بۆ باس بکات.

***(... کێڵگە سەوزەکان، کاتێک با لە پەڵەگەنمەکان دەدا، ئاسـۆ دیارە چۆن سەرەو خواردەکات و لەنجەولاریەتی. یان کاتێ بارانی پاش نیوەڕوان پەڵەگەنمـەکان دەشێوێنێ. ڕەنگـی زەوی، بـۆنی وێنجـەونان. ئاوایی سەراپا بۆنی هەنگوینی تازەی لێ دێ...)***

"هەمیشە ڕقی لە پیدرۆپارامۆ بوو، دۆلۆریتاس!، پێـت وتـون نـانی بـەیانیمان بـۆ ئامـادە بکـەن؟ دایکیشـت پـێش خۆرکـەوتن هەڵدەسـتا تـاکو ئـاگر بکاتـەوە، پشـیلەکان خەبـەریان دەبـۆوە، ڕەوەیەك بوون، بۆ هەر لایەك دەچـوو بـە دوایـەوەبوون. ئـای دۆنیـا دۆلۆریتاس!

"ئاخۆ دایکت چەندجار ئـەوەی بیسـتبێ؟ دۆنیـا دۆلۆریتـاس، مـن ئەمـە نـاخۆم، سـارد بۆتـەوە. چـەند جـار؟ گەرچـی لـەوەش ناخۆشتری گوێ لێ بووە" بەڵام گوێی خۆی لێ دەخەواند."

***( ... هەموو شتێکیش لە گەرمای ئەو وەرزەدا، بۆنی گوڵی نارنجی لێدێ...)***

" دواجار دەستی کرد بە ئاخ هەڵکێشان.

"دۆلۆریتاس بۆ ئاخان هەڵدەکێشیت؟،

" دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە منیشیان لەگەڵ بووم، بەناو کێڵگەکاندا تەماشای ڕیشۆڵەکانمان دەکرد. شابازێك بە ئاسمانەوە دەسوڕایەوە.

" دۆلۆریتاس، بۆ ئاخان هەڵدەکێشیت؟

"حەزم دەکرد وەکو ئەو شابازە بفڕیمایەو. بچوومایە بۆ لای خوشکەکەم،

"زۆر چاکە دۆلۆریتاس، هەر ئێستا دەتوانی بچیت بۆلایی و چاوت پێی بکەوێ. بابڕۆینەوە بۆ ماڵەوە تا جانتاکانت بۆ ئامادە بکەن،

"دایکت بەڕێ کەوت.

"دۆن پیدرۆ ماڵئاوا.

خوات لەگەڵ دۆلۆریتاس،

" بۆ دواجار میدیالۆنای جێ هێشت. پاش چەند مانگێك هەواڵیم لە پیدرۆپارامۆ پرسی.

"خوشکەکەی لەمن خۆشتر دەوێ، ڕەنگە ئێستا لەو پەڕی خۆشیدابێت. ئەوی ڕاستی بێت، حەوسەڵەم نەما لەگەڵیدا. ئەگەر دەتەوێ بزانیت داخۆ من مەبەستمە هەواڵی بپرسم. پێت دەڵێم خەیاڵی وام لەسەردا نیە.

"ئاخر نانیان لە کوێ دەست دەکەوێ؟

" خوا یارمەتییان بدات.

***(... بەڵام کارێک بکە شەرم بیگرێ لەوەی کە ئێمەی بەجێ هێشت...)***

" ئیدی هیچی ترم لە بارەیەوە نەبیست تا پێی وتم تۆ دێی بۆ دیدەنیم."

پێم وت: "دوای ئەوەی ئێمە چووین بۆ کۆلیما لەگەڵ پوورە خرترۆدیسدا بژین. هەمیشە دەیوت ئێمە بووین بە بار بەسەریەوە. لە دایکمی دەپرسی بۆ ناچیتەوە لای ماڵ و مێردی خۆت دانیشیت؟

" بۆ، ناردویتی بە دوامدا؟ نەخێر، تاکو نەنێرێ بە دوامدا حەفتا ساڵی تر بە تاڵی و کوێرەوەری ڕایدەکێشم. هاتم بۆ ئێرە تاکو چاوم بە تۆ بکەوێ چونکە خوشکمیت، هەر لەبەر ئەوەش بوو وام لێهات.

"ئەزانم دەڵێیت چی، بەڵام ئێستا کاتی گەڕانەوەت هاتووە."

وامدەزانی ئەو ئافرەتە گوێم لێدەگرێ. بەڵام سەری بە جۆرێك خوارکردبۆوە، هەروەکو گوێی بۆ دەنگێکی دوورگرتبێ، لە پاشاندا وتی:

"کەی تۆزێك پشوو دەدەیت؟"

***ئەو ڕۆژەی جێت هێشتم ئەمزانی هەرگیز ناتبینمەوە. سیمات لەبەر تیشکی خۆێنینی شەفەقدا سووری دەکردەوە. بەدەم زەردەخەنەوە ئاواییت لە دوای خۆتەوە جێ هێشت، چەندین جار پێت وتبووم" لە پێناوی تۆدایە ئێرەم خۆش دەوێ، لە کاتێکدا لە بەر هەزار هۆیتر ڕقم لێیەتی و لێی بێزارم. تەنانەت بێزارم لەوەی تیایدا هاتوومەتە دنیاوە." ، بیرم کردەوە: "ناگەڕێتەوە" و چەندین جار بە خۆم دەوت:***

***" ناگەڕێتەوە، ئیدی ناگەڕێتەوە."***

" ئەوە چی ئەکەیت لێرە؟ دەڵێی کارت نیە؟"

"نە دایپیرە. ڕۆخیلیۆ داوام لێدەکات ئاگام لە منداڵەکەی بێت و منیش خەریکم دەیبەم بۆ گەڕان. بادانی تیلیگرافەکەو ئاگاداریی ئەم منداڵە پێکەوە، کارێکی ئاسان نییە. ئەوەتا ڕۆخیلیۆ بۆ خۆی لە ژووری "بلیاردۆ" کەدا خەریکی بیرە خواردنەوەیە، جگەلەوەش پارەم ناداتێ".

"تۆیان لێرە دانەناوە تا پارەت بدەنێ، دایان ناویت فێری ئیشکردن بیت. هەر کاتێك ئیشکردن ماندووی کردیت ئەو کاتە دەتوانیت داوای پارە بکەیت. تۆ ئێستا شاگردیت و هیچی تر، ڕەنگە سبەی و دووسبەی خۆت ببیتە خاوەندار، بەڵام ئەوەی ئێستا لەسەر شانتە ئەوەیە سەبرت هەبێ و کەلێن و قوژبنی کارکردن بەتەواوی فێرببیت. کە پێت دەڵێت منداڵەکە ژێر بکەرەوە و بیبە بۆ گەڕان، تۆ لەبەر خوا بیکە، پێویستە لە ئیش کردندا خۆت ماندوو بکەیت".

"داپیرە، کەسانی تردەبێ خۆیان ماندووکەن، من ئەو پیاوەنیم".

"ئای لەم ئەتوارە سەیرانەت پیدرۆپارامۆ، دەترسم پیاوێکی خراپت لێ دەرچێ.".

" دۆنیا ئەدۆڤیخیس، ئەوەچییە؟"

سەرێکی بادا، وەك ئەوەی لە خەو ڕاپەڕیبێت.

"ئەسپەکەی میگیل پارامۆیە، لە ڕێی میدیالۆنادا غاردەکات."

"کەواتە دیارە میدیا لۆنا خەڵکی تیادەژی".

"نەخێر، کەسی تێدا ناژی"

"باشە چۆن؟".

"ئەمە ئەسپەکەیەتی، دێت و دەڕوا، گشت جێیەکی بەدوادا دەگەڕێ و ئەم وەختانە دێتەوە. هەرگیز لە یەکترجیانەبوونەتەوە. ڕەنگە ئەم بێ زمانە بەرگەی غەم و ئازار نەگرێ، کە تاوانێك دەکرێ تەنانەت ئاژەڵیش هەستی پێ دەکات، وانییە؟

"تێناگەم. گوێم لە دەنگی ئەسپ نییە."

"گوێت لێ نییە؟ کەواتە ئەوە هەستی شەشەمی منە وادەڵێ، ئەو بەهرەیەی خوا پێی بەخشیوم. یان دەشێ نەفرەت بێ. تۆنازانیت ئەوە چەند بۆتە مایەی عەزابم.".

بێدەنگ بووم. پاشان وتی: " هەمووی لە ژێر سەری میگیل پارامۆ دابوو. من تەنها کەسێکم دەزانم لە شەوی مردنیا چی ڕویدا. لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشابووم کە گوێم لە حیلەی ئەسپەکەی بوو بەرەو میدیالۆنا دەگەڕایەوە. سەرم سووڕما چونکە هیچ کاتێك لەو سەعاتەدا نەدەگەڕایەوە، هەمیشە لەگەڵ خۆرکەوتندا دەگەیشتە ئاوایی. دەچوو بۆ دێی کۆنتلا تا لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا شەو بەرێتەسەر. بەڵام ئەوجارەیان نەگەڕایەوە. گوێت لە دەنگێتی؟ گوێ بگرە؟".

"گوێم لە هیچ نییە."

کەواتە دیسانەوە خەیاڵاتە. چاکە، دەمویست بڵێم ئەوان وایان دەزانی کە ئەمجارەیان نەگەڕاوەتەوە، لە کاتێکدا گەڕابوشەوە. هەر ئەوەندە ئەسپەکەی بەم ناوەدا تێپەڕی گوێم لێبوو لە پەنجەرەکە درا. وانەزانیت دووچاری خەیاڵات بوویێتم. ئەوەی ڕاستی بێت شتێك ناچاری کردم لە پەنجەرەکە بڕۆمە پێشێ وبزانم کێیە. میگیل پارامۆ بوو. بە بینینی سەرم سووڕنەما چونکە ماوەیەك بەر لەوەی دێوانەی ئەو کچە بێت و عەشقییەك بن، شەوانە تادەمەوسەحەر لای من دەمایەوە.

" لێم پرسی: چی ڕوویداوه؟ درۆی لەگەڵدا کردیت؟".

" نەخێر، ئێستاش خۆشی دەوێم. نەگبەتیەکە لەوە دایە نەمدۆزیەوە. تەنانەت ئاوایی یەکەشم بۆ نەدۆزرایەوە. تا چاوبڕکا تەمو دووکەڵ و شتی لەم بابەتە بوو، دێیەکە دیار نەبوو. کۆنتێلا خاپوور بووە. هەموو جێیەکم بۆ تەی کرد، بەڵام هیچم نەدۆزیەوە. بۆ ئەوە هاتووم کارەساتەکە بۆ تۆ بگێڕمەوە، چونکە تۆ لێم حاڵی دەبیت. ئەگەر ئەم قسەیە لە کۆنتێلادا بە کەسێك بڵێم بەشێتم تێدەگات، هەروەکو واش تێم گەیشتوون.

"نەخێر، تۆشێت نیت، میگیل!، تۆمردوویت. میگیل پارامۆ لە یادتە پێیان دەوتیت ئەو ئەسپە بە کوشتت دەدا، سەرەڕۆیی و کاری شێتانەت زۆردەکرد... بەڵام تازە ئەمە شتێکی ترە.

" تاقە شتێکی کردبێتم ئەوە بوو بازم دایە سەر ئەو کەڵەکە بەرزەی ماوەیەك لەمەوبەر باوکم فەرمانی دروست کردنی دابوو. ئێل کۆلۆرادۆم* ڕاسپارد تاقیی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بۆ چوونەسەر ڕێگا گشتی‌یەکە ئەو هەموو پێچە بە دەورەیە نەکەم، بە سەریدا بازم داو دەستمان کرد بە ڕۆیشتن، بەڵام جگەلە دووکەڵ و دووکەڵ هیچی ترم نەدی.

"سبەینێ باوکت پێ بزانێ دڵگران دەبێ.. دڵم بۆی دەسووتێ. ئێستا بچۆ لە گۆڕەکەتدا بحەوێرەوە، پێم خۆش بوو هاتیت و لەوە ئاگادارت کردم.،

"منیش پەنجەرەکەم داخستەوە.

بەیانی زوو پیاوێکی خەڵکی میدیالۆنا هاتە ئێرەو وتی: دۆن پیدرۆ ناردوویەتی بە دواتا. میگیل مردووە و دەیەوێ لەلای بێت.

---

* ئێل کۆلۆرادۆ: ناوی ئەسپەکەی میگیل پارامۆیە.

"وتم، ئاگام له مەسەلەکه هەیه، به تۆیان وت ماتەم و تازیەی بۆ دەگرن؟.

"بەڵێ، دۆن فۆلگۆر دەیوت دەبێ بۆی بگیرێ.

"زۆرباشـه، بـەدۆن پیـدرۆ بڵـێ مـن دێـم. تەرمەکـەیان کـەی هێنایەوە؟

"هـەمووی نیـو سـەعات دەبـێ. ئەگـەر زوو بیاندۆزیبایەتـەوە ئێستا ڕزگاریان کردبوو. گەرچی دکتۆر گوتویەتی له مێـژه مـردووه. کاتێ کۆلورادۆ بـه تـەنها گەڕایـەوه و کردیـه هـەراوزەنا و خـەوی لـه هەمووان هەراسانکرد زانیمان شـتێك ڕوویـداوه.. دەزانیـت میگیـل و ئەسـپەکەی چـەند هـۆگرو خۆشەویسـتی یـەك بـوون. لـەو بڕوایـەدام ئەسپەکەی له دۆن پیدرۆ غەمگینتر بێـت. ئەوەنـده غـەمباره نـەهیچ دەخوا و نه له جێ یەکیش بەند دەبێ. هەروەکو گشت کارەسـاتەکه بزانێت، سەراسیمەیەو تەواودڵی شکاوه.،

"وتم: له یادت نەچـێ کـه ڕۆیشـتیت دەرگاکـه داخـه. کـابرای خەڵکی میدیالۆنا ڕۆیی.

ئافرەتەکه لێی پرسیم: "هیچ کاتێك ناڵەی مردووانت گـوێ لێ بووه؟"

"نەخێر، دۆنیا ئەدۆڤیخیس."

"باشتر."

دلۆپه ئاوەکان یەك یەك به بەردەکەدا دەهاتنه خوار. دەنگـی ئاوه سازگارەکه دەهاته گوێ که لـه سـەر بەردەکـەوه دەڕژایـه نـاو جامولکەکەوه. دەنگی چرپەچرپ دەهات، دەنگی ئـەو هەنگاوانـەش کـه بەسـەر زەویـدا دەنـران، دەهـاتن و دەچـوون. دلۆپـه ئاوەکـان

بەردەوام دەتکان، جامەکە پڕ بوو، بە قەراغەکەیدا ئاو هاتـە خـوارێ و بە سەر زەویە تەڕەکەدا ڕێچکەی بەست.

"ڕاست بەرەوە!"

دەنگەکە بەگوێ ئاشنا بوو. هەوڵیدا بیناسێتەوە، بەڵام لەشی خـــاوبۆوە. پێڵـــووە قورســـەکانی لێکنایـــەوە و لێی خەوتـــەوە، جەسـتەکەش لـە نـاو گـەرمای ژێـر چەرچـەفەکەدا دەیویسـت خـۆی حەشاربدات.

" ڕاست بەرەوە!"

دەنگەکـە ڕایچـڵەکاندو خـۆی کێشـایەوە، نیـوەی چـاوەکانی کردنەوە، دڵۆپە ئاوەکان بەسەر بەردەکەدا دەهاتنە خوارو دەچوونە جامولکەکـەوە. دەنگـی ئـەو هەنگاوانـە دەهـات کـە بەسـەر زەویـدا ڕادەکێشران و. دەنگی گریان.. گوێی لـە دەنگـی گریـان بـوو. ئـەو دەنگـە خەبـەری کـردەوە، ئـەو دەنگـە ئـارام و ناسـکەی دەگریـا.. دەنگەکە هێندە ناسك بوو، وازی لە وڕێنە خەوەکانی هێناو ترسێکی لێپەیدا بوو.

هێدی هێدی هاتەوە سەر خۆیو ئافرەتێکی بینی پـاڵی دابـوو بە لاشیپانی دەرگاکەوە. ئەو ئافرەتـەی کـە هێشـتا لـە تاریکیەکـەدا وەکو تارمایی دەهاتـە پێشچاوو دەنگـی هەنسکەکانی دەبیسـتران. کاتێ پێی خستە سەر زەوی ئافرەتەکەی بە ئاگا کردەوە.

"دایە، ئەوە بۆ دەگریت؟".

"باوکت مردووە".

ئیدی وەك ئەوەی زەمبەلەکەکانی خەم و کەسەری دەرچووبن کەوتە هەڵبەزودابەزو چەند جارێك ئەو وشـەیەی دووبـارە کـردەوە.. تا دەستەکان هەردوو سەر شانەکانی گوشین و لە لەرزینیان خستن.

ڕوونـــاکی کـــازیوە لـــە دەرگاکـــەوە دەبینـــرا. ئەســـتێرە دیارنەبوون، تەنها ئاسمانێکی تاریـك، کـە هێشـتا ڕوونـاکی خـۆری

تێنەکەوتبوو. ڕووناکی‌یەکی ڕەش داگەڕاوبوو.. وەك ئەوەی خۆر نەیەوێ هەڵبێت و سەرەتای شەوێکی دیبێت. لە حەوشەی دەرەوە دەنگی ئەو هەنگاوانە دەهاتە گوێ کە لەهاتوچۆدا بوون، دەهاتن و دەچوون و دەنگەکان تێکەڵ یەکدی دەبوون.. لێرەش ئافرەتەکە کەلەسێبەرەکەدا وەستا بوو بەری خۆری گرتبوو، لەملاولای دەستەکانیەوە چەند پارچەیەکی ئاسمان سەرەتاتکێیان دەکرد و لە بەردەمی قاچەکانیشیدا تاڵە ڕووناکی دیاربوون، دەتوت زەویی ژێر پێی لە فرمێسکدا نقوم بووە. پاشان دەنگی هەنسك. دووبارە دەنگی گریانێکی نەرم بەڵام بەردەوام و خەمێکیش کە جەستەی لوول دەکرد.

"باوکتیان کوشت"

"ئەی کێ تۆی کوشت، دایە؟

"شنەبایەو خۆرەتاوە. هەورە سپی‌یەکان‌و ئاسمانێکی شینی سامالّ.. ڕەنگە لە ولاشەوە دەنگی گۆرانی گوتن بەرز بووبێتەوە.. دەنگی خۆشتر لە گۆرانیش، بە کورتی، ئومێدێك هەیە دوای هەموو ناخۆشییەك ئومێدێك هەیە.

"بەڵام بۆ تۆ نا میگیل پارامۆ. تۆ بە گوناهەوە لە دنیادەرچوویت و بەزەیی خوا هەرگیز ناتگرێتەوە."

بابا ڕێنتیریا، سەری لەسەر جەنازەکە بەرزکردەوە و بەپەلە دەستی کرد بە دوعا خوێندن بۆ مردووەکان. دەیویست خێرا دوعاکە تەواوبکات و بڕوات بێ ئەوەی دوعای بەخشین بۆ ئەو کەسانە بکات کە ناو کلێساکەیان پڕکردبوو.

" بابا دەمانەوێت داوای بەخشینی بۆ بکەیت"

سەری ڕاوەشاندو وتی: "نەخێر کاری واناکەم. پیاوێکی خراپ بوو، مافی ئەوەی نییە بچێتە بارەگای خواوە، ئەگەر شەفاعەتیشی بۆ بکەم خودا لێم زویر دەبێ"

کاتێك ئەو قسەیەی دەکرد، توند پەنجەکانی هەڵپێکابوون بۆ ئەوەی لەرزۆکیەکەیان نەبینرێت، بەڵام هەر دەبینرا.

تەرمی ناو تابووتەکە قورسی و وەڕزبوونێکی خستبوە دڵی خەڵکەکەوە. تەرمەکە لە سەر سەکۆیەکی ناوەڕاستی کڵێسا و لە مابەینی گوڵ و مۆمەکاندا دانرا بوو. باوکی لە لایەوە وەستابوو. چاوەڕێی تەواو بوونی ڕێ و ڕەسمی بەڕێ خستنی مردووەکەی دەکرد.

بابا ڕێنتیریا، ڕێك و ڕاست بەلای پیدرۆپارامۆدا تێپەڕی و هەوڵیدا بەری نەکەوێ. ئاوی پیرۆزی هەڵگرت و بەم لاولادا کەوتە پرژاندنی و لە ژێر لێویەوە دوعای دەخوێند. پاشان کەوتە سەر ئەژنۆو هەموویان لەگەڵ ئەودا کەوتنە سەر ئەژنۆ.

"خودایا.. لەبەندەی خۆت ببوورە..".

دەنگەکان وەڵامیان دایەوە: "خودایا لێی ببوورە، ئامین".

کاتێك هەستی کرد ڕقوکینەی لە بەرز بوونەوەدان، چاوی لە خەڵکەکە بوو بە دوای تەرمەکەی میگیل پارامۆدا لە کڵێسا دەچوونە دەرەوە.

پیدرۆ پارامۆ هاتەلای سەریەوەو بە چۆکدا هات، وتی:

"بابا، دەزانم کە چارەیت ناوێ، گلەییت لێ ناکەم. دەڵێن ئەم کوڕەی من براکەتی کوشتووە. بە بڕوای ئێوە هەر ئەویش دەستی بۆ ئانای برازات درێژکردووە. بڕێ جاریش لەگەڵ تۆدا تێك دەپرژاو ڕێزی نەدەگرتیت. هەموو کەسێ دەزانێ کە ئەمەندە بەسە، بۆ ئەوەی خۆشت نەوێ، بەڵام ئێستا لە بیر خۆتیان بەرەوە.. لێی ببوورە، هەروەکو چۆن ڕەنگە خودا لێی ببوورێ.

مشتێ لیرەی ئاڵتوونی لەسەر کورسی یەکەداناو هەستایە سەر پێ: "ئەمانەم وەکو دیارییەك بۆ کڵێسا لێوەرگرە".

کڵێسا کەسی تیا نەمابوو. لای دەرگاکەوە دووکەس چاوەڕێی پیدرۆپارامۆ بوون. چووە لایان و بەدوای تابوتەکەدا، کە بەسەرشانی چوارکەس لە خەڵکی میدیالۆناوە بوو، کەوتنەڕێ.

بابا ڕێنتیریا یەك یەك، لیرەکانی هەڵگرتەوەو لە میحرابەکە نزیك بۆوە. وتی: "ئەمانە هی تۆن. ئەو خۆی دەزانێ نرخی لێبوردن چەندە، بە دەست خۆتە، بەم نرخە ڕازیت یان نە ، بەڵام من لە بارەگای تۆدام و چاوەڕێی پاداشت و سزام.. لەبەر ئەوەی هەر شتێك لە دەستی ئێمەدا بێ بەڵگەی ئەوەیەکە...

گەر داوای بڕیاری من بکەیت، ئەی خوای گەورە دەڵێم بیخەرە دۆزەخەوە".

دەرگاکەی داخست و هێدی هێدی بەرەوە ژووری شتە پیرۆزەکان ڕۆیی. لە گۆشەیەکدا دانیشت و لە غەم و حەسرەتا دەستی کردە گریان، گریانێك دڵی بێنێتەوە سەرخۆی. پاشان وتی: "باشە خودایا... تۆ بردتەوە."

کاتی نان خواردنی ئێوارە، وەك هەمووکاتێکی دی، فنجانێك کاکاوی خواردەوە. هەستی بە ئارامی دەکرد.

"گوێ بگرە ئانا. دەزانیت ئەمڕۆ کێیان ناشت؟".

"نەخێر، مامە".

"میگیل پارامۆ، لە یادتە؟"

"بەڵێ، مامە."

"دەڵێم میگیل."

ئانا سەری داخست.

"دڵنیایت ئەوبوو ئانا؟."

"نە دڵنیا نیم.. مامە. دەموچاویم نەدی. دنیا تاریك بوو کەهات بۆلام."

"ئەی باشە چۆن دەزانیت کە میگیل پارامۆبوو؟".

"خۆی وتی: ئانا، مەترسە من میگیل پارامۆم. وای پێ وتم."

"بەڵام تۆ دەتزانی کە ئەو بوو باوکتی کوشت، نەتدەزانی؟"

"بەڵێ، مامە دەمزانی."

"ئەی باشە بۆ ئەوەی لە دەستی ڕزگارت بێ چیت کرد؟".

"هیچم نەکرد، مامە."

بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوون و گوێیان بۆ شنەی ئەو با گەرمە گرت کە یاریی بە گەڵای درەختەکان دەکرد و دەیلەنگاندنەوە.

"پێی وتم، هاتووم تکات لێ بکەم بمبەخشیت و منیش بێ ئەوەی لە قەرەوێڵەکەم بێمە خوارێ وتم، پەنجەرەکە کراوەیە و ئەویش هاتە ژوورەوە.

"هەر کەهاتە لام یەکسەر باوەشی پیاکردم، وەك ئەوەی ئەوە تاقە شێوازی بێ تا بیبەخشم. زەردەخەنەیەکم هاتێ، چونکە ئەو شتانەم هاتەوەیاد کە تۆفێرت کردبووم. تۆ پێت دەوتم نابێ ڕق لە کەس هەڵگرم.

بە دەمیەوە پێکەنیم، تاکو هەستی پێ بکات و بزانێ کە بەخشیومە. بەڵام لە پاشاندا بۆم دەرکەوت کە ناتوانێت لە تاریکیدا بمبینێ، هەروەکو چۆن منیش نەمدەتوانی. ئەوەندە نەبێ هەستم کرد خۆی داوە بە سەرماو خەریك بوو کاری خراپم لەگەڵدا بکات.

" بیرم کردەوە دەیەوێ بمکوژێ، مامە تەنها بیرم لەوە دەکردەوە. هەوڵمدا پێش ئەوەی ئەو بمکوژێ، بمرم. بەڵام نەمتوانی

و دڵنیام ئەویش غیرەتی نەبووکاری وام لەگەڵدا بکات. کاتێ هەستم بەوە کرد کە چاوم هەڵهێنا و هەتاوم دی لە پەنجەرەکەدا دەبریسکایەوە. لەوە پێش وای دەزانی مردووم.".

"بەڵام دەبوو دڵنیا بیت، دەنگی، بەدەنگیا نەتناسیەوە؟."

"بەهیچ شتێکدا نەمناسیەوە. تەنها دەمزانی باوکمی کوشتووە. لەوەبەر هەرگیز چاوم پێی نەکەوتبوو مامە، لەوە بەدواش هەرگیز نەمدیەوە."

"بەڵام تۆ دەتزانی ئەو کێیە".

"بەڵێ. ئەگەر ئەو بێت جێگەی ناخۆشترین شوێنی دۆزەخە، چونکە ئەمە تاقە شتێکە بەو پەڕی توانامەوە لە قەدیسەکانم داواکردووە."

"ڕۆڵەکەم زۆریش دڵنیا مەبە. تۆ ئاگات لەوە نیە چەند کەس دوعای خێری بۆ دەکەن. لە کاتێکدا تۆ یەك کەسیت، تاقە کەسێك لە بەرامبەر هەزار کەسدا. جگە لەوەش ئەوان کەسی وایان تێدایە زۆر لە تۆ بەهێزترن، وەکو باوکی."

خەریکبوو پێی بڵێ: "منیش، ئەوم بەخشیوە.".

بەڵام ئەمە تەنها بیرۆکەیەك بوو بەمێشکیدا تێپەڕی و هیچی دی. نەیدەویست هێندەی تر دڵی برینداری بڕەنجێنێت. لەبری ئەوە دەستی گرت و وتی: "وەرەبا سوپاسی خوای گەورەمان بکەین کە ئەوی لەسەر ئەم زەوییە بردەوە بۆ خۆی، ئەوێك کە هەموو گیانی خراپە کاری بوو. ئیدی ئەگەر ئێستا بردبێتی بۆ بەهەشتیش گرنگ نییە."

لەو چوار ڕیانەوە کە جادەی سەرەکی بەڕێی کۆنتێلاوە گرێ دەدا ئەسپێك تیژ تێپەڕی. کەس ئەو ئەسپەی نەدی. بەڵام ئافرەتێك، کە لە دامێنی ئاواییەوە چاوەڕوانیی دەکرد، هەواڵی

گەیانـد کـە ئەسـپەکەی دیـوەو قاچـەکانی هێنـدە نوشـتاونەتەوە، خەریکبووە سەرسم بدا.

ئافرەتەکە ئەسپە سوورەکەی میگیل پـارامۆی ناسـیوەتەوەو بیری کردۆتەوە: "ئێستا نا ساتێکی دی مێشکی ئەم ئاژەڵە دەپژێتە سەر زەوی"

پاشـان ئەسـپەکەی دیبـوو کـە چـۆن گـوڕی بەسـتبۆوە و کەوتبووە غار، گوایە لە دەست ئەو شتەی لە دوایەوە ترسـاندویەتی هەڵاتووە. چیرۆکی ئـەم ئافرەتـە لـە شـەوی بـەخاك سـپاردندا، ئـەو کاتـەی پیـاوان مانـدوێتیی ڕێی گۆڕسـتانیان دەردەکـرد، گەیشـتە میدیالۆنا. ئەوانیش، بەر لە نوسـتن وەکـو خـەڵکی هەرجێیـەکی دی سەرگەرمی گفتوگۆ بوون.

ترنسیۆ لۆبیانس وتی:

" ئەم جەنازەیە لە پەل و پۆی خستم، ئێسـتاش شـان و ملـم دەزیرپێنن.".

ئۆبیادای برای وتی:

"شـان و ملـی منـیش، تلـۆقی پەنجـە گـەورەکانی قاچیشـم تەواوگەورە بوون، پێشیان گوتین پێڵاوەکانمان لە پـێ بکـەین، هـەر چەندە ئەمڕۆ ڕۆژی جەژنیش نەبوو، تۆریبیۆ، تۆ دەڵێی چی؟".

"من گوێ بە قسەی کـەس نـادەم. ئەگـەر ڕاسـتتان دەوێ لـە کاتی خۆیدا مرد."

پـاش چـەند سـاتێك و لەگـەڵ هـاتنی دوا گالیسـکەدا، چـەند هەواڵێك لە کۆنتێلاوە گەیشتن.

"دەڵێن ڕۆحیانەتەکەی بـەوناوەدا دەسـووڕێتەوە. چـاویان لێ بووە لە پەنجەرەی نازانم کـام ئافرەتـەی داوە. هـەروەکو خۆیـەتی، تەنانەت هەر پانتۆڵە چەرمەکەشی لە پێدایە.

"تۆ لەو بڕوایەدایت کە دۆن پیدرۆ بەو تەبیعەتەیەوە بهێڵێت کوڕەکەی دوای شتی خراپ بکەوێ؟ ئەگەر بۆنی شتێکی وا بکات دەمی لێ دەکاتەوەو دەڵێ: "گوێ بگرە، ئێستا تۆ مردوویت، بڕۆ لە گۆڕەکەتا لێی ڕاکشێ و ئەو کارانە بۆ ئێمە جێ بهێڵە" ئەگەر بە قسەی نەکات و هەر مل بنێت، گرەو دەکەم دووبارە بۆ گۆڕستانی دەنێرێتەوە."

"ئێسایاس ڕاست دەکەیت، ئەو پیرە مێردە سەروکاری لەگەڵ ئەو جۆرە کارانەدا نییە."

گالیسکەچییەکە لەسەر ڕۆیشتنی بەردەوام بو و وتی: "شتەکەم چۆن بیستووە، ئاوەها بۆتانی دەگێڕمەوە."

چەند ئەستێرەیەك کشان. بەجۆرێك کشان دەتوت ئاگر لە ئاسمانەوە دەبارێ.

تیرینسیۆ وتی:

"تەماشاکەن ئاسمان چ ئاهەنگێك دەگێڕێت!"

خیسۆس وتی:

"ئەوە ئاهەنگ بۆ ماتەمی میگیل دەگێڕێت."

"نیشانەیەکی خراپ نیە؟"

"مەبەستت چییە؟"

"ڕەنگە خوشکەکەت سەودای گەڕانەوەی ئەوی هەبێت."

"لەگەڵ کێتە؟"

"تۆ."

"بابڕۆین، ئیشکردن ماندووی کردوین و وا بەیانیشە."

ئیدی وەکو تارمایی ون بوون.

بەڵام یەکێکی تریان هاواری کرد:

"بەخوشکت بڵێ نەگری، من ماوم".

"سڵاومی پێ بگەیەنە".

ئەستێرە باران بوو. چراکانی کۆمالا یەک لە دوای یەک خامۆش بوون و ئاسمان شەوی خستە ژێر باڵی خۆیەوە.

باپیرە ڕێنتریا خەوی لێ نەدەکەوت. لەسەر قەرەوێڵەکەی تلێکیدا. بەخۆی وت، هەرچییەك ڕوویداوە خەتای خۆم بووە. ترس لەوەی دەوڵەمەندەکان سەرزەنشت بکەم. لەبەر ئەوەی ئەوان ژیانم دابین دەکەن، هیچ کاتێ گەداکان عانەیەك ناخەنەدەستمەوەو دوعا کردنیش سکی ئادەمیزاد تێر ناکات. تا ئێستاش هەروابووە. ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینم. خەتای خۆمە. هەموو ئەو کەسانەم فریوداون کە خۆشیان ویستووم و ئەوانیش تا ئێستا بڕوایان پێمە و داوام لێدەکەن لە خزمەت خوادا بۆیان بپاڕێمەوە. بەڵام بەم بڕوا پێ بوونەم، چییان دەستگیربووە؟ کلیلی بەهەشتیان دەست کەوتووە؟ پاکبوونەوەی ڕۆحیان؟ پاکبوونەوەی ڕۆحیان بۆچییە لە کاتێکدا دڵنیان لە دوا ساتی ژیاندان... ئێستاش ماریا دیادام لەبەرچاوە ئەو ڕۆژەی کە هات بزانێ داخۆ داوای بەخشینم بۆ (ئەدۆڤیخیس)ی خوشکی کردووە، یان نە.

" هەموو کاتێ خزمەتی ئەوانەی دەکرد کە وەکو خۆی وابوون. هەرشتێکی هەبوایە دەیدانێ. تەنانەت کوڕیشی بۆ دروست کردن، منداڵەکانی نیشان دەدان تاکو دڵنیابن کە منداڵی خۆیانن، بەڵام ئەوان قایل نەدەبوون و ملیان نەدەدا.

بەمنداڵەکانی دەوت: کەواتە من باوکتانم، هەروەکو چۆن دایکیشتانم. هەموو بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنا، چونکە ئافرەتێکی زۆرباش بوو، دڵی کەسی نەدەڕەنجاندو حەزیشی نەدەکرد لەگەڵ کەس بڵێ.

"بەڵام خۆی کوشت، ئەم کارەش پێچەوانەی ئیرادەی خوایە.

"هیچی تری لەدەست نەدەهات... ئەمەشی هەر لە ڕووی چاکەوە کرد.

"من پێم وت: له دواساتدا ئیشه‌كه‌ت تێكدا، ڕێك و ڕاست له‌ دوا ساتدا. دوای ئه‌و هه‌موو چاكه‌یه له پرێكا هه‌مووی خسته ژێر پێیه‌وه.

"به‌ڵام ئه‌و نه‌یخستنه ژێر پێیه‌وه، به‌دڵێكی پڕ له غه‌مه‌وه مرد. بابا تۆ، تۆ له‌باره‌ی غه‌م و خه‌فه‌ته‌وه زۆرشتت به ئێمه وتووه، به‌ڵام له یادم نه‌ماون. چۆنێتی مردنه‌كه‌یت چۆن بۆ باس كه‌م، هه‌موو جه‌سته‌ی خوێنی تێزا. ئێستاش سیمایم له‌به‌رچاوه، هیچ كه‌سێك تاكو ئێستا ده‌موچاوێكی پڕ له به‌زه‌یی وای به‌خۆیه‌وه نه‌دیوه.

"ڕه‌نگه زۆر دوعا كردن و پاڕانه‌وه... بابا، بازۆر بپاڕێینه‌وه‌و دوعا بكه‌ین. ده‌ڵێم ڕه‌نگه، ڕه‌نگه به دوعای قدیس گریگۆری بتوانین... به‌ڵام بۆ خوێندنی ئه‌و دوعایه ده‌بێ یارمه‌تیده‌رمان هه‌بێت، ده‌بێ بنێرین به‌دوای قه‌شه‌كاندا.. ئه‌مه‌ش پاره‌ی ده‌وێت.."

ماریا دیادا، له‌به‌ر چاوانمدا بوو. پیرێژنێك به پۆلێك مناڵه‌وه.

"من پوول شك نابه‌م، بابا، خۆت ئه‌مه‌باش ده‌زانیت."

"بالێگه‌ڕێین شته‌كان خۆیان چۆنن هه‌روابن و ئومێدمان به‌خوا هه‌بێت."

"زۆرچاكه. بابا".

ئه‌و نیگایانه بۆ هێنده خۆڕاگر بوون و سه‌ریان بۆ قه‌ده‌ر دانه‌ده‌واند.

به‌خشینی ئه‌وی به‌لاوه چه‌ند گران بوو، له كاتێكدا به ئاسانی ده‌یتوانی یه‌ك دوو وشه له ژێر لێویه‌وه بخوێنێ، یان ئه‌گه‌ر پاكبوونه‌وه‌ی ڕۆحیانه‌تی پێویستی ده‌كرد باسه‌د وشه‌ی بخوێندایه؟ چی له باره‌ی به‌هه‌شت و دۆزه‌خه‌وه ده‌زانی؟ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ده‌یزانی كێ ده‌بێ بچێته به‌هه‌شته‌وه. له ئاواییه‌كی ئاوا بێ ناونیشاندا سه‌رگه‌ردان بوو، به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌ی ده‌زانی، پێویستی

بەلیستێ ناو بوو. دەستی کرد بە یاد هێنانەوەی یەك بەیەكی قدیسە کاسۆلیکیەکان لەمێشکی خۆیدا. شەهید و مێرد نەکردوو، سانتا تۆنیلۆنیای پاکیزە و شەهید، ئەنیرسیۆی قەشە، سانتا سالۆمە، بێوەژن" ئالۆدیا، یان ئەلۆدیاو تۆلینا، دوو ئافرەتی مێردنەکردوو، کۆردولاو دۆناتو" بەردەوام بوو.. کاتێ لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکەی دانیشت خەوبردیەوە: قدیسەکان وەکو مەڕ دەژمێرم." لەژوورەکەی چووە دەرێ و تەماشای ئاسمانی کرد. ئەستێرە دەبارین، ئاخێکی هەڵکێشا چونکە حەزی دەکرد ئاسمانی بە ئارامی و کپی ببینایە. گوێی لە دەنگی کەڵەشێرەکان بوو، هەستی کرد کفنی شەو زەوی دادەپۆشێ. زەوی: "ئەم دۆڵە پڕ لە ئەسرینە".

ئەدۆ ڤیخیس دیادا پێی وتم:
"کوڕەکەم بۆتۆ وا چاکترە ".

شەو درەنگ ببوو. چرای قوژبنی ژوورەکەش کزببوو، پاشان پرتە پرتێکی کرد و کوژایەوە.

هەستم کرد لە جێگا کەی خۆی هەڵسا تا بچێت چرایەکی تر بهێنێ. گوێم لە هەنگاوەکانی بوو کە دووردەکەوتەوە.. چاوەڕێم کرد.

نەگەڕایەوە، پاش ماوەیەك منیش هەڵسام. بەهەنگاوی لەسەر خۆو ورد توانیم لە تاریکیەکەدا ڕێی خۆم بدۆزمەوە. ڕۆیشتم تاکو گەیشتمە ژوورەکەم. لەسەر ئەرزەکە دانیشتم، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد خەو بمباتەوە.

نوستم. بەڵام لەخەو ڕادەپەڕیم و دەنوستمەوە.

لە پڕێکا لە خەو ڕاپەڕیم لەبەرئەوەی دەنگێکم بیست، دەنگەکە لە هاواری مەستێك دەچوو: "قوڕ بەسەر ئەم ژیانە!".

له پڕداهه‌ڵسام و دانیشتم، چونکه ده‌نگه‌که ئه‌وه‌نده به‌هێز بوو، ده‌تووت به‌گوێما قیژاندوویانه.. به مه‌زه‌نه‌م ئه‌و ده‌نگه له‌وه‌ده‌چوو له جاده‌که‌وه بێ به‌ڵام من له‌وباوه‌ڕه‌دا بووم له‌ماڵه‌که‌دایه، له‌ودیو دیواری ژووره‌که‌مه‌وه. به‌ڵام له‌پاشاندا جگه له باڵه فڕێی په‌پووله‌یه‌ك و ڕازی بێده‌نگی، هیچ ده‌نگێکی دی نه‌ده‌هات.

قووڵیی ئه‌و بێده‌نگی‌یه نه‌ده‌پێورا، که ئه‌و هاواره دروستی کردبوو. وه‌ك ئه‌وه‌ی سه‌رزه‌وی هه‌وای لێ بڕابێ. هیچ ده‌نگێك، ته‌نانه‌ت ده‌نگی هه‌ناسه‌دان یا لێدانی دڵیشم نه‌ده‌بیسترا... کاتێك ئه‌و ساته‌وه‌ختانه ڕابوردن و که‌م که‌م هاتمه‌وه سه‌رخۆم، دووباره ده‌نگه‌که به‌ررزبۆوه و ماوه‌یه‌ك به‌رده‌وام بوو: "وازم لێ بهێنن با هیچ نه‌بێ لنگه فرتێ بکه‌م. ئه‌و کاته له داریشم بده‌ن قه‌یناکا.. به‌ڵام باتۆزێك لنگه فرتێ بکه‌م!"

له‌پڕ ده‌رگاکه کرایه‌وه.

پرسیم: "ئه‌وه تۆیت، دۆنیا ئه‌دۆڤیخیس؟ چی ڕووی‌داوه؟ ده‌ترسیت؟

" من ناوم ئه‌دۆڤیخیس نییه. ناوم دامیانه‌یه. ده‌مزانی که لێره‌یت، هاتم چاوێکم پێت بکه‌وێ. ده‌مه‌وێ له‌گه‌ڵمدا بێیت تاله‌ماڵی ئێمه بخه‌ویت. له‌وێ باشتر خه‌وت لێده‌که‌وێ.

"دامیانا سیسنیرۆس؟ تۆ له میدیالۆنا نه‌ده‌ژیایت؟".

"له‌وێ ده‌ژیم. هه‌ر بۆیه‌شه درەنگ گه‌یشتمه ئێره".

"دایکم له‌باره‌ی خاتوو دامیانایه‌که‌وه قسه‌ی بۆ کردووم، ئه‌و ئافره‌ته له منداڵیمدا چاودێریی کردووم، ئایا تۆ...".

"به‌ڵێ، من ئه‌وم. له‌و کاته‌وه‌ی چاوت هه‌ڵهێناوه ده‌تناسم."

"لەگەڵتا دێم. لێرە، لە ناو ئەم هات و هاوارەدا خەوم لێ ناکەوێ. نەتزانی ئەوەچی بوو لێرە ڕوویدا؟ لەوە نەدەچوو بیانەوێ کەسێك بکوژن؟".

"ڕەنگە دەنگدانەوەی هاواری زیندانیەك بێت کە لەوێدا بەندکرابێ، ماوەیەك لەمەوپێش (توریبیۆئاڵدرێت) یان لەو ژوورەدا سەرەو ژوور هەڵواسیبوو. پاشان دەرگاکەیان کلیل داو وازیان لێ هێنا لاشەکەی وشك بێتەوە، تا هەرگیز هەست بە ئارامی نەکات. نازانم تۆ چۆن هاتیتە ئەم ژوورەوە، لە کاتێکدا دەرگاکەی هیچ کلیلێکی بۆ نابێت.".

"دۆنیا ئەدۆڤیخیس کردییەوە. پێی وتم تاقە ژوورێکە لە توانایدایە بمداتێ."

"ئەدۆڤیخیس دیادا؟"

"بەڵێ".

"ئەدۆڤیخیسی بەسزمان، کەواتە دیارە ئێستاش هەر عەزاب دەچێژێت."

"ناوم، فۆلگۆر سیدانۆیە، تەمەنم پەنجا و چوار ساڵە، سەڵتم، وەکیلم لە بەرز کردنەوەی دەعواو بەدووکەوتنیدا. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەمەو بەپێی مافی شەخسیی خۆم داوای ئەم شتانەی خوارەوە دەکەمو دەیانخەمە ڕوو..."

ئەمانە ئەو قسانەن کە ئەو لە دەعواکەیدا لەسەر تۆریبیۆ ئالدرێت کردنی.

پاشان وتی: "دەعواکە مافی سوودوەرگرتن لە مۆڵکەکانیش دەگرێتەوە."

"دۆن فۆلگۆر کەس لاری لەوە نیە کە تۆ بەڕێزو خانەدانیت" دەزانم هەر شتێکت بوێ دەتوانیت بە ئەنجامی بگەیەنیت. نەك لەبەر ئەوەی گەورەکان پشتیوانتن، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆ خۆت مەردی مەیدانەکەی.".

بیری دەکردەوە. دوای ئەوەی لە خۆشیی ئەو ڕێکەوتنە خواردیانەوە، یەکەم شت کە ئالدرێت پێی وت، ئەمە بوو: "دۆن فۆلگۆر ئەگەر ئەم کاغەزە بەکاری هیچیش نەیەت، خۆ ئێمەی لەیەکتر نزیك خستەوە. تۆش ئەمەدەزانیت. تا ئەو شوێنەشی پەیوەندیی بە تۆوە هەیەکە ئەوکارەی داوایان لێکردبووی بە ئەنجامت گەیاند.. ئێمەشت لە دەردەسەری ڕزگار کرد. هەرچەندە لەیەکەم بەرخوردا نیگەرانت کردم... ئێستاش کە سەری پەتەکەم هاتۆتە دەست تەماشادەکەم زۆر پێکەنیناویە. نووسیویەتی "مافی سوود وەرگرتن لە کانیاوو زەویەکان" دەبێ ئاغات لەم هەموو گێلێتییەی شەرمەزاربێت."

بیریکردەوە، ئەوان لەماڵی ئەدۆڤیخیس دیادابوون. دۆن فۆلگۆر لێی پرسی: "ڤیخیس، ئەو ژوورەی گۆشەی هەیوانەکەم دەدەیتێ؟".

"دۆن فۆلگۆر، هەر کامێکیانت دەوێ، گەر داوای هەموو ژوورەکانیش بکەیت، لەخزمەتتدان. پیاوەکانتان ئەمشەو لێرە دەخەون؟.".

"نەخێر، تەنها یەك کەس، تۆ بچۆ بنوو، غەمی ئێمەت نەبێ بەڵام کلیلەکەیمان بۆ بەجێ بهێڵە."

تۆریبیۆ ئالدرێت وتی: "ئەوەی کە دەمەوێ پێتی بڵێم ئەوەیەکە هیچ کەسێك لاریی لەوە نیە تۆ کابرایەکی خانەدانیت.

بەڵام من لەئاست ئەو هەتیوە بێ مێشکەدا کە گەورەی تۆیە، چاوم هەڵنایە.".

بیریکردەوە. ئەمە دوا قسە بووبێ گرێ و گۆڵ لەوی بیست، چونکە لەوەودوا ڕەفتاری شێتانەگۆڕاو دەستی کردە هاوار هاوار. تا پێی وت: "وتت گەورەکان پشتیوانمن، ها؟ دەبینیت!"

بەدەسکی قامچیەکە لە دەرگای ماڵی پیدرۆپارامۆی دا. یادی دووهەفتە لەوەو پێشی کەوتەوە کە تەقەتەق لەهەمان دەرگایدابوو. ماوەیەك وەستاو چاوەڕێی کرد، هەروەکو چۆن جاری یەکەم چاوەڕێی کردبوو. جارێکی دی تەماشای ئەو پەڕۆڕەشەی کردەوە کە بەسەر دەرگاکەوە هەڵواسرابوو. بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەیەکی دی لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەکردن: "دیارە دانەیەکی تریان پێوە هەڵواسیوە. ئەوی یەکەم تەواو کاڵ بو بۆوە، بەڵام ئەمەیان تازەیەو وەك ئاوریشم دەبریسکێتەوە.. گەرچی پەڕۆ کۆنێکەو ڕەنگ کراوە."

لەجاری یەکەمدا ئەوەندە چاوەڕێی کرد، تا دڵنیا بوو کە ماڵەکە کەسی تێدانیە. ویستی بکەوێتە ڕێ و بڕوات کە پیدرۆپارامۆ پەیدابوو.

"وەرە ژوورەوە، فۆلگۆر."

دووەم جار بوو چاوی پێی دەکەوت. جاری یەکەم منداڵێکی شیرە خۆرە بوو، بەڵام دەیتوانی بەم جارەیان بڵێ هەلی یەکەم. وەکو ڕەقیبێك لەگەڵیدا کەوتە قسەکردن. لەکاتێکدا لۆقی درێژی هەڵهێنایەوەو قامچییەکی بە قاچیدا کێشاو بەدوایدا خۆی کرد بەژوورا، لەدڵی خۆیدا وتی: "ئێستا دەزانێ کەمن ئاگاداری هەموو شتێکم، بۆی دەردەکەوێ، هەر لەبەر ئەوەش هاتووم بۆ ئێرە."

"فۆلگـۆر، دانیشــە، لێـرە دەتـوانین بـەئارامی قســەکانمان بکەین."

لــەنێو پشــتیرەکەدا بــوون. پیــدرۆپارامۆ لەســەر گژوگیاکــە ڕاکشاو و چاوەڕێ بوو"

"بۆ دانانیشیت؟"

"وا بەچاکتر دەزانم بەپێوە بم، پیدرۆ."

"کەیفی خۆتە، بەڵام ئەوەت لەبیرنەچێ پێم بڵێی "دۆن"".

ئـەم منداڵـە کێیـە بـەو شـێوەیە قســەی لەگەڵـدا دەکـات؟ تەنانـەت باوکیشـی، دۆنلۆکـاسپـارامۆ، هـیچ کاتێـك بـەم شـێوەیە ئیهانەی نـەکردووە. ئـەو کاتـە ئـەم پیدرۆیـە نەسـەری لـە میـدیالۆنا دەردەکردو نە دەشـیتوانی بـەڕێوەی بـەرێ و فـەرمانڕەوایی بکـات. ئێستاش وەکو جوتیارێك ڕەفتـاری لەگەڵـدا دەکـات. ئـای لـەم دنیـا سەیرە.

"کارەکان چۆن بەڕێوەدەچن؟".

هەسـتی کـرد ئـەو هەلـەی بەدەسـت هێنـاوە کـە دەیویسـت، بەخۆی وت: "ئێستا نۆرەی منە".

"ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبن، هیچ نەماوە، دواسـەری حـەیوانمان فرۆشتووە."

دەستی کرد بەگیرفانیدا بۆ ئەوەی چەند کاغەزێك دەربهێنێ و پێی بڵێ قەرزەکانیان گەیشتۆتە چەند. هەروەها خـەریکبوو پێشـی بڵێ "ئەوەندە قەرزارین" کە پیدرۆ پارامۆ وتی:

"قەرزاری کێین؟ گرنگ نیـیە چەند قـەرزارین، بـەڵام قـەرزاری کێین؟

لیستێك ناوی بۆ خوێندەوە.

"هیچمان نەماوە، تا قەرزەکانی پێ بدەینەوە، ئەمەیە کێشەکەی ئێمە."

"بۆ؟"

"چونکە خێزانەکەتان هەموویان خەرج کردووە، ئەوان تەنها دەستیان پان کردۆتەوەو هیچیان نەداوە. من خۆم دەموت، درەنگ یان زوو قڕدەخەنە هەموو شتێك. بەڵێ واشیان کرد. ئەگەرچی ئێستا چەند زەوی کڕێکی چاکیش هەن، پارەی باش دەدەن، ئەو پارەیە بەشی قەرزەکان دەکات و شتێکیشی لێ دەمێنێتەوە.

"ئەو زەوی کڕە خۆت نیت؟".

"من و ئەو کارانە لەکوێ؟ چۆن گومانی وا دەکەیت؟"

" من گومان لەهەموو شتێك دەکەم، بەیانی دەست بە ئیش دەکەین. یەکەمجار لە بنەماڵەی پریسیادۆوە دەست پێدەکەین. وتت لە هەموویان زیاتر قەرزی ئەوانمان لایە؟"

"بەڵێ، لە گشتیان کەمتریشمان داونەتەوە. باوکت هەمووکاتێ قەرزی ئەوانی لە دوای هەموانەوە دەدایەوە. وابزانم یەکێکیان، کە ناوی ماتێڵدەیە چۆتە شار بژی. نازانم چووە بۆ گوادالاخارا یان کۆلیما. بەڵام لۆلا... مەبەستم دۆنیا دۆلۆریسە... ئەو بووە بەخاوەنی هەموو شتەکان.. بێگومان کێڵگەی ئینمێدیۆت لە یادە.. دەبێ قەرزەکە بدەینەوە بەو."

"بەیانی دەچیت و خوازبێنیی لۆلا دەکەیت"

"پێم قایل نابێت، من زۆر پیرم"

"بۆ منی خوازبێنی بکە. پێی بڵێ. نەك بەدڵێك، بەسەد دڵ خۆشم دەوێ. تاکو ئەم کارە جێبەجێ دەکەی، بە باپیرە ڕێنیتریا بڵێ مشووری زەماوەندەکەمان بخوات. پارەت چەند پێیە؟"

"هیچ، دۆن پیدرۆ"

"کەواتـە بـەڵێنی بـدەرێ. پـێی بڵـێ دەیدەینـەوە. واهەسـت ناکەم کۆسپێك لە ڕێدابێت. بەیانی ئەم کارە جێبەجێ بکە".

"سەبارەت بە تۆریبیۆ ئالدرێت دەڵێ ی چی؟"

"تۆ ناوی بنەماڵەی پریسیادۆ، فریگۆسۆ، گۆزمانت هێنا. ئەی ئەو داوای چی دەکا؟"

"مەسـەلەی سـنوور لـە گۆڕێیـە. خـەریکی پـەرژین دروسـت کردنە و داوای لە ئێمەش کردووە بەشی خۆمان پەرژین بکـەین تـاکو بەشکردنەکە کۆتایی پێ بێت"

"ئەمەیان هـەڵگرە بـۆ دوایـی.. نیگـەرانی سـنوورەکان مەبـە. هیچ سنوورێك لەگۆڕێ نییە. فۆلگۆر ئەمەت لە بیربێ، گەر سەریشت لێدەرنەچـێ، زەوی بـەش نـاکرێ. ئێسـتا دوای مەسـەلەکەی لـۆلا بکەوە. دانانیشیت؟"

"سوپاس دۆن پیدرۆ، دادەنیشم. لە ڕاستیدا دەمـەوێ لەگـەڵ تۆدا ئیش بکەم".

"هەرچی بە پێویستی دەزانیت، بەلۆلای بڵێ، بـەڵام لـە بـیرت نەچێ پێی بڵێیت کە خۆشم دەوێ، ئەمـە خـاڵێکی گرنگـە. سـیدانۆ بەڕاستمە زۆرم خۆش دەوێ، خۆت دەزانیت لە پێناوی چاوەکانیدا.. لەبـەر ئـەوە سـبەینێ هـەموو شـتێك تەواوبکـە. منـیش هەنـدێ لـە ئەرکەکانی وەکیلیەکەت لەسەر شان سووك دەکەمەوە. کارێ دەکەم لە بارەی میدیالۆناوە دڵت ئارام بێ."

فۆلگۆر سیدانۆ، لە کاتێکدا بە پەلە دەگەڕایەوە بـۆ میـدیالۆنا لە خۆی پرسـی: ئـەم هـەتیوە، ئـەم هـەموو فـێڵ و تەڵەکەبازیـە لـە کوێـوە فێـر بـووە؟ چـاوەڕێی شـتی وام لێنـەدەکرد. بـاوکی، دۆن لۆکـاس، دەیـوت "بەکـەڵکی هـیچ نایـەت، دەسـت و پـێ سـپییە."

منیش پـێم دەوت، ڕاسـت دەکـەیت. "کـاتێکیش مـن مـردم، دەسـت بدەرە کارێکی تر فۆلگۆر." " بەسەر چاو، دۆن لۆکـاس" "پوخـت و پاك پێتدەڵێم، بیرم کردۆتەوە بینێرمە قوتابخانە. بزانم فێری شـتێك دەبێت یان نە . تەنها لەبەر ئەوەی کاتێك من نەمام، چاوی لە دایکە بەسـزمانەکەیەوە بێـت، بـەلاَم ئەمەشـی لێ ناوەشـێتەوە." "دۆن لۆکاس، خۆت تووشی ئەم چەرمە سەرىیە مەکە. لەهیچ ڕوویەکـەوە حسابی بۆ مەکە". "خەریکە پیر دەبم و ئەو کاتە ئەو دەست ناداتـە ژێـر بـاڵی باوکیشـی. فۆلگـۆر لێی بـێ ئومێـد بـووم.." "شـتێکی ترسناکیشە دۆن لۆکاس،"

ئێستاش وەرەو تەماشای کە. دۆن پیدرۆ لەوەپێش حەزی بە میدیالۆنا نەدەکرد، تەنانەت زەحمەتی بینینیشی بـەرخۆی نـەدابوو، بەلاَم ئێسـتا خۆشـی دەویسـت. هـەموو جێگەیـەکی خـۆش دەوێـت. هەموو ئەو گردۆڵکە ڕووتەڵانەی خۆش دەویست کە کرابوونـە زەویـی کشـتوکاڵ و ئـەو هـەموو بەرهەمـەیان دابـوو. لەبـەر خۆیـەوە وتـی: "خاکە خۆشەویستەکەی ئەنمیدۆ وەرە." هەر بەڕاستیش هەستیکرد لێی نزیك دەبێتەوە. کـاتێکیش لـە دەروازە گەورەکـەی کێڵگەکـەوە ئاودیو بوو، قامچییەکەی بەقاچی خۆیدا کێشا.

دۆلـۆریس، زۆر بـە ئاسـانی کەوتـە ژێـر کـارتێکردنی قسەکانیەوە. چاوەکانی بریسکانەوەو لە سیمایدا جـۆش و خرۆشـێك دەبینرا.

"دۆن فۆلگـۆر داوای لێبـوردن دەکـەم، ئـاوا سـوورهەڵگەڕاوم. هەرگیز بە بیرمدا نەهاتووە دۆن پیدرۆ ئاوڕ لەمن بداتەوە."

"بیرکردنەوەی لە تۆ خەوو خۆراکی لێ حەرام کردووە".

"ئاخر. ئەو حەزی لە هەر کەسێك بێت دەتوانێ بیهێنێت. کۆمالا پڕە لە کچی شۆخ و شەنگ. ئەگەر بەمە بزانن داخۆ بلێن چی؟"

"دۆلۆریس، ئەو جگە لە تۆ بیر لە کەسی دی ناکاتەوە."

"هەموو گیانم کەوتۆتە لەرزین، من شتی وام بەخەیاڵیشدا نەهاتووە."

"مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو هیچ شتێکی خۆی بەکەس نالێ. دۆن لۆکاس، خودا لێی خۆش بێ پێی وتبوو تۆ بەکەڵکی نایەیت، ئەویش شەرمی کردووە زمان هەڵبێنێتەوە، ئێستاش کە باوکی مردوە، ئیتر ڕێگرێك لە ئارادانەماوە، ئەمە یەکەم هەنگاوە کە ئەو بیری لێکردۆتەوە، ڕاستیەکەی منیش لە هەواڵ هێنانەکەدا تۆزێك کەمتەرخەمیم کرد، چونکە کارم زۆر بوو. ئێ، کەواتە سبەینێ هەمووشتێ دەبڕێنینەوە، ڕازیت؟".

"سبەینێ زوونیە؟ هیچم ئامادەنیە. دەبێ جیازی بکڕم و نامە بۆ خوشکم بنووسم... نە ، چاکتروایە کەسێك بنێرمەلای. هەرچۆنێك بێت تا پێش هەشتی نیسان ئامادەنیم. ئەمڕۆ یەکی نیسانە، ئا. لە هەشتی مانگدا ئامادەبم، داوای لێبوردنی لێ بکە و دەبێ چەند ڕۆژێکم مۆڵەت بداتێ."

"ئەو دەیویست هەر ئەمڕۆش شاییەکە سازبکرێ، ئەگەر غەمی جیازی دەخۆیت، جێبەجێی دەکەین. دایکی پیدرۆ، خوالێی خۆش بێت بەتەمابوو بۆ خۆی جلە بوکێنییەکانت لەبەربکات، ئەمە عادەتی بنەماڵەکەیە."

"ئاخر چەند شتێکی تریش هەن، شتی ئافرەتانە، خۆت دەزانیت کە... بەلام دۆن فۆلگۆر شەرم دەکەم بە تۆی بلێم.

تەماشاکە چۆن سووربومەتەوە... ئێستا ئەو وەختەیە لەمانگدا..."

"دەتەوێ بڵێی چی؟ شووکردن پەیوەندیی بەڕۆژ ژمێرەوە نیە، بەندە بە عەشقەوە، ئەمە لە هەمووی گرنگترە."

"دۆن فۆلگۆر، تۆتێناگەیت".

"تێدەگەم، باشە، بادووسبەی بێت"

ئەوی جێهێشت، لەکاتێکدا دەستی درێژ کردبوو و داوای هەفتەیەك، تەنها یەك هەفتە مۆڵەتی دەکرد.

"لەبیرم نەچێ بیری بێنمەوە... ئەم پیدرۆیە کوڕێکی بێ چاوڕووە، بەقازی بڵێ هەموو شتێك بەناوی ئەوەوە بکات! فۆلگۆر بیرت نەچێ سبەینێ پێی بڵێیت.،"

دۆلۆریس، مەنجەڵێکی هەڵگرت و چووە ناندێنەکەوە تا نەختێ ئاو گەرم کات.

"کارێ دەکەم ئەم شتەم زووکۆتایی بێت، ئەگەر بتوانم، هەر ئەمشەو. بەڵام وا زوو تەواونابێتو سێ ڕۆژی ترم دەوێ. چار نیە. ئای خوای گەورە چەندە خۆشحاڵم! زۆرسوپاست دەکەم کە پیدرۆت بەمن بەخشی."

پاشان وتی: "گەرچی دواتر لێشم بێزار دەبێت."

"هەواڵەکەم پێ گەیاند، زۆری پێ خۆشە. قەشەش داوای شەست پیزۆ دەکا تا لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژی زەماوەندەکە لە کڵێسادا چاوپۆشی بکا. وتی بۆڕاژاندنەوەی میحرابەکە پارەم دەوێ. وتم ئەویشیان باشە. مێزی نان خواردنەکەشی لەکەڵك کەوتوە.

وتومە مێزێکی تازەت بۆ دەنێرین. دەیوت تۆ هیچ کاتێک ئامادەی نوێژ کردن نابیت. پەیمانم داوەتێ لەمەودوا بچیت. دواجار وتی: لە ڕۆژی مردنی نەنکتەوە (عشر المال)تان نەداوە. پێم وت دڵگران نەبێت. لەمەودوا هیچ کۆسپێك نایەتە پێش."

"بە دۆلۆریست وت لە پێشدا شتێك بدات؟"

"نەخێر گەورەم غیرەتم نەکرد. ئەوەندە دڵی خۆش بوو دڵم نەهات لێی تێك بدەم".

""تۆمناڵێت فۆلگۆر."

***امناڵ؟ تۆزێک شەرمت هەبێ! من تەمەنم پەنجاوپێنج ساڵە. هەتیوێک هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ بەکابرایەکی پیری وەک من کەوا سەرم لەگوێ قەبر دەلەرزێ، دەڵێ مناڵ.)***

"نەمویست لە زەوقی بدەم."

"جیاوازی نیە، تۆمناڵێت"

"قەیناکا، گەورەم".

"هەنگاوی دووەم (ئالدرێت) ە. پێی بڵێ سنووری بەزاندووە. ئەوزەویانەی داگیرکردون کە سەربە میدیالۆنان."

"وابزانم کارێکی خراپی نەکردوە، چونکە بەدیقەت پێواونی"

"بڵێ کارێکی خراپی کردوەو، بەدیقەت نەیپێواون. ئەگەر پێویستیشی کرد پەرژینەکان هەڵدەوەشێنیتەوە."

"یاسا چ دەڵێ؟"

"کام یاسا، فۆلگۆر؟ لێرە بەدواوە خۆمان یاسا دروست دەکەین. لەمیدیالۆنادا کەسێکی نارازیت بەرچاو دەکەوێ؟"

"چەند کەسانێك هەن."

"کە چویت بۆلای ئالدرێت لەگەڵ خۆتا بیانبە. تاوانباری بکە بەوەی دەستدرێژییان کردۆتە سەر زەوی و زاری ئێمە، یان بەهەر شتێکی دی کە خۆت بەچاکی دەزانی. یادیشی بێنەرەوە کە لۆکاس پارامۆ مردووە و دەبێ لەگەڵ منا پەیمانێکی نوێ ببەستێ."

چەند گەواڵە هەورێك بە ئاسمانەوە بوون. لەسەرەوە شنەبایەك هەبوو، کەچی لە خوارەوە جگە لە هاڵاوی گەرما شتێکی دی نەبوو.

دەیزانی، تا کاتێك دۆن پیدرۆ مەیلی لێ نەبێ، ئەوانی دی دەرگا ناکەنەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ. جارێکی تریش بەدەسکی قامچییەکەی لە دەرگاکەی دا. تەماشایەکی سەر دەرگاکەی کردو بەخۆی وت: "هەرچییەك بێت ئەم پەڕۆڕەشە دیمەنێکی جوانی هەیە".

لەم کاتەدا دەرگاکە کرایەوە و خۆی کرد بەژووردا.

"فۆلگۆر کۆتاییت بە مەسەلەی تۆریبیۆ ئالدرێت هێنا؟"

"کۆتایی هات، گەورەم".

"تەنها مەسەلەی بنەماڵەی فریگۆسۆ ماوە. وازی لێ بێنە بۆ دوایی، لەبەر ئەوەی من سەرگەرمی مانگی هەنگوینم."

"ئەم ئاوابیە پڕە لە دەنگدانەوە. دەڵێی دەنگدانەوەکان لە قڵیشی دیوارەکاندا، یان لەژێر بەردەکاندا بەندکراون. کاتێ مرۆڤ بەسەر شەقامەکاندا پیاسەدەکا، گوێی لە دەنگی پێی دی دەبێ. گوێی لە چپەچپ و قاقای پێکەنین دەبێ. قاقایەکی کۆن وەك ئەوەی تازە لە پێکەنین ماندوو بوبێت و ئەو دەنگانەی لە ئەنجامی دووبارە بوونەوە تێکچوون، مرۆڤ دەتوانێ گوێی لەهەموو ئەوانەبێت. وا هەست دەکەم ڕۆژێك ئەم دەنگانە لەناودەچن"

کاتێك بە ئاوابیەکەدا دەڕۆیشتین، دامیانا سیسنیرۆس ئەو شتانەی بۆ باس دەکردم.

"بەبیرم دێ سەروەختێك شەوانە گوێم لە هەراوزەنای ئاهەنگ دەبوو. تەنانەت لەمیدیالۆناش هەراهەرات دەهاتە گوێ. بەرەو گۆڕەپانەکە دەچووم بۆ ئەوەی بزانم چی ڕوویداوە، کەچی هەر ئەوەم دەبینی کە ئێستا دیارە، هیچ شتێك، هیچ زیندەوەرێك نەدەبینرا، شەقامەکان وەکو ئێستا چۆڵ و هۆڵ بوون.

"لەوەودوا گوێم لە هیچ نەدەبوو. تەنانەت بەختەوەریش ماوەیەك دەخایەنێ. هەر لەبەر ئەوەش کاتێك ئەو هەراو هوریایە کۆتایی هات، سەرم سووڕ نەما.

"بەڵێ ئەم دێیە پڕ لەدەنگ دانەوەیە. ئەم دەنگدانەوانە ئیتر نامترسێنن. گوێم لە قروسکەی سەگەکانەو گوێیان نادەمێ، چونکە دەزانم ئەم ئاواییە سەگی تیانەماوە. لەو ڕۆژانەشدا کە با هەڵدەکا، مرۆڤ گوێی لە خشەی گەڵاکانە کە با دەیانجوڵێنێتەوە، بەڵام هیچ درەختێکیش نابینیت. بێگومان ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێرە پڕبووە لە دارو درەخت، دەنا ئەم گەڵایانە چۆن پەیدابوون؟

"لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کە مرۆڤ گوێی لە دەنگی خەڵك دەبێ، دەڵێی ئەو دەنگانە لە درزی جادەکانەوە یان لە دیوارەکانەوە دێنە دەرەوە، ئەوندەش ئاشکراو روونن، بە ئاسانی دەناسرێنەوە. ئەمشەو لە ڕێمدا بەرەوئێرە جەماعەتێکم بینی بە دیار مردوویەکەوە دانیشتبوون، وەستام بۆ ئەوەی دوعای پیرۆز بخوێنم، لەکاتی دوعا خوێندنەکەدا ئافرەتێکم دی لەناو کۆمەڵە خەڵکەکەوە بەرەوڕووم هات و پێی وتم دامیانا دوعام بۆ بکە، دامیانا!، "چارشێوەکەی لاداو تەماشام کرد سیلستینای خوشکمە.

"لێم پرسی: چی دەکەیت لێرە؟،

ئیدی بەهەڵەداوان گەڕایەوە ناو ئافرەتەکان و لەچاو ون بوو.

"تۆ نازانیت من تەمەنم دوانـزدە سـاڵان بـوو کـە سلیسـتینای خوشکم مرد. خوشکی گەورەمان بوو، خێزانـی ئێمـە شـانزدە کـەس بووین. ئێستا دەتوانیت بزانیت چەند ساڵە مـردووە و وەك دەبینیـت ئێستاش هەر سەرگەردانە. خوان پریسیادۆ، لەبەر ئەوە ئەگەر گوێت لە دەنگدانەوە بوو، مەترسە."

لێم پرسی: "دایکم پێی وتیت من دێم بۆ ئێرە؟"

"نەخێر. دایکت چی لێهات؟"

وتم: "مرد."

"بەڕاستتە؟ بەچی؟."

"نازانم، ڕەنگە لە خەفەتا، هەمیشە ئاخی هەڵدەکێشا."

"ناخۆشـە، هـەر جارێـك ئـادەمیزاد ئاخێـك هەڵدەکێشـێ پارچەیەك لە ڕۆحی لەناودەچێت. کەواتە ئەویش مرد؟"

"بەڵێ، وام هەست دەکرد تۆش زانیوتە."

"لەکوێ بزانم. ئەوە چەندین ساڵە هیچ نازانم."

"ئەی چۆنت زانی کەمن لێرەم؟"

ئافرەتەکە بێدەنگ بوو.

"دامیانا تۆ زیندوویت؟ وەڵامم بدەرەوە، دامیانا!".

لەپڕێکا سـەیرم کـرد لەسـەر ئـەو جـادە تاریکانـە بەتـەنیام. پەنجـەرەی ماڵـەکان شـەوانە کراوەبـوون و گیاکەڵـە سـەریان لێـوە دەرهێنابوو. گەچی دیوارەکان هەڵدەوەرین و خشـتە پەڕپووتـەکانی دەردەکەوتن.

"دامیانا! دامیانا سیسنیرۆس!"

دەنگدانەوەکان وەڵامیان دامەوە: "... ئانـا... نـیرۆس...! ئانا... نیرۆس...!"

گوێم لە حەپەی سەگەکان بوو، دەتوت بەئاگام هێناونەتەوە.
چاوم بە پیاوێك کەوت بە شەقامەکەدا دەڕۆیی.
بانگم کرد: "هێی..تۆ."
دەنگی خۆم وەڵامی دایەوە: "هێی..تۆ."
گوێم لە چپەچپی دوو ئافرەت بوو کە لەسەری کۆڵانەکە وەستابوون.
"تەماشاکە، ئەوەکێیە بەرەوئێرەدێ؟ فیلۆتیۆ ئەریچیگایە؟"
"ئەوە . خۆتی لێ هەڵەکە."
"وەرەبا بڕۆینەوە. ئەگەر دوامان بکەوێ مانای ئەوەیە یەکێکمانی دەوێ. تۆ بڵێی دوای کاممان کەوتبێت؟"
"بێگومان تۆ."
وابزانم تۆی دەوێت."
"تەماشای کە، ڕاوەستا. ڕێك ئەوەتا لەسەر سووچەکەیە."
"کەواتە دوای ئێمە نەکەوتبوو."
"ئەگەر بەدوای ئێمەوە بووایە چی ڕووی دەدا؟".
"واز لە خەیاڵ پلاو بێنە."
"دەڵێن ئەمە ئەو کەسەیە کە ئافرەتی دەبرد بۆپیدرۆپارامۆ."
"حەز ناکەم لەگەڵ ئەم پیرەدا تێکەوم."
"بڕۆ بابڕۆین..."
"زۆرچاکە، بابڕۆین."

شەوە. لەنیوەی تێپەڕیوەو دەنگەکان:

"... هەر ئەوەیەکە دەڵێم، ئەگەر بەروبوومی گەنمەشامی باش بێت، کرێتان دەدەمێ. ئەگەر باشیش نەبێت، دەبێ سەبر بکەیت."

"زۆرت لێ ناکەم. خۆشتان دەزانن چەند سەبرم کردووە. بەڵام زەوییەکە هی تۆ نیە. تۆ زەویی کەسێکی ترت کێڵاوە. ئیتر چۆن دەتوانیت کرێ بە ئێمە بدەیت و پارەکەی لەکوێ دەهێنیت؟"

"کێ دەڵێ ئەوزەوییە هی من نیە؟"

"دەڵێن فرۆشتووتە بە پیدرۆپارامۆ."

"زەویەکە هی خۆمە. هیچ کاتێك چاویشم بەو نەکەوتووە."

"چی دەڵێیت بیڵێ، بەڵام بەمنیان وتوە کە حاڵی حازر ئەو خاوەنێتی."

"ئەگەر ڕاست دەکەن با بێن بە خۆم بڵێن!."

"گالیلۆ، گوێ بگرە، ڕێك و ڕاست پێت بڵێم من خۆشم دەوێی. هەرهیچ نەبێ، تۆ مێردی خوشکەکەمی و دەشزانم زۆرت خۆش دەوێ. بەڵام تکات لێ دەکەم نکوڵیمەکەو مەڵێ زەویەکەم نەفرۆشتووە."

"بڕوا بکە بەکەسم نەفرۆشتووە."

"بەڵام زەویی پیدرۆ پارامۆیە، ئەو چاوی تێ بڕیبوو. فۆلگۆرسیدانۆ نەهاتوەو بۆ لات؟."

"نەهاتووە."

"زۆرچاکە، بەدڵنیاییەوە سبەینێ یادووسبەی پەیدا دەبێ."

"باشە، یائەو من دەکوژێت و یامن ئەو دەکوژم، بەڵام ئەوە نابینێت."

"خوای گەورە بتبەخشێ زاواکەم، ئامین."

"دەبینییەوە، دەبینییەوە ! خەمت نەبێ، من داربیەك نیم لەو جۆرە بایانە بترسم"

"زۆر چاکە، بە فلیسیتاس بڵێ ئەمشەو نایەم بۆ نان خواردنی ئێوارێ، نامەوێ دواتر بڵێم. "ئەو شەوە پێکەوە بووین.،"

"باشە، شتێك خواردنت بۆ دەخەینەلاوە، بەڵکو پەشیمان بیتەوەو بێیت."

دەنگی هەنگاوەکان و تەقەتەقی ئاوزەنگیەکان هێدی هێدی نەمان.

"... چۆنا، بەیانی زوو بەرێ دەکەوین. پێم وتون هێسترەکان زین بکەن"

"ئەی ئەگەر باوکم لەداخدا مرد، دەڵێ ی چی؟ تەواوپیربووە، بەهۆی منەوە هەر شتێکی بەسەربێ هەرگیز لەخۆم نابوورم. من تەنیا کەسێکم کە دەتوانم ئاگاداری بم. کەسی دی شك نابات. بۆ دەتەوێوا بەپەلە بمرفێنیت؟ کەمێ ئارام بگرە، هێندەی نەماوە بمرێ."

"پاریش وات وت. تەنانەت پێت وتم گوایە من دەترسم ژیانی خۆم بخەمە مەترسیەوە، وەکو ئەوەی تۆ ئامادەبوبیت خۆت فرێ دەیتەناو ئاگرەوە. ئێستا، من لە پێشەوە کرێی وڵاخەکانم داوە. هەموو شتێك ئامادەیە. دێیت لەگەڵم؟"

"بابیرێکی لێ بکەمەوە."

"چۆنا، مەگەر نازانیت چەندم خۆش دەوێی؟ من ناتوانم لەوە زیاتر ئارام بگرم، چۆنا دەبێ لەگەڵمدا بێیت."

"مۆڵەتم بدە بابیری لێ بکەمەوە. دەبێ ئاراممان هەبێ تا دەمرێ، ئەوەندەی نەماوە بمرێت و پێویستە تا ئەوکاتەش لای بم. ئینجا بۆ خۆم لەگەڵتا دێم و پێویست ناکات بمرفێنیت."

"پاریش هەروات دەوت."

"باشە؟"

"ئاخر تازە هێسترەکانم بەکرێ گرتوون و ئامادەن. ئەوەتا چاوەڕێن، وازی لێ بهێنە بابە تەنیا بژی! تۆ گەنج و جوانیت. ئەو بۆ خۆی پیرێژنێك دەدۆزێتەوە مشووری بخوات! ئەم ئاواییەش پڕە لە خەڵکی باش و خێرخوا."

"ناتوانم."

"دەتوانیت"

"ناتوانم و ئەه، تێدەگەیت؟ باوکمە، باوکم."

"کەواتە من دەڕۆم، هیچ نەماوە تا بەیەکتری بلّێین. دەچم بۆلای خۆلیانا، ئەو تاڕادەی شێتی منی خۆش دەوێ."

"باشە، قسەم نیە"

"ناتەوێ سبەینێ بمبینیت؟"

"نە ، نامەوێ قەت بتبینم."

دەنگدانەوەکان، دەنگەکان و ناڵەناڵ و گۆرانییە دوورەکان.

***یارم دەسرێکی دامێ، دامێنەکانی بە ئەشک چنرابوو.***

دەتگوت ئەوانەی ئەو گۆرانیە دەڵێن ئافرەت بوون.

تەماشای تێپەڕبوونی گالیسکەکانم دەکرد. گاجووتەکان بە هێواشی دەڕۆیشتن. دەنگی تایەکان، بەسەر جادەکەداو دەنگی پیاوەکان، وەك ئەوەی لە خەودا بن.

***/... هەموو ڕۆژێ بەیانیان زوو ئاوایی بەدەنگ و هەرای گالیسکەکان دەکەوێتە لەرزین.. لەهەموو جێیەکەوە ڕووی تێدەکەن و پڕن لە خوێ و گەنمەشامی و گژوگیا. کاتێ تایەکان دەکەونە تەقەتەق، پەنجەرەکان دەلەرێنەوە و خەڵکی ئاوایی بێداردەکەنەوە. ئەمەش ئەو کاتەیە کەدەرگای تەنوورەکان دەکرێنەوەو بۆنی نانی تازە تێکەڵ بەهەوا دەبێت. پێدەچێ ئاسمان چەخماخە بداو باران بباریێ. بێگومان بەهار نزیکە کورم، تۆش بەو کتوپڕییانە ڕادێیت../***

گالیسکە بەتاڵەکان، بێدەنگیی شەقامەکان دەورووژێنن و لە شەوی ئەو جادە تاریکانەشدا پەنهان دەبن. سێبەرەکان و دەنگدانەوەی سێبەرەکانیش نامێنن.

کەڵکەڵەی گەڕانەوەم چووە سەر. تەماشای ئاسەواری ئەو ڕێیەم کرد کە لێوەی هاتم، لەزامێك دەچوو، زامێکی دەم داچەقیو بە ڕەشایی کێوەکانەوە.

لەوساتەدا یەکێك دەستی خستە سەرشانم:

"چی دەکەیت لێرە؟"

"هاتووم بۆ ئەوەی لێرە.." دەمویست پێی بڵێم: "بۆ باوکم بگەڕێم"

بەڵام وەستام.

"بۆ نایەیتە ژوورێ؟"

چوومەژوورەوە. ماڵێك بوو، بەشێکی دیوارەکانی ڕووخابوون و هەندێ خۆڵی بانەکە بە نێو ژوورەکەدا بڵاوبووبۆوە، لەلایەکی تری ژوورەکەدا ئافرەت و پیاوێك دانیشتبوون.

لێم پرسین: "ئێوە مردوون؟"

ئافرەتەکە پێکەنی. پیاوەکەش بە وردی تەماشای کردم.

وتی: "سەرخۆشە"

ئافرەتەکە وتی: "نە دەترسێت."

چرایەکی نەوتی لێ بوو، لەگەڵ قەرەوێڵەیەکی لە حەیزەران دروستکراو و کورسیەك، کە جلوبەرگی ئافرەتەکەی لەسەر دانرابوو، چونکە ئافرەتەکە ڕووت و قووت بوو، خوا یەکەمجار چۆنی دروستکردبوو" ئاوەهابوو. پیاوەکەش بەهەمان شێوە.

"گوێم لێ بوو کەسێك دەگریاو سەری خۆی بەدەرگاکەدا دەکێشا. سەیرم کرد تۆ بوویت. چی ڕوویداوە؟"

"زۆرشت بەڵام ئێستا دەمەوێ بخەوم."

"ئێمە خەوتبووین."

"کەواتە بابخەوینەوە"

هەڵهاتنی خۆر بیرەوەریەکانمی دەکوژاندەوە.

هەندێ جار گوێم لەگفتوگۆیەك دەبوو، وتەکانیشم لێك جیا دەکردنەوە. ئەو وشانەی تا ئەوکاتە گوێم لێ ببوون دەنگیان نەبوو. ئەو وشە بێدەنگانە بوون کە مرۆڤ دەیتوانی هەستیان پێ بکات، نەك بیانبیستێت. وەك ئەوەی لە خەوندابن.

ئافرەتەکە پرسی: "کێیە؟"

"خوادەزانێ."

"بۆچی هاتۆتە ئێرە؟"

"خوادەزانێ."

"گوێم لێ بووباسی باوکی دەکرد."

"منیش گوێم لێ بوو."

"هەست ناکەیت ون بووبێت؟ ئەوانەت بیردێ کە هـاتبوون بـۆ ئێرە و دەیانوت ون بووین؟ پێیان وتیت بەدوای شوێنێکدا دەگـەڕێن کە ناوی لۆس کۆنڤینیسە، تۆش وتت نازانیـت ئـەو شـوێنە کەوتۆتـە کوێوە."

"بەڵێ بیرم دێ، بەڵام بابخەوین، هێشتا ڕۆژ نەبۆتەوە."

"ئەوەنـدەی نـەماوە، هـەر بۆیەشـە قسـەت لەگەڵـدا دەکـەم تاهەڵسـیت، دوێنـێ شـەو پێـت وتم پـێش خـۆر هـەڵاتن بێـدارت بکەمەوە.. لەبەر ئەوە، هەڵسە."

"بۆ دەتەوێ هەڵسم؟"

"نازانم، خۆت وتت بێدارت بکەمەوە. نەتوت لەبەرچی."

"دە کەواتـە وازبێنـە، گوێـت لێنـەبوو کـە هاتـە ژووری وتـی دەیەوێ بخەوێت؟ خۆ جگە لەوە هیچی تری نەوت."

دەتـوت دەنگـەکان مـەحو دەبنـەوەو دەنگدانـەوەکانیان نەدەمان. دەتوت خامۆش دەبن. هەموو بێدەنگ بوون.. خەون بوو، خەون.

کەمێك لەوەدوا:

"جووڵایەوە، واهەست دەکەم خەریکە بە ئاگادێتـەوە. ئەگـەر لێرەدا چاوی بە ئێمە بکەوێ چەند شتێکمان لێدەپرسێ."

"چیمان لێ دەپرسێ؟"

"چوزانم؟ بەڵام دڵنیام شتێك دەڵێ."

"وازی لێ بێنە، بێگومان زۆر هیلاکە."

"واهەست دەکەیت؟".

"بێدەنگ بە ئافرەت."

"بڕوانـە، دووبـارە جووڵایـەوە، بینیـت چـۆن تلـی خـوارد؟ دەڵـێی ویـژدانی ئـازاری دەدا. مـن دەزانم، چـونکە منـیش ئـەوەم بەسەر هاتووە."

www.pertwk.com

"چیت بەسەر هاتووە؟"

"هەمان شت."

"نازانم باسی چی دەکەیت؟"

"نەمدەویست قسە بکەم بەڵام ئەو دیمەنە ئەوەی هێنایەوە بیرم کە جاری یەکەم تۆ لەگەڵ مندا کردت و چیت بەسەر هێنام، ئای چەند ئازارم چەشت، چەند پەشیمان بوومەوە."

"چی؟"

"ئەو هەستەی دایگرتم پاش ئەو کارەی تۆ کردت لەگەڵما. دەتەوێ لەبیرمی بەرمەوە. بەڵام ناتوانم."

"ئێستاش هەر بیر لەوەدەکەیتەوە؟ بۆ ناهێڵێت بخەوم؟"

"خۆت پێت وتم بێدارت کەمەوە. ئەوە تا منیش بێدارت دەکەمەوە. خوا ئاگای لێیە چیت پێ وتوم ئەوە بەجێ دێنم. خێراکە ڕاست بەرەوە کات لایداوە."

"وازم لێ بێنە ئافرەت."

وا دەهاتە پێشچاو پیاوەکە خەوی لێ کەوتبێتەوە. ئافرەتەکەش بەردەوام لەژێر لێوەوە بەهێواشی قسەی دەکرد:

"دنیا ڕووناك بۆتەوە، دیارە خۆر کەوتوە. ئێستا دەتوانم لێرەوە ئەو پیاوە ببینم، دیارە گەر ڕووناك نەبووایە نەمدەتوانی ببینم. تادێ خۆر بەرز دەبێتەوە. دەڵێم لەوانەیە ئەم کابرایە تاوانێکی کردبێت...ئەوەتا ڕێگەشی دەدەین لێرە خۆی حەشاربدات. با بۆ تاقە شەوێکیش بێت. گرنگ ئەوەیە دالّدەمان داوە. لەوانەیە ئەم کارەمان خراپ لەسەربکەوێ و تووشی چەرمەسەریمان بکات. تەماشا کە چۆن تەپاوتلیەتی، دەڵێی ناتوانێت ئارام بگرێ و ئەهوەن بێتەوە. ویژدانی زۆر نائارامە."

بەبڵاوبوونەوەی تاریکی، خۆر هەڵهات. ژوورەوە بە هاڵاوی لەشی خەواڵوویان گەرم داهاتبوو. یەکەم جار ڕووناکی لە پێڵووەکانمی دا و هەستم بەڕۆشناییەکە کرد. گوێم لێ بوو: "وەك ڕۆحێك وایە لە عەزابدا گینگڵ بدات. بەڕواڵەتیش لەکابرایەکی خراپ دەچێت. دۆنیس، ڕاست بەرەوە، تەماشای کە! چۆن گینگڵ ئەداو چنگەکڕێ لەدەرگاکە دەکات، تەماشای کە، دەمی خەریکە کەف دەکا، بێگومان زۆرکەسی کوشتووە، تۆش هێناوتەتە ماڵەوە."

"وادەردەکەوێ مرۆڤێکی بەسزمان بێ، وازبێنەو بخەوە."

"بۆ واز بهێنم و بخەوم؟ خەوم نایەت."

"کەواتە ڕاستبەرەوە و بچۆرە جێگەیەك تیا نەبیتە مووی لووت!"

"زۆرچاکە، دەچم ئاگرەکە دەکەمەوە. ناشزانم ناوی چییە، پێی دەڵێم بێت و لەبری من لەلاتەوە بخەوێ."

"باشە، پێی بڵێ."

"ناتوانم، لێی دەترسم."

کەواتە وازمان لێ بهێنەو بڕۆ بەلای ئیشتەوە"

"باشە."

"چاوەڕێی چی دەکەیت؟"

"هیچ، وا دەڕۆم."

هەستم دەکرد ئافرەتەکە لە قەرەوێڵەکە دێتە خوارێ، قاچە ڕووتەکانی خستە سەرزەوی و بەسەر سەرمدا تێپەڕی. چاوم کردەوەو نووقاندمەوە.

کاتێك خەبەرم بۆوە نیوەڕۆ بوو. فنجانێك قاوەم لاوە دانرابوو. چەند قومێکم لێ خواردەوە.

"هیچی ترمان نیە. ببوورە هیچی تر شك نابەین، چونکە ئێمە هەژارین."

ئەمە دەنگی ئافرەتەکە بوو.

وتم "خەمی منت نەبێ، بەبرسێتی ڕاهاتووم. پیاو چۆن دەتوانێ لێرەوە ڕێ بکەوێ؟"

"بۆ کوێ؟"

"بۆ هەر جێیەك بێت."

"ڕێگا زۆرە. ڕێگایەك لێرەوە دەچێتە کۆنتێلاو یەکێکیش لەوێوە دێت بۆ ئێرە. ڕێگایەکی تریش هەیە ڕێك بەسەر کێوەکاندا دەڕوات ئەمەش کە لێرەوە دیارە..." ئافرەتەکە لەنێو گوێسوانە ڕووخاوەکەیانەوە ئیشارەتی بۆکرد: "نازانم بۆ کوێ دەچێ، ئەمەشیان دەچێتە میدیالۆنا، یەکێکی تریش هەیە کە لە ڕێگەکانی تر دوورترە."

"ڕەنگە ئەوە بێت کەمن پێیدا هاتمە ئێرە."

"دەچێتە وە کوێ؟"

"سایۆلا."

"بڕوابکە، نەمدەزانی سایۆلا لێرەوە نزیکە! هەمیشە حەزم کردووە بچم بۆ ئەوێ. دەڵێن پڕە لە ئادەمیزاد، وایە؟"

"وەکو هەموو جێیەکی دی."

"تەماشاکە، ئێمەش لێرە چەند تەنیاین، حەز دەکەین بمرین لە پێناوی ئەوەدا هەرهیچ نەبێ شتێك لەبارەی ژیانەوە بزانین."

"مێردەکەت چوو بۆ کوێ؟"

"مێردم نیە. برامە، بەڵام نایەوێت کەس ئەوە بزانێت، وتت بۆ کوێ چوو؟ چووە بەدوای گوێرەکەیەکی وێڵدا بگەڕێ. هەڵبەت خۆی وای بەمن وت."

"لەکەیەوە لێرە دەژین؟"

"دەمێکە، لێرە لەدایك بووین."

"کەواتە بێگومان ئێوە دۆلۆریس پریسیادۆ دەناسن."

"ڕەنگـە دۆنـیس بیناسـێ. مـن بەزەحمـەت خـەڵك دەناسـم. هەرگیز ناچمە دەرەوە و هەمیشە لێرە بووم. ئالێرە هەروەکو ئێستا دەمبینیت. نەخێر، ڕێك لەوکاتەوەی بوومەتـە ژنـی ئـەو. لەوکاتـەوە هەر لێرەبووم لەترسی ئەوەی نەك بمبینن. ئەو بڕواناکات، بەڵام مـن حەزدەکـەم بـزانم ئایـا مـن ناشـرین نـیم؟." هاتـە بـەر هەتاوەکـە: "تەماشای دەموچاوم کە".

دەموچاوێکی ئاسایی بوو.

"دەتەوێ تەماشای چی بکەم؟"

"گوناهەکانم نابینی؟ ئەم پەڵە ئەرخەوانی ڕەنگانە نابینی کـە دەڵێی پەڵەی گەڕین بە دەموچاومەوە؟ ئەمـە هـەر دەرەوەم. دەنـا ناخیشم دەریایەك ناپاکی‌یە."

"بەڵام لێرەکەسی لێ نیە گوێ بداتـە ئـەو شـتانە. مـن هـەموو جێیەکی ئەم ئاوایی‌یە گەڕام کەسم نەدی."

"وادیـارە، بـەڵام خـەڵکی تێـداماوە، فیلۆمینـۆ ئێسـتاش زینـدووە، وانیـە؟ دۆرۆتیـاو میلکیـادس و پرۆدینسـیۆی پـیرو سۆسیتنس، هەموویان زینـدوون بـەڵام نایەنـەدەرەوە. نـازانم بـەڕۆژ چی دەکەن، بـەڵام شـەوانە نایەنـە دەرەوە و دەرگـا لەسـەر خۆیـان دادەخەن. شەوی ئێستا ترسناك و تۆقێنەرە، خۆزگە ئـەو ڕۆحانـەت دەبینی کەشەوانە لەسـەر شـەقامەکان دێـن و دەچـن.. هەرکـە دنیـا تاریك دەبـێ دێنـە دەرەوە و ئێمـەش لـەوە دەترسـین نـەبا چـاومان پێیان بکەوێ. ژمارەی ئـەوان هێنـدە زۆرەو ژمـارەی ئێمـەش کـەم، تەنانەت هـەوڵ نـادەین دووعایـان بـۆ بکـەین تـا ڕۆحیـان ئـارام بـێ. دوعـای ئێمـەش بەکـەڵکی ئـەوان نایـەت، ڕەنگـە بەشـێك لـە دوعـای گـەورەیان پـێ بگـات، بـەڵام سوودیشـی لێ وەرنـاگرن. ئێمـە زۆر

گوناهبارین، تازە هیچ کەسێ لە ئێمە کە ئێستا لێرەدەژین، پاك نابێتەوە. لەشوورەییدا ڕووی سەر بەرز کردنەوەشمان نیە. شوورەییش بەخشینی بۆ نییە. ئەمەقسەی قەشەیە، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە ئاهەنگی ئەندامی بوون لە کلێسادا کردنی. منیش چوومە لایی‌و دانم بە هەموو شتێکدا نا.

"وتی: ئەم گوناهە نابەخشرێ.،

"من هەست بەشوورەیی دەکەم،

"ئەوە چارەی مەسەلەکە ناکات.،

"تۆ لێکمان مارەکە.،

"بەجێی بهێڵە!"

"دەمویست پێت بڵێم ژیان ئێمەی لێك نزیك کردەوە و چارەنووسی پێکەوە گرێ داین. ئێمە تەنیا بووین‌و جگە لەئێمەش ئەم ئاواییە کەسی تێدانەبوو. دەبوو بەشێوەیەك لەشێوەکانیش ئاوایی پڕبێتەوە لەخەڵك. لەوانەیە تۆیش لەم گەڕانەوەیەتدا بۆ ئێرە کەسێك هەبێ تەعمیدی بکەیت.

"بەجێی بێڵە ئەمە تاقە شتێکە لەدەستت بێ.،

"بەڵام ئەی چۆن بژین؟

"وەکو خەڵکی.

"ئەو وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، بێ ئەوەی ئاوڕ بۆ دواوە بداتەوە و وەکو لەدۆزەخ ڕایکردبێ. هەرگیز نەگەڕایەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ئاوایی پڕە لە ڕۆح، دەستەیەك ڕۆحیانەتی سەرگەردان، بەگوناهەوە مردوون‌و ئێستاش هیچ ڕێگایەکی لێ خۆشبوونیان نیە و دوعاکردنی ئێمەش ئاکامێکی نیە بۆیان. ئەوە خۆیەتی، ئەوە، گوێت لە دەنگیەتی؟"

"بەڵێ"

"دۆنیسه."

دەرگاکە کرایەوە.

ئافرەتەکە پرسی: "گوێرەکەکەچی لێهات؟"

"نەگەڕایەوە، بەڵام شوێن پێیم هەڵگرتووە. واهەست دەکەم دەزانم لەکوێیە، ئەمشەو دەیگرم."

"شەوێ بە تەنیا جێم دەهێڵیت؟"

"چی تێدایە؟"

"بەرگەی شتیوا ناگرم. دەبێت لەلام بیت. شەو تەنها کاتێکە هەست بەئارامی دەکەم."

"بەڵام من ئەمشەو دەمەوێ بچم بەدوای گوێرەکەکەدا."

وتم: "ئێستا پێم زانی کە تۆ برای ئەم ئافرەتەیت."

"ئێستا پێت زانی؟ من زۆر لە پێش تۆوە ئەوە دەزانم. واش باشترە خۆت لەوە هەڵنەقورتێنیت.چونکە حەزناکەین ببینە بنێشتە خۆشەی سەرزمان.

"تەنها لەبەر ئەوە پێم وتن تا تێبگەم."

"بڵێ بابزانم، لەچی تێدەگەیت؟"

ئافرەتەکەش چووە لای سەریەوە و دەستی خستە سەرشانی و وتی: "بابزانم، لەچی تێدەگەیت؟."

وتم: "لەهیچ، ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر حاڵی دەبم." و درێژەم دایە: "دەمەوێ بگەڕێمەوە ئەو جێیەی لێوەی هاتووم، هێشتا دنیا کەمێك ڕوونە، خۆر ئاوا نەبووە."

پیاوەکە وتی: "نەخێر چاکتر وایە چاوەڕێ بیت. سبەینێ بڕۆ، لەوانەیە ئێستا ون بیت، بەڵام سبەینێ ڕێگەکەت نیشان دەدەم."

وتم: "زۆر چاکە."

لەدرزەکانی سەقفەکەوە دەمتوانی ئەو پۆلە ڕیشۆڵەیە ببینم کە بەر لەوەی دنیا تاریك ببێ و خۆر ئاوا بێت بەرەو هێلانەکانیان دەفڕینەوە. چەند پەڵە هەورێکی پەرت پەرتیش بەهۆی ئەو بایەوە دەهاتن کە ڕۆژی دەبردەوە، ئینجا ئەستێرەی زوهرە دەرکەوتو پاشانیش مانگ.

ئافرەتەکە و پیاوەکەی لێ نەمابوون. لەدەرگای حەوشەوە چووبوونە دەرێو تاکو شەوێ نەگەڕانەوە. لەبەر ئەوە ئەو ماوەیەی لە دەرەوە بوون ئاگایان لێ نەبووچی ڕوویدا.

ئافرەتێکی پیری لاواز لەشەقامەکەوە هاتە ژوورێ، تابڵێی پیرو باریك و بنێس بوو. هاتو بەهەموو ژورەکەیدا ڕوانی. ڕەنگە منیشی بینیبێت. لەوانەیە وایزانیبێت من خەوم لێ کەوتووە. یەکسەر بەرەو قەرەوێڵەکە ڕۆیشتو توورەکەیەکی دەرهێناو جوان هەڵیپشکنی. چەند چەرچەفێکی خستە ژێر باڵی و لەسەرنووکی پێ چووە دەرێ، نەبامن بێدار بمەوە.

منیش هەناسەم لە خۆم بڕی و هەوڵم دا تەماشای نەکەم. لە پاشاندا ڕووم وەرگێڕاو چاوم بە ئەستێرەی زوهرە کەوت کەلەلای مانگەوە دەدرەوشایەوە.

"ئەمە بنۆشە!"

پڕکێشم نەکرد ئاوڕ بدەمەوە.

"ئەمە بنۆشە. بۆ تۆ زۆر چاکە. ئەمە ئاوی نارنجە. دەزانم کە ترساویت. ئەوەتا دەلەرزیت، ئەمە چاکت دەکاتەوە."

دەستەکانیم ناسیەوە، کاتێك سەرم بەرزکردەوە دەموچاویشیم ناسییەوە. پیاوەکە لەپشت سەریەوە وەستا بوو لێی پرسیم: "وەزعت خراپە؟"

"نازانم، من چەند کەسانێك دەبینم کە ئێوە نایانبینن. ئێستا ئافرەتێك لێرە بوو، بێگومان لەدەرەوە چاوتان پێی کەوتووە."

بەئافرەتەکەی وت: "بەجێ ی بهێڵە با تەنیا بێت، ئەمە دیارە پیاوێکی سۆفییە."

"پێویستە لەسەر قەرەوێڵەکە بیخەوێنین. تەماشای کە چۆن هەڵدەلەرزێ. بێگومان تای هەیە."

"نیگەرانی مەبە، ئەم جۆرە کەسانە شتی وا دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆیان ڕاکێشن. لە میدیالۆنا یەکێکم لەمانە ناسی. دەیانوت پێشبینی دەکات. ئەوشتەی کە نەیتوانی پێشبینی بکات ئەوە بوو کە هەر ئەوەندە گەورەکەی پەی بەدرۆکانی برد یەکسەر دەمرێ. ئەمیش یەکێکە لەو سۆفیانە، ئەمانە لەم دێ دەچنە ئەودێ، تابزانن خوای گەورە چیی لەچارە نووسیون. بەڵام لێرە کەس شك نابا پارووییەك نانی بداتێ، تەماشاکە، ئیتر نالەرزێ، چونکە گوێی گرتووە."

دەتوت زەمانە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە. جارێکیدی چاوم بە ئەستێرەکە کەوتەوە، لەنزیکی مانگەوە دەدرەوشایەوە. هەورەکان پەرت دەبوون. پۆلە ڕیشۆڵەکانو پاشان ئێوارەی نقومبوو لە ڕووناکیدا.

هەتاوی ئەنگۆر ئەیدا لە دیوارەکان. دەنگی قاچەکانم کاتێك بەسەر بەردەکاندا دەڕۆیشتم. کابرای ولاخداریش کەپێی وتم: "بەدوای دۆنیائەدۆڤیخیسدا بگەڕێ، ئەگەر مابێت."

لەپاشاندا ژوورێکی تاریك و ئافرەتێك کە لەلامەوە پرخەپرخی بوو. هەستم بەوەدەکرد، هەناسەکانی وەکو یەك نین، یان خەوی دەبینی، یان وەکو خەوی لێ نەکەوتبێ وابوو. دەیبزرکاندو دەنگی خەو بینینی دووبارە دەکردەوە. قەرەوێڵەیەکی تەختە کە بەگونیە

داپۆشـراوبوو کـە بـۆنی میزیـان لێ دەهـات. دەتـوت هـەرگیز لەبـەر هـەتاودا هەڵنـەخراون، سـەرینەکەش لـە قوماشـێکی زبـر دوورابـوو، ئارەق سفت و سافی کردبوو، کردبوویە تەختەی ڕەق.

هەسـتم کـرد قاچـەڕووتەکانی ئافرەتەکـە لـە قاچـم نزیـك ئەبنەوەو دەنگی هەناسەکانیشی لە سەرمەوە. ڕاست بوومـەوەو لـە سـەرقەرەوێڵەکە دانیشـتم، پـاڵم دا بـە سـەرینە خشـت ئاسـاکەوە. ئافرەتەکە لێی پرسیم:

"ناخەویت؟"

"خەوم نایەت، ئەمڕۆ هەرنوستبووم، براکەت چی لێهات؟"

"چووە دەرێ، خۆت گوێت لێ بوو وتی دەچمە دەرێ. ڕەنگە ئەمشەو نەیەتەوە."

"دەتەوێ بڵێیت سەرباری ئەو قسانەی پێت وتن، کەچی هـەر ڕۆیشت؟"

"بەڵێ. بڕوا ناکەم بگەڕێتەوە. ئەوانە هـەموویان ئـاوا دەست پێدەکەن، دەبێ بچم بۆ فـلان جـێ. دەبـێ بچم بـۆ فیسـارجێ. لـە پاشانیشـدا ئەوەنـدە لێـرە دووردەکەونـەوە، کـەوا چـاکترە هـەر لـە شوێنی خۆیان بمێننەوە. هەمیشـە حـەزی دەکـرد بـڕوات. واهەست دەکەم ئەوەی دەیویست ئێستا ڕوویدا. ئەو شتەی ئەو پێی نـەوتم. بەڵام وابزانم منی لای تۆ جێهێشت تا بتوانیت ئاگاداریم بکـەیت. ئـەو هەلەی لە دووی دەگەڕا، هاتە بەردەمی. چـیرۆکی ئـەو گوێرەکـە ون بووەش دروست کراوبوو. دەبینیت ئیدی ناگەڕێتەوە."

دەمویسـت پـێی بڵـێم: "دەمـەوێ بچـمە دەرێ هەوایـەك هەڵمژم، واهەست دەکەم وەزعـم زۆر خراپـە." بـەڵام وتم: "نیگـەران مەبە، دەگەڕێتەوە."

کاتێـك هەڵسـام، ئافرەتەکـە وتـی: "لەسـەر مێـزی ناندێنەکـە شتێکم بۆ داناویت، ئەوەندەش نیە، بەڵام بەری دڵت دەگرێ."

لە سەرمێزەکە کوتێك گۆشتی گاو کەمێك نانی ساج دانرابوو.

لە ژوورێکی دیکەوە گوێم لە دەنگی بوو:

"تەنها ئەوانەم دەست کەوت. ئەویش بە دوو چەرچەفی تازە کە لەکاتی مردنیدایکمەوە هەڵمگرتبوون، لە خوشکمم کڕین. بێگومان ئەویش هاتووە چەرچەفەکان بەرێت، حەزم نەکرد لەبەردەمی دۆنیسدا ئەوەت پێ بڵێم. خوشکەکەم ئەو ئافرەتە بوو کەترساندووتی."

ئاسمانێکی تاریکی پڕ لە ئەستێرە. گەورەترین ئەستێرەش لای مانگەوە بوو.

بە هێواشی لێم پرسی: "گوێت لەدەنگم نیە؟". وەڵامی دامەوە: " لەکوێیت؟"

"لێرەم.. لە ئاواییەکەی ئێوە.. لەنێوان خزمەکانتدا.. نامبینیت؟"

نەخێر کوڕەکەم. ناتبینم."

دەتوت. دەنگی شتەکانی لە خۆ گرتووە. پاشان لەولای زەوییەوە ون بوو. "نە ناتبینم".

گەڕامەوە بۆ ئەو ژوورەی ئافرەتەکەی لێ خەوتبوو.

"دەمەوێ لێرە، لەم جێگە تەنیایەی خۆمدا بمێنمەوە. قەرەوێڵەکەش لە قووڵایی ژوورەکەدایە، ئەگەر شتێك ڕوویدا بێدارم کەرەوە."

ئافرەتەکە وتی: "دۆنیس ناگەڕێتەوە، لە چاویدا خوێندمەوە کە ناگەڕێتەوە، ئەو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد یەکێك بێتە ئێرەو ئەو بڕوات. لەبەر ئەوە ئێستا تۆ دەبێ ئاگاداریی من بکەیت.. ناشێ حەز نەکەیت؟ وەرە لامەوە بنوو."

"لێرەدا جێگەکەم باشە."

"بەلام لەسەر ئـەم قەرەوێڵەیـە بنوویت باشـترە، لـەو خـوارە قالۆنچەکان دەتگەزن."

هەڵسام‌و چوومە سەر قەرەوێڵەکەو لەلایەوە خەوتم"

شەویٚ لەگەرمانا خەبەرم بۆوە. گەرماو ئارەقـە. لەشـی لـەگڵ دروست کرابوو، لە چوارچێوەی گڵ گیرابـوو، کەچـی ئێسـتا دەتـوت حەوزێکی قوڕاوە. هەستم دەکرد خەریکم لـەو ئارەقەیـەدا دەخنکێم کەلێی چۆڕابوو. نەمـدەتوانی هەناسـە بـدەم. بێداربوومـەوە، بـەلام ئافرەتەکـە هێشـتا لـە خـەوێکی قووڵـدا بـوو، دەمـی داچـەقاندبوو. دەنگێکی لیٚ بەرز دەبۆوە کە دەتوت لە گیانەلای مەرگدایـە. چـوومە سەر شـەقامەکە تاکـەمێك هـەوا هەڵمـژم، بـەلام گـەرما بەشـوێنمەوە بوو، لێم دوورنەدەکەوتەوە. هەوایەك نەبوو. تەنها شەوی بێـدەنگ و کپ نەبیٚ کە بەگەرمای تەمووز قرچابوو. هەوایەك نەبوو. ناچار بووم ئـەو هەوایـە هەڵمژمـەوە کـە لەدەممـەوە دەهاتـە دەریٚ، بۆیـە بـە هەردوو دەسـتم بـەریم دەگـرت تـا بلاونەبێتـەوە. دەمتـوانی هەسـت بەوە بکەم کە دێت و دەڕوات و تادێت کەمتر دەبێتەوە، تا ئەوەنـدە کەم بۆوە لەملاولای پەنجەکانمەوە ڕۆیشت و ئیدی نەگەڕایەوە.. بـۆ هەتا هەتایە.

دێتــەوە یــادم شــتێکم لەشــێوەی پەڵــە هــەوری کــەفیندا بەرچاوکەت بەسەر سـەرمەوە دەسـووڕانەوە و پاشـان خـۆم لـە نێـو کەفەکەدا دەشتو لەنێو هەورەکانـدا ون دەبـووم. ئەمـە دوایـین شـت بوو کە بینیم.

"خوان پریسیادۆ، دەتەوێ بڕوا بکەم تاسایت و مردیت؟ لە گۆڕەپانەکە دۆزیمیتەوە. زۆرلەولا ماڵی دۆنیسەوە. ئەویشم لەگەڵدابوو، دەیوت خەریکە دەمرێت. ڕاکێش ڕاکێش بردمانیتە ژێرسێبەری دەروازەکەوە. ڕەق بووبوویت، وەکو ئەو کاتەت لێ هاتبوو کە خەڵکی لە ساتی مردندا دووچاری دەبن. باشە ئەگەر لەو شەوەدا کە تۆ باسی دەکەیت هەوا نەبووبێت، ئەی ئێمە بەچ هێزێك توانیمان بتهێنینە ئێرەو بەخاکت بسپێرین؟ خۆ چاوت لێیە وادەتنێژین."

"ڕاست دەکەیت دۆرۆتیۆ، وتت ناوم دۆرۆتیۆیە؟"

"جیاوازی نیە. لە ڕاستیدا ناوم دۆرۆتیایە، بەڵام جیاوازی نیە. قەیناکات."

"دۆرۆتیا، ڕاست دەکەیت. دەنگەکان منیان کوشت."

***/... کوڕە شیرینەکەم، ئەوێم خۆش دەوێت. ئەو ئاواییەیە. لەو شوێنەی خەونەکان منیان وەراند. گوندەکەم بەسەر کێڵگەکاندا دەیڕوانی. پڕ بوو لە دارو درەخت، گەڵای وەریو، لە دەخیلەیەک دەچوو بیرەوەریەکانی خۆمانمان تێدا دەپاراست. ئادەمیزاد حەز دەکات بۆ هەتا هەتایە لەوێ بژی. هەڵهاتنی خۆر، کازیوەی بەیانیان، پاشنیوەڕۆ، شەو، گشت وەک یەک وان. جگە لەگۆڕانکاریەک کە لە هەوادا ڕوودەدات، هەوا ڕەنگی هەموو شتەکان دەگۆڕێت.." ژیان دەکا بە کۆمەڵێک چرپە../***

"بەڵێ، دۆرۆتیا. چرپەکان منیان کوشت. هۆکەیشی ئەوە بوو من خۆم دەترسام. نەمدەتوانی بەرگەی بگرم، هەستو هۆشم لانەمابوو. لە بیرمە کە پشتم لە دیوارەکە بوو و بەرەو گۆڕەپانەکە دەڕۆیشتم، دەتوت لەسەر دەستم دەڕۆم.

وام هەست دەکرد ئەو ورتە ورتانە لە دیوارەکانەوە دێن، لەنێو قڵیش و درزەکانەوە دێنە دەرەوە. دەنگی نووساوی ئەو خەڵکە بوون بەڵام ڕوون نەبوون. کاتێك بەبن دیوارەکەدا دەڕۆیشتم گوێم لەویزەویزێك بوو، دەتوت شتێك لە گوێچکەما دەزرنگێتەوە. لە دیوارەکە دوور کەوتمەوەو بەناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا کەوتمەڕێ، دیسانەوە گوێم لەو دەنگانە بوو، دەتوت لەگەڵمدادێن، لەدوامەوە یا لە پێشمەوە. لێرە بەدواوە، وەکو لە پێشەوە پێم وتی، گەرمام دەبوو، سەرما زۆری بۆ هێنام. لەو کاتەوەیماڵی ئەو ئافرەتەم جێ هێشت کەقەرەوێڵەکەی بەکرێ دابوومێ، هەستم بەسەرماکرد. تا دەهات زیاتر و زیاتر هەستم بە سەرما دەکرد. وای لێ هات چەند بەشێکی لەشم تەزی و ویستم بگەڕێمەوە، چونکە بیرم کردەوە ڕەنگە بتوانم بچمەوە ئامێزی ئەو گەرمی یەی تازە جێم هێشتبوو، بەڵام دەتوانم بڵێم تازە وایلێهاتبوو سەرما لەگیانمەوە هەڵدەقولا، لە خوێنمەوە. پاشان حاڵی بووم کە زۆر ترساوم. لەنزیکی گۆڕەپانەکەوە دەنگێکی زۆر بەهێزم گوێ لێ بوو، بیرم کردەوە ئەگەر بچمە ئەوێ، بۆ ناو ئەو خەڵکە، ڕەنگە ئاهێکم پێدا بێتەوەو ئارام ببمەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو لە گۆڕەپانەکە دۆزیتمەوە. کەواتە دۆنیس لە دواییدا گەڕایەوە؟ ئەو ئافرەتە لەو بڕوایەدا بوو کە چیدی ناچێتەوە بۆلای."

"کاتێ دۆزیمیتەوە، دنیا تەواو ڕووناك بوو. نازانم دۆنیس لەکوێوە دەهات، لێم نەپرسی."

"باشە، چوومە گۆڕەپانەکەو پاڵمدا بە یەکێ لە کۆڵەکەکانی دەروازەکەوە. تەماشام کرد کەسی لێنیە، بەڵام بەردەوام گوێم لە دەنگەکان بوو، دەتوت ناوبازاڕە. چپەچپێکی سەیرو بێ مانا بوو، وەکو تێپەڕبوونیبا بەناو لقەکانی درەختێکدا لەشەودا، مرۆڤ ناتوانێ درەختەکە ببینێ بەڵام گوێی لە خشەخشی گەڵاکان دەبێ،

دەنگێکی لەم جۆرە، لەوەزیاتر نەچوومە پێشەوە. چپەچپەکە تادەهات نزیکتر دەبۆوەو وەکو پوورە هەنگێك دەوری دەدام، تاتوانیم چەند وشەیەکیان لێحاڵی بم: "لەبەردەم بارەگای خوادا دوعامان بۆ بکە"، ئەمە ئەو شتە بوو کەپێیان وتم. پاشان گیانم وشك بوو، ئەوە بۆیە بەمردوویی دۆزیتانمەوە."

"دەبوو لەماڵەوە بمایتایەتەوە، باشە بۆ هاتیتە ئەوێ؟"

"بۆم باسکردیت، بەمنیان وت پیدرۆپارامۆ باوکمە و منیش هاتم بیدۆزمەوە. ئەمە ئەو وەهمە بوو کەبەرەو ئەوێی بردم."

"وەهم شتێکی خراپە، منیش زۆربەی ژیانی خۆم بەو وەهمە بردەسەر. بەڵێ منیش باجی ئەو وەهمەمدا کە گەڕانێکی بێهوودەبوو بەدوای کوڕەکەمدا. هەرگیز کوڕم بەخۆمەوە نەدیوە. ئێستاش کەمردووم هەلێکم بۆ هەڵکەوتووە بیر لە هەموو شتێك بکەمەوەو لە هەمووشتێکیش حاڵی بم.

تەنانەت خوای گەورە خانووە ڕووتەڵێکیشی نەدامێ ئەوی تێدا پەروەردەبکەم. تەنها ژیانێکی درێژ و پڕ چەرمەسەری بەشم بووە. هەر کاتێك دەچوومە جێیەك بۆی دەگەڕام، لەلاوە تەماشای خەڵکیم دەکرد، تەماشای پاش مل و پشتە سەریانم دەکرد. هەموو کاتێك گومانم هەبوو، دەموت کوڕەکەمیان لێ شاردوومەتەوە. گشت ئەمانەش سزای وەهمە نەفرەتیەکەم بوون. من دوو وەهمم هەبوو. یەکێکیان ناودەنێم وەهمەنەفرەتیەکەم و ئەوی دیشیان ناودەنێم وەهمە پیرۆزەکەم. وەهمی یەکەمیان وای لێکردم وابزانم کوڕم هەیە.. بەدرێژایی ژیانیشم هەر ئەوە بڕوام بوو. چونکە لە ئامێزمدا هەستم پێدەکرد. هەستم بە بوونی دەمو دەستە بچکۆلەکانی دەکرد. ماوەیەکی زۆر پەنجەکانم لەگەڵ قژە خاوەکانیو لێدانی دڵی ببوونە هاوەڵ. لەبەر ئەوە هیچم بۆ نەمایەوە ئەوەنەبێت کە بڕوا بکەم کوڕێکم هەیە. دەچوومە هەرجێیەك لەشاڵەکەمەوە دەمپێچا.

کەچی لەناکاو لێم ون بوو. لەبەهەشتدا پێیان وتم هەڵـەیان کـردووە. وتیان دڵی دایکێکیان پێ بەخشیوم نەك ڕەحمی دایکێك.

وەهمەکەی تریشم ئەمە بـوو. پـێم نایـە بەهەشـتەوەو هـەموو جێیـەکی گـەڕام، بـۆ ئـەوەی بـزانم سـیمای کوڕەکـەم لـە نێـو فریشتەکاندا دەبینمەوە یان نە ، بەڵام سوودی نەبوو، گشتیان وەکو یەك وابوون. هەموویان.. لەگەڵ ئەوەشدا سۆراخیم کرد.

یەکێك لە قەدیسەکان بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێـت دەسـتێکی خسـتەناو گەدەمـەوە وەك ئـەوەی بیخاتـە نـاو تـۆ پـەڵێك مێـوەوە. کاتێك هێنایەوەدەرێ، شتێکی نیشـاندام لـە توێکڵـە گـوێز دەچـوو و وتی: "ئەوەی لەبەرچاوتە هەمان بەڵگەیە."

"تۆ دەزانیت لـە سـەرەوەچ قسـەیەکی پێکـەنیناوی دەکـەن، بەڵام مرۆڤ لێیان تێدەگات. حەزم دەکرد پێی بڵێم ئەمە سـکی منـە لە برسان وشك بۆتەوە، بـەڵام قەدیسـێکی دیکـەیان دەسـتی خسـتە سەرشانم و بردمیـە لای دەرگاکـەوە و وتـی: "کیژەکـەم بگـەڕێرەوە بـۆزەوی و هەوڵـدە مرۆیـەکی بـاش بیـت تـا ئەوەنـدە لـە بەرزەخـدا نەمێنیتەوە."

"ئەمە وەهمە پیرۆزەکەم بوو، ئـەوەش ئـەو ڕووداوە بـوو کـە تێی گەیاندم کوڕم نیە. بەڵام کاتێك بەمەم زانـی، زۆر درەنـگ بـوو. ئەوکاتە بوو کە لەشم پڕبوو لـە چرچـی و لۆچـی، پشـتم بـە جۆرێـك کۆمابۆوە نەمدەتوانی تاقە هـەنگاوێك بەڕێـدا بـڕۆم. ئـەوەبوو خـەڵك دەستیان کرد بەکۆچ لە ئاوایی و ئـیتر کەسـێك نـەبوو خێرێـك بکـات تاپێی بژیم. دانیشتم و چاوەڕێی مـەرگم دەکـرد. دوای ئـەوەی کـە تۆمان دۆزیـەوە ئەندامـەکانی لەشـم بـەهیوا بـوون کـەمێك هێزیـان تێوەگەڕێ و پشـوویەك بـدەن. بـیرم کـردەوە: تەنانـەت کەسـێکیش ئاوڕم لێ ناداتەوە. من لەو جۆرە ئادەمیزادانەم کە نەبوومەتە مایـەی دەردەسـەری بـۆ هـیچ کەسـێك. ئـەوەتا دەبینیـت تەنانـەت بسـتێ

زەویشم نەدزیوە. لەگۆڕەکەی تۆدا ژێر گڵیان دام و زۆر بەچاکیش لە نێوان بازووەکانتدا جێم بۆتەوە. بەڵام واهەست دەکەم من تۆم لە باوەش گرتووە نەك بە پێچەوانەوە، لەسەرەوە باران دەبارێ. هەست بە دڵۆپە بارانەکان ناکەیت؟"

"واهەست دەکەم کەسێك بەسەرماندا دەڕوات."

"مەترسە. تازەناتوانن بتترسێنن. بیر لەشتی خۆش بکەرەوە، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر خاکدا دەمێنینەوە."

لەگەڵ خۆر هەڵاتنندا دڵۆپە باران ڕژانە خوار. هەرکە دڵۆپە ئاوەکان دەکەوتنە سەر ئەو زەویە نەرمو شێدارانە ترپەیەکیان لێ بەرزدەبۆوە، باڵندەیەکی لاساییکەرەوە لە ئەرزەکەوە هەڵفڕی و لاسایی گریانی منداڵێکی شیرەخۆرەی کردەوە. کەمێك دوورتر، ناڵاندی. وادەردەکەوت ماندووبێت. دیسانەوە دوورتر، لەو شوێنەی ئاسۆ بەربڵاوتر دەبێ، نزگەرەیەکی کردو پاشان پێکەنی و لەدوای ئەوەش ناڵاندیەوە.

فۆلگۆرسیدانۆ بۆنی گڵەکەی کردو سەری بەرزکردەوە تاکو تەماشای ئەو دڵۆپە بارانانە بکات کە دەکەوتنە سەر زەویە کێڵراوەکان. لەچاوە بچکۆلەکانیدا شادی و بەختیاری دەبینرا. سێجار بۆنی گڵەکەی بەسەرداهات و پێکەنی تا ددانەکانی بەتەواوی دەرکەوتن.

وتی: "زۆر چاکە، کەواتە ساڵێکی خۆش دەبێ!" و لەسەری ڕۆیی: "داکە، ئەوەندە ببارێ تاکو تەواو هیلاك دەبی. پاشان دەست پێ بکەرەوە. لەیادت نەچێ، ئێمە لە پێناو تۆدا زەویەکانمان کێڵاوە" ئینجا پێکەنی.

باڵندەکە، کەبەسەر زەویەکاندا هەڵفڕی بوو، گەڕایەوەو بە بەردەمی ئەودا تێپەڕی و ناڵاندی.

باران هێندە بە تاودەباری ئاسمانی تەواو تاریك کردبوو، دەتوت شەو داهاتووە. دەروازە گەورەکەی میدیالۆنا لەگەڵ کرانەوەیدا جیڕەجیڕی لێهات. سەرەتا دووپیاوی ئەسپ سواری لێ هاتنە دەرێ، پاشان دوانی دی. دیسانەوە دوو پیاوی دیکەو تا دووسەد سوار تێپەڕین و بە نێو کێڵگە باراناوییەکاندا بڵاوبوونەوە.

لەوکاتەدا کە سوارەکان دەهاتنە دەرێ، فۆلگۆر سیدانۆ پێی وتن: "ماڵاتەکان لە ئەنمیدیۆوە لێخوڕن بۆ ئەولای ئەستاگوا، ئەوانەی لە ئەستاگواشن بیانبەن بۆ نێو تەپۆڵکەکانی ڤیمایۆ. پەلەش بکەن، قوربانتان بم پەلەبکەن، وەرزی باران بارین دەستی پێکردووە."

ئەو قسانەی هێندە دووبارە کردنەوە، بە جۆرێك ئەو سوارانەی دواین کەس هاتنە دەرێ لەوەندە زیاتری لێ حاڵی نەبوون کە دەیوت: "لێرەوە تا ئەوێ و لەوێشەوە بۆ ئەوێ." هەموو سوارەکان بەدەستیان کڵاوە گەورەو پانەکانیان بەرزکردەوە تا نیشانی بدەن کە لە قسەکانی تێگەیشتوون.

تازە دوا سوار تێپەڕی بوو، کەمیگیل پارامۆ لەو لاوە پەیدا بوو، لە ئەسپەکەی هاتە خوار، هێندەی نەمابوو سیدانۆ ژێر خۆی بنێت. ئەسپەکەی بەرەڵڵا کرد تا بچێتەوە بۆ تەویلەکەی.

"لاوۆ، بەم بەیانیە زووە لە کوێوە دێیت؟"

"لەدۆشین بووم."

"لە دۆشینی کێ؟"

" خۆت نازانیت؟"

"بێگومان دۆرۆتیا لاکوارکا، چونکە ئەو تاقە ئافرەتێکە شێتی مناڵە."

"گەمژەیت، فۆلگور. بەڵام خەتای خۆت نی‌یە."

بێ ئەوەی خۆی بکاتەوە و وردەوردە نانی بەیانی بخوات، دامیاناسیسنیرۆس لە ناندێنەکەدا هەمان پرسیاری لێکرد: "میگیل، دەمەوێ بزانم لەکوێوە هاتوویت؟"

"لێرەوە، لای دایکی هەندێ کەس بووم."

"تووڕەمەبە. حەزدەکەیت هێلکەکان چۆن بن؟."

"بەکەیفی خۆت."

"میگیل، من بەنیەت پاکییەوە قسەت لەگەڵدا دەکەم."

"دەزانم، دامیانا نیگەران مەبە. دەمەوێ بزانم کەس دەناسیت ناوی دۆرۆتیابێت کە بە لاکوارکا بانگی دەکەن؟"

"بەڵێ، ئەگەر حەزدەکەیت بشیبینیت ئەوە تا لە دەرەوەیە. هەموو ڕۆژێك دێتە ئێرە بۆ نان خواردن.. شاڵەکەی بەستەیەکی تێدایەو بۆ هەرکوێ دەچێت لەگەڵ خۆی دەیبات و گۆرانیی بۆ دەڵێ و دەیلاوێنێتەوە. دەڵێت ئەمە منداڵی خۆمە، بێگومان ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێکی لێ بەسەرهاتووە، بەڵام هیچ کاتێك لەو بارەیەوە قسەناکات، نەبا کەسێك پەی بەنهێنی‌یەکەی بەرێت. بەسواڵکردن خۆی دەژێنێ."

"فۆلگۆری سەگباب! نیشانی ئەدەم."

پاشان بیری کردەوە، ئایا ئەو ئافرەتە بەکاری دێت یان نە ، بەرەو دەرگای پشتەوەی ناندێنەکە ڕۆیشت و بانگی کرد: "دۆرۆتیا، وەرە بۆ ئێرە. دەمەوێ سەودایەکت لەگەڵدا بکەم."

خوا دەزانێ چ سەودایەکی لەگەڵدا دەکات، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەدا، دەستەکانی پێکداداو بەدەنگێکی بەرز بە دامیانای گوت:

"کوا هێلکەکان؟ لە ئێستەبەدواوە چی بۆ من دەهێنیت، بیدە بەم ئافرەتەش، ڕەزیلی مەکە."

فۆلگۆر سیدانۆ چووە عەمبارەکەوە تاتەماشای گەنمەکان بکات. لەبەر ئەوەی هێشتا وەرزی دروێنە کردن نەهاتبوو، زۆر نیگەرانیان بوو. لەڕاستیدا تازەبەتازە زەویەکانیان چاندبوو.

"دەمەوێ بزانم، نەکا کەم بێت" پاشان وتی: "ئاخ لەدەستی ئەم کوڕە! ڕێك لە باوکی دەچێ، ئەوەندە هەیە ئەم زووتر دەستی پێکردووە. بەم شێوەیەش بێگومان پیاوێکی خراپی لێ دەردەچێ. لەبیرم چووپێی بڵێم دوێنێ هاتوون بۆ ئێرە و بە کوشتنیکەسێك تاوانباریان کردووە... ئەگەر بەم جۆرە بێت ئەوا..."

ئاخێکی هەڵکێشاو هەوڵیدا بزانێت سوارەکان تاکوێ ماڵاتەکەیان ڕاوناوە، بەڵام ئەسپە سووری میگیل پارامۆ، کە خەریك بوو لمۆزی خۆی بە پەرژینەکە پاك دەکردەوە، ئەم خەیاڵەی ئەوی پەرت و بڵاوکرد. بیری کردەوە: "تەنانەت زینەکەشی لێ دانەماڵیوە. نیازیشی نیە لێیداماڵێ. دۆن پیدرۆ زیاتر لەگەڵ خەڵکدا دەگونجێ و ساتی هێمنیشی هەیە. بەڵام زۆر بەدەم میگیلی کوڕیەوە دەدات. دوێنێ کە پێم وت کوڕەکەی چیی کردووە وەڵامی دامەوە: "میگیل شتی وای لێ ناوەشێتەوە و ئێستا پیاوی ئەوەنیە خەڵکی بکوژێ.. کەسێك کە دەیەوێت کارێکی وابکات دەبێ دڵێکی ئاوا گەورەی هەبێت". بە جۆرێك دەستەکانی بەرزکردەوە وەك ئەوەی بیەوێت قەبارەی کاڵەکێك نیشان بدات.

"هەرچییەك دەکات وابزانە من کردوومە، فۆلگۆر."،

"دۆن پیدرۆ، میگیل گۆبەندی سەیرت بۆ دەنێتەوە."

"کارت نەبێ بەسەریەوە فۆلگۆر، منداڵە، منداڵ، باشە چەند ساڵانە؟ حەڤدە؟ زیاترە لە حەڤدە؟"

"ڕەنگە هەر ئەوەندە بێت. لە یادمە کە لەدایك بوو. هەر دەڵێی دوێنێیە. بەڵام ئێستا زۆربێ چاوڕوو بووە. بەو پەلەکردنەی دەڵێی لەگەڵ زەمانەدا پێشبڕکێ دەکات. لەوە دەترسم لە پاشاندا پیاوێکی خراپی لێدەرچێت."

"ئەو هێشتا منداڵە، فۆلگۆر."

"دۆن پیدرۆ، تۆ هەرچییەك دەڵێی بیڵێ. بەڵام ئەی ئەو ئافرەتەی هاتبووە ئێرە و دەیوت ئەو مێردەکەی کوشتووم... هەرچەندم کرد نەمتوانی دڵنەوایی بکەم یان نەهێڵم بگری، من رووبەرووی زۆرکەسی غەمبار و کۆست کەوتوو بوومەتەوە، بەڵام غەم و خەفەتی ئەو ئافرەتە لە ئەندازە بەدەربوو. پێم وت دەخەروار گەنمت دەدەمێ و ئەو مەسەلەیە لە بیر خۆت بەرەوە، کەچی قایل نەبوو. پاشان پەیمانم دایە هەرچیەکمان لەدەست بێ کەمتەرخەمی نەکەین، بەڵام نەمتوانی رازیی بکەم..

"سەربەچ بنەماڵەیەکە؟"

"نازانم."

"کەواتە غەمی مەخۆ فۆلگۆر. ئەو جۆرە کەسانە هەرنین.،"

هەرکە پێی خستە ناو عەمبارەکەوە، بۆنی گەنمەشامیەکەی بە لووتا چوو. مشتێکی لێ پڕکرد بۆ ئەوەی بزانێت ئەسپێ تێی داوە یان نە ، پاشان بۆی دەرکەوت عەمبارەکان چەندیان تێدا ماوە. لەبەر خۆیەوە وتی: "بەش دەکات. کەگیاش سەوزبوو ئیتر مەڕو ماڵات گەنمەشامی ناخۆن. زۆرمان ماوە. زیاد لە پێویستە." لەگەڕانەوەدا تەماشایەکی ئاسمانی سەرانسەر بەهەور داپۆشراوی‌کردو وتی: "ماوەیەکی زۆر بارانمان دەبێ." وشتەکانی تری لە بیرچوونەوە.

بێگومان وەرزەکان دەگۆڕێن. دایکم پێی وتم کاتێك باران دەست پێدەکات، هەوا ساف و بێگەرد دەبێت و بۆنی تازەی درەختەکانی لێدێت. پێی وتم کەچۆن هەورەکان دێن و دەچن و بەسەرزەویدا بڵاو دەبنەوەو رەنگیان دەگۆڕێ. دایکم خۆشترین رۆژانی ژیانی لەم ئاواییەدا بردەسەر، بەڵام نەیتوانی تەنانەت بۆ

مردنیش بگەڕێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە منی لەبری خۆی ڕەوانەی ئێرەکرد. دۆرۆتیا، سەیر لەوەدایە تەنانەت سەرم بەرز نەکردۆتەوە تەماشای ئاسمان بکەم. بەڵام وای بۆ دەچم ئەمە هەمان ئەو ئاسمانەیە کە ئەویش دەیبینی."

"نازانم، خوان پریسیادۆ، منیش ساڵانێکی زۆرەسەرم بەرز نەکردۆتەوە، بەتەواوی ئاسمانم لە بیرچۆتەوە. ئەگەر تەماشای ئاسمانیشم بکردایە، سوودی چیبوو. بەهەشت زۆر دوورە و چاوەکانیشم هێندە کزبوون، بەختەوەر دەبووم بەوەی کەبمزانییایە زەوی لە کوێدایە. جگە لەوەش، کاتێك باپیرە ڕێنتیریا پێی وتم بەهیچ جۆرێك ناچمە بەهەشتەوە" چیدی بایەخم بەئاسمان نەئەدا. تەنانەت لە دووریشەوە نایبینم. هۆکەیشی گوناهەکانمە. بەڵام ئەویش نەدەبوو شتی وام پێ بڵێ، چونکە تاقە شتێك مانادەداتە ژیان، ئەو ئومێدەیە کە کاتێك مرۆڤ دەمرێت وادەزانێ دەچێتە جێیەکی باشتر. کاتێکیش ئەو دەرگایە لەڕووی دادەخەن، تاقە دەرگایەك بمێنێتەوە دۆزەخە. ئەوکاتەش تەماشا دەکا چاکتر بوو نەهاتایەتە دنیاوە... خوان پریسیادۆ، بەبڕوای من، بەهەشت ڕێك وڕاست ئەم شوێنەیە کە ئێستا منی لێم."

"ئەی ڕۆحت؟ واهەست دەکەی بەرەوکوێ ڕۆیشتووە؟"

"بێگومان لەسەر زەوی سەرگەردانە. وەکو گشت ڕۆحیانەتەکانی دی بەدوای کەسانێکدا دەگەڕێت دوعای بۆ بکەن. وام دەزانی لەبەر ئەو کردەوە نالەبارانەی کردوومن لێم زویر بووە، بەڵام ئێستا غەمی ئەوەش ناخۆم. من توانیم خۆم لە هەموو ئەو دەردانە بەدوور بگرم کە ئەو بەسەری دەهێنام. ژیانمی تاریك ولێڵ کردبوو، تەنانەت نەشمدەتوانی تێربەسکی خۆم نان بخۆم و شەوانە زۆر ئازاری دەدام. ئەوشەوانەی پڕبوون لەبیرکردنەوە و خترووە کردنی ترسناك" بیرکردنەوە لەنەفرەت لێکراوەکانو لەو جۆرە

شتانه. کاتێکیش بەدەم چاوەڕێ کردنی مەرگەوە پاڵکەوتم، پێی وتم کە هەستم و درێژە بەژیانم بدەم، تا ئەوکاتەش بەهیوابوو موعجیزەیەك ڕووبداتو گوناهەکانم پاك بکاتەوە. بەڵام من بەگوێم نەکردو، وتم: "ئەمە کۆتایی ڕێگاکەیەوکەیە لێرە بەدواوە ناتوانم تاقە هەنگاوێك هەڵبێنمەوە" دەمم کردەوە تابڕوات وجێم بهێڵێ، ئەویش جێی هێشتم. هەستم کرد شتێك کەوتە سەردەستەکانم. تاڵێك خوێنی باریك بوو کە ڕۆحمی بەدڵمەوە گرێ دابوو."

بەتوندی لە دەرگاکەیان دا، بەڵام ئەوهیچ وەڵامینەدایەوە. گوێی لێ بوو لەگشت دەرگاکان دەدەن و هەمووان بێداردەکەنەوە. دەنگی هەنگاوەکانی فۆلگۆری ناسییەوە کە بەپەلە بەرەو دەروازەی گەورە دەڕۆیشت. هەنگاوەکان هەڵوێستەیەکیان کرد، وەك ئەوەی بیەوێ جارێکی دی لە دەرگاکەبداتەوە، بەڵام لەپاشاندا بەهەڵەداوان کەوتەوەڕێ.

چرپەچرپ. دەنگی هەنگاو نانی قورس وەك ئەوەی باری لێ نرابێت. هەروەها ژاوەژاوێکی تێکەڵ و پێکەڵ دەهاتە گوێ.

مەرگی باوکی بیرهاتەوە. ئەو کاتەش وەك ئێستا بەربەیان بوو، گەرچی ئەو بەیانیە دەرگاکە کرابۆوە. ئەوڕۆشنایییە غەمگینەی ئاسمانی گرتبۆوە، دەهاتە ژوورێ. ئافرەتێکیش پاڵیدابوویە دەرگاکەوەو فرمێسکەکانی دەسڕی.. ئەودایکەی زۆرشتی لەبارەوە لەبیر چوبۆوە، بەدەنگێکی لەرزۆك و تێکشکاو و تێکەڵ بە هەنسکەوە پێی وت:"باوکتیان کوشت."

هیچ کاتێك حەزی نەدەکرد ئەو بیرەوەریە زیندووبێتەوە، چونکە هەمووکاتێك بیرەوەریی دیکەی بەدوای خۆیدادەهێنا و وەك ئەوەی تەلیسێکی پڕگەنمی کون تێکردبێت و هەوڵ بدات نەهێڵێ

دەنکــــە گەنمـــەکان بـــڕژێن. مردنــــی باوکی،مردنـــەکانی دی وەبیردەخستەوەو لـە هەمووشـیاندا وێنـەی ڕوخسـارێکی هەڵقرچـاو دەبینرا: چاوێکی کوتراوو گـڕی تۆڵـە سـەندنەوە لەچـاوەکەی دیـدا. بیرەوەریی تریش، تـاکو سـەرئەنجام لـە مێشـکی خۆیـدا سـڕییەوەو کەسێك نەما بیر خۆی بهێنێتەوە.

"لێرە دایبنێن. نـە ، وانـا. جـارێ قاچـەکانی. لەگـەڵ تۆمـە! چاوەڕێی چی دەکەی؟"

گشتیان بەهێمنی دەدوان.

"ئەی دۆن پیدرۆ؟"

"نوستووە. خەبەری مەکەنەوە، مەیکەنە هاتو هاوار."

بـەڵام ئـەویش لـەوێ بـوو، دێـو ئاسـا لـەنێو دەرگاکـەوە، دەیڕوانیە ئەو بەستەیەی کەخرابووە کیسەیەکی کۆنـەوە، وەك کفـن تێوەی پێچرابوو.

پرسیی: "ئەوەکێیە؟"

فۆلگۆر سیدانۆ هاتەلایەوە: "میگیلە گەورەم."

تووڕە بوو: "چییان لێکردووە؟"

چاوەڕێی دەکرد بڵێن:کوشتیان.، خـەریکبوو هەرچـی ڕق و کینەی هەیە دەتەقیەوە، کاتێ گوێی لە دەنگـە ئارامەکـەی فۆلگـۆر سیدانۆ بوو، وتی: "دەستی کەسی تێدانیە گەورەم، خۆی مرد."

ڕووناکیی چرانەوتیەکان،زەردو بێدەنگ بوو.

یەکێك وتی: "... ئەسپەکە کوشتی."

دۆشـەکەکەیان خسـتە ژێـر قەرەوێڵەکـەوەو لەسـەر تەختـە ڕووتەنـەکان درێـژیان کـرد. هـەردوو دەسـتیان خسـتە سەرسـنگیو بەپەڕۆیەکی ڕەش دەموچاویان داپۆشی.

فۆلگـۆر سـیدانۆ لـەژێر لێـوەوە وتـی: "گـەورەتر لـە خـۆی دەنوێنێ."

پیدرۆپارامۆ تەماشای دەکردن، بێ ئەوەی لە نێوچەوانیدا هیچ شتێك بخوێندرێتەوە. هزرەکانی بەدوی یەکدیدا دەهاتن، بێ ئەوەی پەیوەندیەکیان پێکەوە هەبێت، بێ ئەوەی مانایان هەبێت. پاشان وتی: "باجی خۆمە دەیدەم. واچاکترە ئادەمیزاد تازووە باجی گوناهەکانی خۆی بدات بۆ ئەوەی زووتر پاك بێتەوە."

هەستی بەغەمگینی نەدەکرد.

کاتێك لەهەیوانەکەدا قسەی لەگەڵ خەڵکەکە دەکردو سوپاسی هاتنیانی دەکرد، هاتوهاواری ئافرەتەکانی خامۆش کرد، لەوە دوا تەنها دەنگی سمکۆڵانی ئەسپەسووری میگیلی کوڕی دەهات.

بەفۆلگۆر سیدانۆی وت: "بلێ بائەو ولاخە بکوژن، نامەوێت لەوە زیاتر لە عەزابدابێت."

"زۆر باشە، دۆن پیدرۆ تێدەگەم. بێگومان دیارە ئەو بەسزمانەش غەمی دەخوات."

"فۆلگۆر، منیش هەروای بۆ دەچم. داواش لە ئافرەتەکان بکە بەم جۆرە نەیکەنە هات و هاوار. من خاوەنی ئەم جەنازەیەم، ئەگەر هی ئەوان بووایە وایان نەدەکرد."

دوای سالآنێکی زۆر، بابا ڕێنتیریا ئەوشەوەی هاتەوە بیر کە ناڕێکی قەڵەوێرەکەی بووە هۆی ئەوەی خەو لە چاوانی نەکەوێتو ناچاری کرد لە ماڵەوە ڕاکاتە دەرێ. ئەو شەوە بوو کە میگیل پارامۆی تێدامرد.

لەسەر شەقامە چۆڵەکانی کۆمالا دەسووڕایەوە. دەنگی پێی، ئەو سەگانەی دەترساند کە لمۆزیان لەنێو بەرمیلە زبڵەکان نابوو.

کاتێك گەیشتە ڕووبارەکە، لەڕۆخ ئاوەکەدا بە ئارامی وەستاو تەماشای وێنەی ئەو ئەستێرانەی دەکرد کە لە ئاسمان بەردەبوونەوە خواریێ، چەند کاژێرێك لەوێ مایەوە و لەگەڵ هزرەکانیدا کەوتە شەڕو شۆڕ. دواجاریش فڕێی دانە ڕووبارە ڕەش دەگەڕاوەکەوە.

بیری کردەوە: "کارەساتەکە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە پیدرۆپارامۆ گەورە بوو و کاروبارەکان چوونە ژێر ڕکێفیەوە. دەسەڵاتی وەکو گیاکەڵە پەرەی سەند. ناخۆشییەکەشی لەوەدایە بەهۆی منەوە دەسەڵاتی پەیدا کرد. "دەمەوێ دانی پیابنێم دوێنێ شەو لەگەڵ پیدرۆپارامۆدا نوستم"، "باپیرە، بەم زووانە لە پیدرۆپارامۆ منداڵم دەبێ"، "کچەکەشم بە کرێ ناردە لای، باپیرە" هەمیشە بەهیوا بووم شتێك بێتە پێشێ و ئەو ناچار بکات دان بەگوناهێکی خۆیدا بنێ، بەڵام هەرگیز ئەو شتەی نەکرد. ئەو شەڕەنگێزییەکەی خۆی بۆ کوڕەکەی جێهێشت. ئەو کوڕەی کە بەهی خۆی دەزانی. هەرچەندە خواش دەیزانێ کوڕی خۆی بوو یان نە . بەڵام ئەوەش هەر ئیشی من بوو."

زۆر باش ئەو ڕۆژەی هاتەوەیاد کە میگیلی تازە لەدایکبووی بردە لای پیدرۆپارامۆ. پێی وتبوو: "دۆن پیدرۆ، دایکی بەسەریەوە گیانی دەرچوو، وتی تۆ باوکی ئەم منداڵەیتو بیبەن بۆلای ئەو.. ها، بیگرە."

منداڵەکەی ڕەت نەکردەوە، ئەوەندە نەبێ وتی: "باپیرە، بۆلای خۆتان بەخێوی ناکەن؟ لە دوارۆژدا بیکەرە قەشە."

"شتی واناکەم. ئەویش لەبەر ئەو خوێنەی بەدەمارەکانیدا دێت و دەچێت."

بەڕاست تۆ وادەزانیت خوێنی من ناپاکە؟"

"بەڵێ دۆن پیدرۆ."

"پێتان دەسەلمێنم، بەهەڵەدا چوویت، ئالەوێدا داینێ. لێرە هەر خەڵك زۆرە بەخێوی بکەن."

"ئەمە ڕێك و ڕاست ئەو شتەیەکە من بیرم لێدەکردەوە، بەلای کەمەوە بێ خواردن و جلو بەرگ نابێت."

منداڵەکە بەو هەموو بچووکیەیەوە دەتوت مارە پێچ دەخوات.

"دامیانا! ئەم منداڵە بەخێوکە. کوڕی منە."

پاشان سەری شووشەیەکی هەڵپچڕی" با بەخۆشیی دایکی و تۆوە بخۆینەوە."

"ئەی بەخۆشیی منداڵەکەوە؟"

"بەخۆشی منداڵەکەشەوە. بۆنا؟"

پێکێکی دی تێکردو بەخۆشیی پاشە ڕۆژی منداڵەکەوە نۆشیان کرد.

ئەمە ئەو ڕووداوە بووکە ڕوویدا.

گالیسکەکان بەسەر جادەی میدیالۆنادا کەوتنەڕێ. خێرا خۆی نوشتاندەوەو لەنێو گژوگیای ڕۆخ ڕووبارەکەدا خۆی شاردەوە.

لەخۆی پرسی: "خۆت لەکێ دەشاریتەوە؟"

گوێی لە دەنگیان بوو: "خواحافیز، بابا."

هەڵساو وتی: "خواحافیز، خوات لێ ڕازی بێت."

چراکانی ئاوایی کز دەبوون. ڕووبارەکە جۆرەها ڕەنگی دەنواند. پیاوێکیان لێی پرسی: "زەنگی یەکەم نوێژ لێی داوە؟"

وەڵامی دایەوە: "بێگومان دەمێکە زەنگ لێیداوە." و بە پەلە ویستی لای پێچە ڕێیەك لادات، بۆ ئەوەی وەڕزی نەکەن.

"بابا، بەم بەیانیە زووە بۆ کوێ دەچیت؟"

"کێ خەریکە دەمرێ؟"

"لەکۆنتێلا کەس مردووە، بابا؟"

حەزی دەکرد پێیان بڵێ من مردوم. تەرمەکە خۆمم. بەڵام تەنها بزەیەك گرتی و هیچی دی.

کە لە ئاواییەکە هاتە دەرێ پەلەتر هەنگاوی ناو کاتێکیش گەڕایەوە تەواو خۆر بەرز ببۆوە.

ئانا لێی پرسی: "لەکوێ بوویت مامە؟ زۆ لە ئافرەتەکان بە دواتا دەگەڕان، دەیانویست دان بەگوناهەکانیاندا بنێن، چونکە سبەینێ یەکەم هەینییە."

"دەتوانن شەو بێن."

لەسەر کورسی یەکی ناو داڵانەکە ماوەیەکی کەم دانیشت، بۆ ئەوەی ماندوێتیی دەربچێت.

"ئانا، هەوا زۆر شێدارە؟"

"مامە هەوا گەرمە."

"بەڕاست؟"

هەوڵی دەدا بیر لە کۆنتیلا نەکاتەوە. چوبوو بۆ ئەوەی لەبەردەم قەشەی گەورەدا بەتەواوی خۆی پاك بکاتەوەو دان بەهەموو تاوانەکانیدا بنێ، بەڵام قەشە ئامادە نەبووبوو داوای بەخشینی بۆ بکات.

"ئەو کەسەی ناوەکەیم پێ ناڵێیت کڵێساکەتانی تێکداوەو تۆش ڕێت لێ نەگرتوە. ئێستا چیت بە دەستەوەماوە؟ بەو هێز و توانایەی خوا داویتێ چیت کردووە؟ حەز دەکەم پێت بڵێم تۆ قەشەیەکی باشیت و خەڵکی ئەوێش خۆشیان دەوێی، بەڵام بەتەنها باشی بەس نیە. گوناه شتێکی باش نیەو بۆ بەرگری کردنیش لێی دەبێت دەڵڕەق و بێ بەزەیی بیت. هیوادارم ئێستاش وەفاداربن، بۆیەش وادەڵێم لەبەر ئەوەی ئەوە تۆنیت کە پارێزگاری لەباوەڕیان دەکەیت، بەڵکو خۆیان لەڕێی ترس و خورافیاتەوە پارێزگاریان لێکردووە.

ئاگادارم لەچ هەژارییەکدا دەژیتو دەشزانم ئەرکی ئێمە لە نێو ئەم جۆرە ئاواییانەدا چەندە گرانە. بەلاَم هەر ئەم ڕاستییەش ڕێگەم دەدات کە پێت بلێم پێویست ناکات دوعای خێر بۆ هەموو کەسێك بکەیت، چونکە ئەوانە لە بەرامبەر ڕۆحتاندا نرخێکی زۆر کەمت دەدەنێ، لەکاتێکیشدا ڕۆحی تۆ لە دەستی ئەواندایە، چۆن دەتوانیت ئەرکی ڕاستەقینەت بە ئەنجام بگەیەنیت؟ نەخێر، دەستەکانیمن هێندە پاك نین بتوانم دوعای بەخشین بۆ تۆ بکەم.. بۆ ئەمە پێویستە بچیتە جێگەیەکی دی."

"مەبەستت ئەوەیە کلێساکەم بەجێ بهێلم؟"

"ناچاریت. لەکاتێکدا خۆت گوناهباریت" ناتوانیت دوعای خێر بۆ کەسانی دی بکەیت."

"ئەی ئەگەر لەسەر کارەکەم لایانبردم؟"

"بەلکو شایستەی ئەوە بیت. ئەمەش بەوانەوە بەندە."

"ئەی ناتوانیت...؟ دەمەوێ بلێم، بەلکو.. ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت ڕێ ورەسمی دینداری بوون، بەرێوەبەرم... ڕێو ڕەسمی نوێژی خەوتنان، مردن هەرەشەی گەورە لە ئاوایی یەکەمان دەکات."

"هەمووی بەدەست خوایە."

"کەواتە بێ سوودە؟"

بەلاَم قەشەی کۆنتێلا بە نەخێر وەلاَمی دابۆوە.

پاشان پێکەوە لەژێر سێبەری دالاَنە سەرپۆشراوەکەی کلێساکەدا کەوتنە پیاسەکردن. لەژێر کەپری مێوێکدا دانیشتن کە خەریك بوو ترێکەی دەگەیی.

قەشە، کەپێشبینیی پرسیارەکەی کردبوو، وتی: "ترشە. ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین. لەسایەی حەمدی خواوە لەهیچی کەم

نیه، بەڵام هەمووشتێکیترشه، ئەمەش ئەو شتەیەکە ئێمەی دەست بەسەر کردووه."

"راست دەکەیت. منیش هەوڵم داوه لەکۆمالا ڕەزێکم هەبێ بەڵام، بەری نەگرت. تەنها پرتەقاڵ و ڕێحانەی ترشی لێ دەڕوێ، تامی شیرینی هەمووشتێکم له بیرچۆتەوه.

لەبیرته ئەو هەموو میوەهاتەمان لە قوتابخانەی ئیکلیریکی دەخوارد؟ ئەو هەموو قۆخ و قەیسیيه؟ هەر بە تۆزێك دەست پیاهێنان یەکسەر لە توێکڵەکانیان دەهاتنە دەرێ. کەمێکم لەتۆوەکانیان لەگەڵ خۆم هێنا بۆ ئێره، ئەڵبەتە زۆرنییه، هەرکیسەیەك دەبێت. پاشان بیرم کردەوه لەبری ئەوەی بیانهێنمه ئێره وسیسەڵ بن، چاکتروایه وازیان لێ بێنم هەر لەوێ بڕوێن و نەشونما بکەن.

"لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن خاکی کۆمالا بەپیت و فەره. جێی شەرمه هەموو ئەو خاکە بەدەستی یەك کەسەوه بێت، باشە پیدرۆپارامۆ ئێستاش هەر خۆی خاوەنی ئەو زەویو زارانەیه؟

"ئەمه ئیرادەی خوایه".

"گومانم هەیه لەوەی خوا لەم بارەیەوه فەرمانی دابێت. تۆ چۆنی تێدەگەیت؟"

"هەندێ جار تووشی گومان دەبم، بەڵام هەموو بڕوایان بەوه هەیه."

"تۆش لەگەڵ ئەواندا هاوبیریت؟"

"من ئادەمیزادێکی هەژارم و ئامادەم خۆشم بچوك بکەمەوه.. مادامەکی شتێك هەیه بۆئەوه هانم ئەدات."

پاشان ماڵئاواییان لێك کردو دەستی قەشەکەی دی ماچ کرد.

ئێستاش لێرە، کە گەڕابۆوە بۆ نێو دنیای واقیعی، حەزی نەدەکرد بیر لەو شتانە بکاتەوە کەئەو بەیانییە لە کۆنتێلا روویان دابوو.

هەڵساو بەرەو دەرگاکەڕۆیی.

"مامە، بۆ کوێ دەچیت؟"

ئانای برازای، بەردەوام لایەوەیەتی، دەڵێی لە سێبەری ئەودا هەست بەدڵنیایی دەکات و خۆی لەژیان دەپارێزێت.

"دەچمە دەرێ تۆزێ پیاسە دەکەم، ئانا. ڕەنگە باش بێت بۆم."

"بۆ، تەندروستیت خراپە؟"

"نەخێر، ئانا، تەندروستیم باشە. بەڵام خۆم باش نیم، واهەست دەکەم مرۆڤێکی شەڕانیم، هەستێکیوا دایگرتووم."

چوو بۆ میدیالۆنا بۆ ئەوەی سەرەخۆشی لە پیدرۆپارامۆ بکاتو بەمەش بەناچاری سەبارەت بە پۆشینی کردەوەکانی کوڕەکەی گوێی لەعوزرخواهییەکانی گرت. هێشتی قسەبکات. بەڵام ئەم تازە هیچی بەلاوە گرنگ نەبوو.

قایلیش نەبوو نانی لەگەڵدا بخوات. پێی وت:

"دۆن پیدرۆ، ناتوانم، دەبێ زووبچمە کڵێسا، چونکە ئافرەتێکی زۆر چاوەڕێم دەکەنو دەیانەوێت خۆیان پاکژ بکەنەوە. بۆ کاتێکی دی."

وردە وردە گەڕایەوە و یەکسەر بەرەو کڵێساکە ڕۆیی، هەروا بەو ڕوخسارە تەپوتۆزاوییەوە دانیشت بۆ ئەوەی گوێ لەدان پیانانەکان بگرێت.

یەکەم کەس کەهاتە ژوور سەریەوە دۆرۆتیا بوو. هەمیشە کاتێک دەرگای کڵێساکەی دەکردەوە تەماشای دەکرد دۆرۆتیا لەوێیە. دەمی بۆنی شەرابی لێ دەهات.

"کەواتە خواردوتەوەوە، ها؟ کەی دەستت پێکرد؟."

"باپیرە ئەوەی ڕاستی بێت ئەمشەو لەگەڵ میگیلیتۆ دا مامەوە. زۆرم خواردەوە. ئەوەندەیان دەرخوارد دام، تا وەکو لێبووکم لێهات."

"دۆرۆتیا، تۆ هیچی دیکەت لەدەست نەهاتووە."

"بەلاّم بابا من هەر ئێستا گوناهم کردوە. گوناهم زۆرەو زیاد لە پێویست لەسنوور دەرچووم."

زۆرجاران پێی وتبوو: "تۆ دان بەهیچدا نانێیت، دۆرۆتیا. تەنها دێیتە ئێرەو کاتم لێ دەگریت. واز بهێنە با ئەوانی دی خۆیان پاکژ بکەنەوە. گوناه کاری چیە بەسەر تۆوە."

"بەلاّم ئەمجارەیان ڕاست دەکەم، باپیرە."

"قسەبکە."

"ئێستا کە ناتوانم هیچ خراپەیەکی لەگەڵدا بکەم، دانی پیادەنێم کە من ئافرەتم بۆ میگیل دەبرد."

ڕێنتیریا هەلۆێستەیەکی کردو پاشان بەعادەتی خۆی لێی پرسی: "لەکەیەوە؟"

"لەوکاتەوەی هۆش‌وگۆشی کراوەتەوە. لەو کاتەوەی حەزی دەکرد لێیان نزیك بێتەوە."

"دۆرۆتیا، ئەوەی وتت دووبارەی کەرەوە."

"بەسەرچاو، من ئەوکەسەم ئافرەتم دەبرد بۆ میگیل."

"خۆت دەتبردن؟"

"هەندێ جار، ئا. هەندێ جاری دیکەش تەنها قسەم لەگەڵدا دەکردنو ئەو خۆی هەندێکیانی لێ هەڵدەبژاردن. خۆت دەزانی ئەوانیش کە تەنیا دەبنو هاودەمێکیان نیە، پێویستیان بەوەیە کەسێك دەستگیرۆییان بکات."

"زۆربوون؟"

نەیدەویست ئەم پرسیارە بکات، بەڵام لەدەمی دەرچوو.

"ژمارەیان نازانم، باپیرە. پڕ بەدۆزەخ بوون."

"دۆرۆتیا، دەتەوێ چیت پێ بڵێم؟ هەوڵدە خۆت جورمەکەی بدەی. بابزانم دەتوانی خۆت ببەخشی؟

"نە بابا ناتوانم، بەڵام تۆ دەتوانیت. هەر لەبەر ئەوەش هاتووم چاوم پێت بکەوێ."

"زۆر جاران هاتوویتە ئێرە و داوات لێکردووم کاتێك مردیت بتنێرمە بەهەشت؟ حەزدەکەی ئەوێت چاو پێ بکەوێتو کوڕەکەت بدۆزیتەوە ها؟باشە، ئەوەتا ناتوانیت. بەڵام بڕۆ خوا بتبەخشێ."

"سوپاس، بابا"

"منیش بەناوی ئەوەوە دەتبەخشم. ئێستا دەتوانیت بڕۆیت."

"تۆبەم پێ ناکەیت؟"

"پێویست ناکا، دۆرۆتیا."

"سوپاس بابا."

"خوائاگادارت بێت."

بەپشتی پەنجە لەپەنجەرە بچووکەکەی ژووری پاکژ بوونەوەیدا، بۆ ئەوەی ئافرەتێکی دی دەست پێ بکات.کاتێك گوناهبارێك دەستی بە دان پیانانی گوناهەکانی کرد بابا سەری داخست وەك ئەوەی نەتوانێت ڕاستی بکاتەوە. پاشان گێژو حۆل بوو، دەتوت لەنێو ئاوی لێڵ و سوورانەوەی ڕووناکییەکاندا نقوم بووە. تیشکی خۆر لەبەرچاوانیا پارچە پارچە بوو. هەستی کرد، زمانی تامی خوێن دەداتو بەهێواشی گوێی لەدەنگێ بوو..

"من گوناهبارم." "بۆ ساڵانێکی زۆر، ئامین." "بۆ ساڵانێکی زۆر..."

"زۆرباشە، ماوەی چەندە ئەبێ خۆت پاکژ نەکردۆتەوە؟"

"دووڕۆژه، بابا."

ئینجا گوێی لەدەنگێکی دی بوو، دەتوت نەگبەتی گرتوویەتی، لەخۆی پرسی: "چی دەکەی لێره؟ پشوویەك بده، بڕۆ پشوویەك بده، زۆر ماندوویت." لەژووری دانپیانان هاته دەرێ و یەکڕاست بەرەو ژووری شته پیرۆزەکان ڕۆیشت. بێ ئەوەی تەماشای ئەو ئافرەتانە بکات کەچاوەڕێی بوون، پێی وتن: "ئەوانەی خۆیان بەبێ گوناه دەزانن دەتوانن سبەینێ لەڕێ و ڕەسمی نوێژی خەوتناندا بەشداربن."

تەنها گوێی لە چپەچپێکی ئارام بوو لە پشت سەریەوەو هیچی‌دی.

لەسەر ئەو قەرەوێڵەیە پاڵکەوتووم کەماوەیەك لەمەوبەر دایکمی لەسەر مرد. لەسەر هەمان دۆشەك، لەژێر هەمان پەتۆی ڕەشدا کە منو دایکم بەخۆمانا ئەدا. ئەوکاتانە لەنێو ئەو هێلانە بچووکەدا کە بەباسکەکانی بۆی دروست دەکردم هەمیشە لەلایەوە دەخەوتم. هەستدەکەم تا ئێستاش گوێم لە هەناسە پچڕپچڕەکانێتی، لەو هەنسکانەی پێی دەلاوانمەوە تابخەوم، هەستدەکەم بۆ مەرگی خەفەتبارم.

بەڵام ئەمە وانیە.

ئەوەتام لێرەدا لەسەر پشت ڕاکشاوم، بیر لە و ڕۆژانە دەکەمەوە تا تەنیاییم بیربچێتەوە. چونکە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم ئاوا بەڕاکشاوی نامێنمەوە. لەسەر قەرەوێڵەکەی دایکیشم نیم، بەڵکو لەنێو سندوقێکی ڕەشدام، کەلەو تابوتانە دەچێت کە مردوویان تێدەخەن.

منیش مردووم.

دەزانم لــەکوێمو بیردەکەمــەوە.. بــیر لــەو وەرزەی ســاڵ دەکەمەوە کە لیمۆکان دەگەن. کەبای مانگی شوبات لقو پۆپــەکانی دارسەرخسەکان دەچەمێنێتەوە پێش ئەوەی کەمتەرخەمی وشـکیان بکاتەوە، بیر لەو کاتانە دەکەمەوە کە دالآنەکـە پـڕ دەبـوو لـە بـۆنی لیمۆ گەییوەکان.

سەر لەبەیانیانی مانگی شوبات با لەکێوەکانەوە هەڵیـدەکرد. بـەڵام هـەورەکان هەربـە بەرزاییـەوە دەمانـەوە، چاوەڕێیان دەکرد کاتی ئەوە بێتەوە بەرەو شیوو دۆڵەکان دابەزنەوە. لەپشتیشـیانەوە ئاسمــان ســامالّو بێگــەردبوو. هــەتاویش لەســەر ئــەو شــتانە دەدرەوشـایەوە کـە بـا یـاریی پێـدەکردن، لەسـەر ئـەو ئەڵقانـەی کەلەسەر زەوی دروستی دەکردنو دەبوونـە گێژەڵوکـە. لەسـەر ئـەو تەپو تۆزانەی بەرزی دەکردنەوە بۆ ئاسمان و دەنیشتنە سەر گەلآی دارپرتەقاڵەکان.

چـۆلەکەکانیش دەتریقانــەوە، بــەدەنووك ئــەو گەڵایانــەیان ئەمــدیو و ئــەو دیــو دەکــرد کــە باوەرانــدبوونی. پێدەکــەنین و دەتریقانــەوە. شــوێن پەپوولــەکان دەکــەوتنو چــەند پــەرێکیان بەدرەختەکانەوە لێ جێ دەما.. ئەو کاتەی ساڵ بوو.

ئەو بەیانیانەی مانگی شوباتم دێتەوە بیر کـە پڕبـوون لـە بـاو چۆلەکەو ڕووناکی.

ئەو دەمانە بوو دایکم مرد.

دەبــوو بگــریم و شــیوەن بکــەم. دەبــوو پەنجــەکانم لێــك بئاڵاندایەو بەنائومێدییەوە بمگوشینایە. تۆ وات دەویست. بەڵام ئایا ئەو بەیانییە بەیانیی خۆشی نەبوو؟ بـا لـەدرزی دەرگـا والآکانـەوە هاتــە ژوورێو خشەخشــی لــە لاولاوە پێچاوپێچــەکان هەڵدەســاند. لــەنێوان دەمارەکـانی قاچـمدا گەنـدەمووی نـەرم و تـازە سـەریان

دەرهێنا بوو و کاتێك دەستم بۆ ناو چەوانم دەبرد داخ بـوو. وەختـێ دەستم بەر مەمکەکانم دەکەوت" هەڵدەلەرزین.

چـۆلەکەکان یارییـان دەکـرد. دەغڵـەکان لـەدامێنی بـەرزایی گردۆڵکەکانەوە کەروێشکەیان دەکرد. خەفەتی ئـەوەم دەخـوارد کـە ئیدی ئەو نەیدەتوانی تەماشای گوڵە یاسـەمینەکان بکـات لەکاتێکدا با یاریی پێدەکردن. لەبەر ئەوەی ئیتر ئـەو لەئاسـت تیشـکی خـۆردا چاوەکانی نووقاند بوون. بەڵام بۆ دەبوو من بگریم؟.

خۆستینا لەیادتە؟ کورسیەکانت له هەیوانەکـەدا ڕیـز کـرد تـا ئەو کەسانەی لەسـەر دابنیشـن کـە دێنـەلای. بـەڵام کورسـیەکان بـە چـۆڵی و بـەتاڵی مانـەوەو دایکیشـم بەتـەنها لـەنێو مۆمەکانـدا بـوو. ڕەنگی ڕوخساری پەڕیبوو. ددانە سپیەکانیشی لەمابەینی لێـوە ئـاڵ و سفتەکانیەوە دەدرەوشانەوە. ئەوکاتە پێڵووەکانی ئارام هاتبوونـە خوارێ و دڵیشیخامۆش ببـوو. مـن و تـۆش دوعامـان دەخوێنـد بـێ ئـەوەی گـوێی لەتاکـە وشـەیەك بێـت، مـن و تـۆش گوێمـان لـەهیچ نەبوو، هەمووشتێك لەسروەبای شەواندا نقوم دەبوو.

تۆ کراسەڕەشەکەیت ئوتووکردو، یەخەو سەر قۆڵەکانت بریقـە دارکردن بۆ ئـەوەی تەنانـەت ئـەو کاتەشـی کـە دەسـتەکانی بەسـەر سنگ و بەرۆکیدا شۆڕ دەبنەوە لەهیچی وای کەم نەبێت. ئەو سنگ و بەرۆکە ئازیزەی زەمانێك سەرم دەخستە سەری، ئەوکاتانەی شـیری دەدامێ یان دەیخەواندم.

بۆ بینینی نـەهات، واش چـاکتر بـوو. مـردن دیارییـەك نییـە ببەخشرێتەوە. کەسیش بەدوای غەمدا ناگەڕێت.

لەدەرگایان داو تۆش دەرگاکەت کردەوە.

وتم: "تـۆ بچـۆ. نامـەوێ کـەس ببیـنم و پێشـیان بڵـێ بـڕۆن، پارەی نوێژی پاڕانەوەیان دەوێت؟ بەڵام ئـەو هـیچ پـارەی لـە پـاش بەجێ نەماوە. باشە ئەگەر ئـەو نوێـژە نەکـەن، ئـیتر ئـەم لەبـەرزەخ

ڕزگـاری نابێـت؟ ئەوانـە کـێن کـە داوای بەخشـینی بـۆ دەکـەن، خۆستینا؟ تۆ دەڵێی من شێتم؟ زۆر چاکە."

کورسیەکان هەروا بـە چـۆڵی مانـەوە تـا ئـەو کاتـەی بردمـان بەخاکی بسپێرین. ئـەو پیاوانـەی بـەکرێمان گرتبـوون تابووتەکـەیان هەڵگرت و لە پێناوی تاقە پیزۆیەکدا چین چین ئارەقەیان دەڕشت.

ئەوانە بەو غەم خواردنەی ئێمە غەریب بوون، لە کاتێکدا پاش بڕینـــی ئـــەوڕێ دوورەی گۆڕســـتان بـــا ئـــەوانی فێنـــك کردبـــۆوە، تابووتەکەیان بەهێواشی و لەسەر خۆ خستە ناوگۆڕەکەوە.

چاوانیان قورس ببوون. داوای کرێکـەیان کـردو تـۆش داتنـێ، وەکـو شـتێکت لـەدوکانێك کڕیبێـت. چـەندین گـرێ کـوێرەت لـە دەستەسڕە تەڕەکەت دابوو. بەڵام ئێستا گرێکانیت کردنەوەو پارەی کفـن و دفنەکـەیت لێ دەرهێنـا. کاتێـك ئـەوان ڕۆیشـتن، لەسـەر گۆڕەکەی چۆکت داداو ئەرزەکەت ماچ کردو، ئەگـەر پـێم نەوتیتایـە: "خۆسـتینا، بابچـینەوە ماڵـێ، تـازە ئـەو لێـرە نیـە. ئێـرە جگـە لـە لاشەیەکی مردوو هیچی تری لێ نیە." زەوییەکەت هەڵدەکەند.

"دۆرۆتیا، ئەوە تۆبوویت ئەو هەموو قسەیەت کرد؟"

"چی ؟ من وەنەوزم دەدا. دیارە هێشتا هەر دەتترسێنن؟"

"گوێم لێ بوو یەکێك قسـەی دەکـرد. دەنگـی ئافرەتێـك بـوو، وامزانی تۆیت."

"دەنگــی ئــافرەت؟ بێگومــان هــەر کەســێك بێــت قســە دەبزڕکێنێ. دۆنیا سـوزانیتایە. لـەو گۆڕسـتانە گەورەیـەی لامانـەوە نێژراوە. ڕەنگە گۆڕەکەی ئاوەدزەی کردبێ‌و ئەویش بەدەم خەوەوە تل ئەدات."

"سوزانیتا کێیە؟"

"دوا ژنـی پیـدرۆپارامۆ. هەنـدێك دەڵـێن شـێت بـووە، بڕێکـی دیکەش دەڵێن نـەخێر وانیـە. بـەڵام لەڕاسـتیدا کاتـێ زینـدووش بـوو لەبەر خۆیەوە دەیبزڕکاندو وڕێنەی دەکرد."

"بێگومان دەمێکە مردوە"

"ئۆو.. بەڵێ، دەمێکە، باشە دەیوت چی؟"

"لەبارەی دایکیەوە قسەی دەکرد."

"باشە خۆ ئەو دایکی نەبوو."

"نازانم، بەڵام لەوبارەیەوە دەدوا."

"ئـەو کاتـەی هـات بـۆ ئێـرە دایکـی لەگەڵدانـەبوو. نـەخێر، بوەستە بیرم کەوتەوە. لێـرە لـەدایك بـوو، بـەڵێ، دایکیشـی بەسـیل مرد، ئافرەتێکی سەیر بوو، قەت نەدەچووە دیدەنیی کەس."

"ئـەویش لەوبارەیـەوە دەدوا، دەیـوت کـاتێ دایکـی گیـانی دەرچوو کەس هەواڵی نەپرسی."

"دەمەوێ بزانم کام ساتانەی هاتبۆوە یـاد؟ هەڵبەتـە خـەڵکی نەدەچوونە ماڵەکەیان. دەترسان لەوەی تووشی سیل ببن. ئەمانـەی هاتبۆوە یاد؟"

"بەڵێ، لەوبارەیەو قسەی دەکرد."

"ئەمجارەیان ئەگەر گوێت لێی بوو، خەبـەرم بکـەرەوە. حـەز دەکەم گوێ لە قسەکانی بگرم."

"گـــوێ بگـــرە، وابـــزانم دەیـــەوێت قســـەبکات، گـــوێم لەچپەچپێکە."

"نەخێر، ئەمە دەنگی ئەو نیە، لەلایەکیدیەوە دێـتو دەنگـی پیاویشە. مردووە کۆنـەکان کاتێـك گۆڕەکانیـان ئاوەدزکـێ دەکـەن، دەکەونــە تــەپاوتل. پاشــان بــە ئاگادێنــەوە.. گــوێ بگــرە ئــەها قسەدەکات."

**"... بەهەشت گەورەیە. ئەمشەو خوام لەگەڵدا بـوو. ئەگـەر لەگەڵمدا نەبوایە نەمدەزانی چی ڕوویدەدا، چونکە کاتێـك هاتمـەوە سەر خۆم هەواتەواو تاریك ببوو..."**

"گوێت لێیەتی، خوان پریسیادۆ؟"

"بەڵێ."

**"... هەمووگیانم خەڵتانی خوێن بوو. کاتێك بێداربوومـەوە، دەستەکانم، لەخوێنی سەر بەردەکان گەوزان، ئەویش خوێنی خۆم بوو، دەریایەك خوێن. بەڵام نەمردبووم. پەیم بەوە دەبرد، دەمزانی کـە دۆن پیـدرۆ نەیدەویسـت بمکـوژێ. تـەنها مەبەسـتی ئـەوەبوو بمترسێنێ و هیچی دی. حەزی دەکرد بزانێت کەدوومانگ لەوە پێش لە (ئیلمابۆ) بووم یان نە ، واتە لە ڕۆژی سان کریستۆ بالی قەدیسدا. ڕۆژی زەماوەندەکە. چ ڕۆژێك؟ کام زەماوەند؟ دەسـتم لـە خوێنـە کەمەوە وەرداو پرسیم: "کام زەماوەند دۆن پیدرۆ؟**

**نەخێر، نەخێر، هەرگیز لەوێ نەبووم. ڕەنگـە ئـەو ڕۆژە ڕێـم کەوتبێتە ئەو نـاوە، بـەڵام تـەنها ڕێکـەوت بـووە و هیچـی دی...، مەبەستی نەبوو بمکوژێ.. هەروەکو دەمبینـی شـەلی کـردم، بـەڵام نەیکوشتم. دەڵێن هەر لەوکاتەشەوە لـە ترسـی ئـەو چـاوێکم خێـل بـووە. ڕاسـتی‌یەکەی ئەوەیـە لـەوە بـەدوا هـەر بەشـێوە لـەمرۆڤ دەچووم.. بەهەشت گەورەیە، کەسیش لەم بارەیەوە گومانی نیە.."**

"ئەوە کێیە، دۆرۆتیا؟"

"یەکێکـە لـەو خەڵکـە. پیـدرۆپارامۆ، دوای ئـەوەی باوکیـان کوشت، دەستی کردە قەتڵوعام. دەڵێن، زۆربەی ئەوانەی کوشت کە لەزەماوەندەکەدا بەشداربوون. لەوانە بوو دۆن لوکاس پـارامۆ وەکـو پیاوێکی باش بمابایەوە. بەڵام ئـەوەی ڕویـدا تـەنها ڕێکـەوتێك بـوو. چـونکە دەیانویسـت زاوا بکـوژن. پیـدرۆپارامۆش نـەیزانی کـێ فیشەکەکەی تەقاند، بۆیـە تۆڵـەی لەهـەمووان سـەندەوە. شـاییەکە

بەسەر گردۆلکەکانی ڤیلمایۆوە دەگێڕدرا. ئەوێش سەروەختێ هەمووی کێڵگەی گەورە گەورە و بەپیت بوو. بەڵام ماوەیەکە هیچی نەماوە. گوێ بگرە، واهەست دەکەم ئێستا ئەو ئافرەتە خەریکە دەکەوێتەوە قسە کردن، گوێچکەی تۆ کپ نەبوون و لێی حاڵی دەبیت.. گوێی لێڕاگرەو پێم بڵێ داخۆ چی دەڵێت."

"لە قسەکانی حاڵی نابم. هەست ناکەم قسەبکات، تەنها دەناڵێنێ."

"بۆچی؟"

"نازانم."

"بێگومان شتێك لەگۆڕێیە، لەخۆڕا ناناڵێنێ.. باشتر گوێی لێ بگرە."

"تەنها ناڵەناڵیەتی و هیچی دی، ڕەنگە پیدرۆپارامۆ ئازاری دابێت."

"باوەڕمەکە. بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم هیچ ئافرەتێکی هێندەی ئەو خۆش نەدەویست. ئەوەندە هۆگری بوو، کە باقی عومری خۆی بەبێدەنگی و لەسەرکورسیەك بردە سەر و هەر تەماشای ئەو ڕێگەیەی دەکرد کەئەویان بەرەوگۆڕستان پیابرد. وایلێهات تاقەتی هیچی نەما. کێڵگەکانی بە بەیاری هێشتنەوەو گشت شتومەکەکانی سووتاند. هەندێ کەس دەڵێن هی ئەوەبوو ماندوو ببو، حەوسەڵەی هیچی نەمابوو. هەندێکی دیکەش دەڵێن بێ ئومێد ببوو. بەڵام ئەوەی گومانی تێدانیە ئەوە بوو، ئەو هەموو شتێکی تووڕداو کاری هەمیشەیی ئەوە بوو لەسەر کورسیەکەی دابنیشێتو تەماشای ڕێگاکە بکات.

"دوای ئەو کێڵگەکان هەموو قات و قڕبوونو فەوتان. مرۆڤ بەدیمەنی ئەو کێڵگانە زۆر دڵتەنگ دەبوو. هەر ئەو وەختانەش بوو خەڵکی بێکاربوونو بەڕێ کەوتن تا بەدووی کاری دیدا بگەڕێن.

یەکەمجار پیاوەکان ڕۆیشتن.. ڕۆژگارێکم لەبیرە، لەنێو کۆمالادا هاواری ماڵئاوایی و خواحافیزی بەرز ببۆوەو تەنانەت ماڵئاوایی کردن لەو کەسانەی دەڕۆیشتن مایەی خۆشحالّی بوو. بەهیوا بوون بگەڕێنەوە، لەبەر ئەوە کەلوپەل و ماڵ و منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا نەدەبرد. پاشان هەندێکیان ناردیان بە دوای خێزانەکانیاندا و باسی کەلو پەلەکانیان نەکردبوو. دوای ئەوە دەرکەوت کە ئاوایی و کەلو پەل و تەنانەت ئێمەشیان لەبیرچۆتەوە. من مامەوەو نەبزاوتم، چونکە جێگەیەکم شك نەدەبرد پەنای بەرمێ. ئەوانی دیش مانەوەو چاوەڕێی مەرگی پیدرۆپارامۆیان دەکرد، چونکە دەیانوت گفتی داونەتێ سامانەکەی لە نێوانیاندا بەش بکات، ئەوانیش بەو ئومێدەوە هەر چۆنێك بێت لێرە ڕایانکێشاو نەڕۆیشتن، بەلاّم سالانێکی زۆر تێپەڕین و پیدرۆپارامۆ نەمرد. هەر ئەوەندەشی لەدەست دەهات وەکو داهۆڵ لەمیدیالۆنا دانیشێ..

"ماوەیەك بەر لەمردنی، کریستۆکان یاخی بوونو بەخۆیانو دارو دەستەیانەوە باقی ئەو پیاوانەشیان لەگەڵ خۆیاندا برد کە تا ئەو کاتە لێرە مابوونەوە. ئەو دەمانە بوو برسێتی زۆری بۆ منیش هێناو ئیدی پشتم بۆ ڕاست نەکرایەوە.

"ئەمانە هەمووی بەهۆی بیروبڕوای پیدرۆپارامۆوە بوون، بەهۆی ئەو خەم و خەفەتەوەی کە دایگرتبوو. تەنها لەبەر ئەوەی ژنەکەی مردو هیچی دی، مەبەستم سوزانیتایە، وابزانم ئێستا بۆت دەرکەوت کەچەندی خۆشویستوە."

فۆلگۆر سیدانۆ لێی پرسی: "گەورەم، دەزانیت کەی هاتۆتەوە؟"

"کێ؟"

"بارتۆلۆمە سان خوان."

"بۆچی؟"

"ڕێـك و ڕاسـت منـیش هـەمان ئـەم پرسـیارەم لـەخۆم کـرد:

"ئیشی چیە لێرە؟"

"ئەی تاقیبت نەکردووە؟"

"نـەخێر. مەسـەلەکە لەوێدایـە، بـەدووی خـانوودا نەگـەڕاوە. یەکسەر چووە خانووە کۆنەکەی جەنابتانەوە.دابەزی و دەستی دایە هەگبەکەی. هەر دەتوت لەوەو پێش ئەو خانووەت بـەکرێ داوەتـێ. مەبەستم ئەوەیە وادەهاتە پێش چاوم"

"فۆلگۆر، چیت بەسەر هاتووە. تۆ بۆ ئەوە دانەنراویت ئاگـات لەدەنگوباس بێت؟ ئەی ئەوەکاری تۆنیە؟"

"بڕێ گێلیم تێداکرد. بەڵام ئەگەر بەچاکی دەزانیت. سـبەینێ تاقیبی دەکەم."

"سبەینێ واز لێ بێنە بۆ من. خۆم دەچمەلایان. هەر دووکیـان گەڕاونەتەوە."

"بەڵێ، خۆی وژنەکەی، بەڵام چۆنت زانی؟"

"کێ دەڵێ کچی نییە؟"

"بەهەڵس و کەوتیا ئەڵێم لەوانەیە ژنی بێت."

"دەتوانیت بچیت بنوویت فۆلگۆر."

"شەوباش، دۆن پیدرۆ."

" سوزانا، سی ساڵی ڕەبەقە چـاوەڕێی گەڕانـەوەت دەکـەم" چاوەڕێ بـووم ببمـە خـاوەنی هـەموو شـتێك. لـە هیچـم کـەم نـەبێ، هەموو شتێك. هەموو خەونێك، تەنها خەونی تۆوتامەزرۆیی تۆ نەبێ.

چەند جار داوام لە باوکت کرد بگەڕێتەوە ئێرە، وتم پێویستم بەوە، تەنانەت شتی وام دەوت کە زۆر لە ڕاستی‌یەوە دووربوو.

پێم وت دەیکەم بە وەکیل، تەنها لەبەرئەوەی جارێکی دی بەدیداری تۆ شادببمەوە. ئەو کاتە ئەو وەڵامی چی بوو؟ نامەبەر، هەمیشە دەیوت: "وەڵامم نادات‌ەوە. کاتێك نامەکانی دەدەمێ، دەیاندڕێنێ" بەڵام هەر لە نامەبەرەکەم بیست گوایە تۆ شووت کردووەو پاشان بوویت بە بێوەژن‌و دووبارە لەگەڵ باوکتدا دەژیتەوە.

"دوای ئەوەش بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاین. نامەبەریش دەهات و دەچوو. هەر کاتێکیش دەگەڕایەوە پێ‌ی دەوتم: "دۆن پیدرۆ نەمدۆزینەوە. پێیان وتم ماسکۆتایان جێ هێشتووە، بەڵام کەس نازانێت بۆ کوێ چوون"

"منیش دەموت: خەمی پارەو پوولت نەبێ، بیاندۆزەرەوە، تەنانەت ئەگەر زەویش قووتی دابن.

"سەرئەنجام ڕۆژێکیان گەڕایەوەو پێ‌ی وتم: تەواوی ئەو کەژوکێوانەم تەی کرد بۆ ئەوەی بزانم دۆن بارتۆلۆمە لەکوێ خۆی حەشارداوە، تا ئاخریەکەی دۆزیمەوە، ئەوەتا لەناو کونە ئەشکەوتێکدا، لەژوورێکدا دەژی کە بەقەدی داردروستکراوە. لەنزیکی کانە مەعدەنەکانی ئەندرۆمیداوەیە"

"لەو ڕۆژانەدا بایەکی توند هەڵیکردبوو. دەیانوت شۆڕشێك بەرپا دەبێت. هەواڵەکانیمان بۆ دەهات.. هەر ئەوەش وای لە باوکت کرد بێت بۆ ئێرە. لەنامەکەیدا نووسیبووی، لەبەر خاتری خۆی نەهاتۆتەوە ئێرە وبەڵکو لەبەر سەلامەتی‌ی تۆ بووە. دەیویست بتباتە جێگەیەك ئاوەدان بێ.

"هەستم کرد دەرگای بەهەشتم بەڕوودا کراوەتەوە. حەزم دەکرد بەفڕین بەپیرتەوە بێم. لەخۆشیدا نقوم بین. دەگریام سوزانا، کاتێك دڵنیا بووم دەگەڕێیتەوە ئێرە، گریام."

ئاوایی هەیە بۆنی بەدبەختی لێ دێ. مرۆڤ بە سانایی دەتوانێت کەمێك هەوای بەجێماوی ئەو ئاواییانە هەڵمژێت و لەمە حاڵی بێت. بێ گیان و لاواز، وەك هەموو شتێکی بەتەمەن، سوزانا، ئەمەش یەکێکە لەو ئاواییانە.

"لەئاندرۆمیدا، مرۆڤ دەیتوانی بەلایەنی کەمەوە کاتی خۆی بەتەماشاکردنی ئەو شتانەوە بەرێتە سەر کە دەهاتنە دنیاوە: هەور، باڵندە، قەوزە، لەیادتە؟ بەڵام لێرە بەرەو هەرجێیەك دەڕۆی جگە لەو بۆگەنەزەردو ترشاوە هیچی دی نیە. ئەم دێیە نەگبەتیی بەدواوەیە، نەگبەتی.

"داوای لێکردین بگەڕێینەوە. خانووەکەی داینێ و هەرچییەکیشمان پێویست بوو بۆی ئامادەکردین. بەڵام نابێت سوپاسی بکەین. بوونی ئێمە لێرە بەڵایە، چونکە ئێمە بەختمان نیە، بڕوام پێ بکە.

"دەزانیت پیدرۆپارامۆ چیی پێ وتم؟ چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد ئەو شتانەی بۆی ناردووین بەخۆڕایی بن. من ئامادە بووم بەکارکردن پڕیان بکەمەوە، چونکە دەبوو بەهەر جۆرێك بێت قەرزەکانمان بدەینەوە. هەرچیم لە بارەی کانەکانی ئاندرۆمیداوە دەزانی بۆم باسکرد. تێم گەیاند ئەگەر دەستی بداتێ، توانای بەسەردا دەشکێو سەرکەوتووش دەبێت. بەڵام دەزانی ئەو وتی چی؟ وتی: بارتۆلۆمە سان خوان، من کارێکم بە مەعدەن دەرهێنان

نیه، تەنها شتێك لەتۆی داوا دەکەم کچەکەتە. ئەوە باشترین کارە کەتۆ بۆمنی دەکەیت"

"سوزانا، تۆی دەوێت. دەڵێت کاتێك ئێوە منداڵ بوون پێکەوە یاریتان کردووە. هەروەها دەڵێت تۆ دەناسێ و بەمنداڵی پێکەوە لەنێو ڕووبارەکەدا مەلەتان کردووە. من ئەوەم نەزانیوە، ئەگەر بەوەم دەزانی شلکوتی مەرگم دەکردی."

"گومانم نیە"

"ئەوە لەگەڵ منتە؟ گومانت نیە؟"

"بەڵێ لەگەڵ تۆمە."

"کەواتە حەزدەکەیت لەگەڵیدا بنوویت؟"

"بەڵێ، بارتۆلۆمە."

"ئەی نازانیت کەژنی هێناوە؟ سەدان ئافرەت ژنی بوون؟"

"بەڵێ، بارتۆلۆمە دەزانم"

"پێم مەڵێ بارتۆلۆمە! من باوکتم!"

بارتۆلۆمەسان خوان، مەعدەنچی‌یەکی مردووە. سوزانا سان خوان، کیژی ئەو مەعدەنچی‌یەیە کە لە کانەمەعدەنەکانی ئاندرۆمیدادا مردووە. بەجوانی ئەم ڕووداوەی دەبینی" بیری کردەوە: "پێویستە بچم لەوێبمرم"، پاشان وتی: "من پێم وت ڕاستە ئێستا بێوەژنیت، بەڵام هێشتا هەر لەگەڵ مێردەکەتدا دەژیت، یان بەلای کەمەوە خۆت حەز دەکەی وابنوێنیت. زۆرم هەوڵدا واز لەو بیرۆکەیە بهێنێت، بەڵام کاتێك قسەی بۆ دەکەم بەگومانەوە تەماشام دەکات، هەرجارێکیش ناوی تۆ دەهێنێت چاوەکانی دەنووقێنێ. دەزانم مەبەستی چی‌یە! شەیتانەو لە پێستی بنیادەمدایە، ئەمە پیدرۆپارامۆیە!."

"ئەی من کێم؟"

"تۆ کچی منیت، کچی من، کچی بارتۆلۆمە سان خوان."

بیرۆکەکانی سوزانا لەناو مێشکیدا کەوتنە هەڵبەز و دابەز، لەسەرەتاوە بە هێواشی و لەسەر خۆ، بەڵام لەپاشاندا هێندە

بەتوندی دەهاتنو دەچوونو خولیان دەخوارد، تەنها هێندەی توانی بڵێ:

"ڕاست نیە. ئەمە ڕاست نیە."

"لەبەرچی ئەم دونیایە لە هەموولایەکەوە شاڵاومان بۆ دێنێت و دەمانجنێ و زەوی لە خوێنی ئێمە پاراو دەکات؟ چیمان کردووە؟ لەبەرچی ڕۆحی ئێمە دەگەنێ؟ دایکت دەیوت لانی کەم بەر ڕەحمەتی پەروەردگار دەکەوین.. کەچی تۆ ئەمەش ڕەت دەکەیتەوە. بۆ دەڵێی من باوکت نیم؟ شێتیت؟"

"ئەی نەتزانیوە؟"

"شێتیت؟"

"بێگومان شێتم بارتۆلۆمە، ئەوەت نەزانیوە؟"

"فۆلگور، دەزانیت ئەو ئافرەتە جوانترین ئافرەتی ئەم جیهانەیە، وام هەست دەکرد تازە بۆ هەتاهەیە لەدەستم داوە، ئێستاش حەز ناکەم دووبارە لەدەستی بدەمەوە، تێدەگەیت فۆلگور. بەباوکی بڵێ دەست لەکانە مەعدەنەکان بەرنەدا. ئینجا لەوێ... وا هەستدەکەم لەوێ زۆر بەئاسانی دەتوانرێت سەری بکرێت بە گۆمدا. تەنانەت ئەوێ شوێنێکە کەس ڕووی تێ ناکات. وانییە؟"

"دەشێ."

"مەڵێ دەشێ. پێویستە ئەو بێ باوك بێت. ئەی کاری ئێمە چاودێریکردنی هەتیوان و ئەو جۆرە کەسانە نیە. وانییە؟"

"کارەکە هێند سەخت نیە."

"کەواتە دەستی پێ بکە، فۆلگۆر، دەستی پێبکە."

"ئەی ئەگەر کچەکەی زانی؟"

"کێ پێی دەڵێت؟ گوێ بگرە، ئەبێ ئەمە لە نێوان خۆماندا بێت. ئیتر کێ پێی دەڵێت، ها؟"

"واهەست ناکەم کەس پێی بڵێت."

مەڵێ "وا هەست ناکەم" دەبینیت کارەکان لەجێی خۆیاندا دەکرێن. لێی بپرسە، بزانە دەیویست لە ئاندرۆمیدا چی بکات. بینێرە بۆ ئەوێ کار بکات. بەڵام پێی بڵێ با لەوێ بێت، بڵێ کاتێك دەچێت بۆ ئەوێ نەکا کچەکەشی سوار گالیسکەیەك بکات و لەگەڵ خۆیدا بیبات، چونکە ئێمە لێرە چاودێریی دەکەین. باکارەکەی لەوێ بێت و ماڵەکەشی لێرە. فۆلگۆر، بەم جۆرە ئیشەکە جێبەجێ بکە."

"لەم بارەیەوە نەخشەکەتانم قبوڵە، گەورەم، دەڵێی بوویتەتەوە بەلاوەکەی جاران!"

باران بەسەر کێڵگەکانی کۆمالادا دەباری.بارانێکی نەرم و نامۆ بەم زەوییانەی جگە لە تاوەتەرزە هیچی تریان بە خۆیانەوەنەدیوە. ڕۆژی یەکشەممە بوو، سوور پێستەکان کە لە ئاپانگۆوە هاتبوونە خوارێ کۆمەڵێك گژوگیای کێویی وەکو بەیبوون و ڕازیانە و جاترەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، کە بەپەتەوە هۆنرابوونەوە. (ئۆکۆتە)* یان پێ نەبوو" چونکە دارستانەکە شێداربوو. تەنانەت (تۆزی بەڕوو)** شیان نەهێنابوو، چونکە باران تەواو تەڕی کردبوون. لەژێر دەروازەکەدا پەڕۆیان ڕاخستو گژوگیاکانیان لەسەردانانو چاوەڕێیان کرد.

* ئۆکۆتە: جۆرە دار سنەوبەرێکە لە دروستکردنی شاپلێتەدا بەکار دەهێنرێت

** تۆزی بەڕوو: تۆزی ئەو زەوییەی کە دار بەڕووی تیا ڕواوە بۆچارەسەری هەندێك نەخۆشی گەدە بەکاردەهێنرێت.

www.pertwk.com

ڕێژنەی باران لەسەر گۆلاوەکان بەردەوام بوو.

ئـــاو بەتـــەوژم دەچـــووە نـــاو دێراوەکانـــەوە" کـــەتازە گوڵەگەنمەکان تیایاندا سەوز بوبوون. پیاوەکان نەیانتوانی ئەو ڕۆژە سـەر لـەبازاڕ بـدەن، سـەرقاڵی ئـەوەبوون ڕێچـکەی تـر بـۆ بارانەکـە بکەنەوە، تا ئاوەکە بـڕواتو لاسـکی گەنمەشـامیەکان لەگـەڵ خۆیـدا ڕانەماڵێت. تاقمێـك لـەناو کێڵگـە سـێڵاوگرتووەکانداو لـەژێر لێزمـەی باراندا کەوتبوونە ناو ئەو قوڕولیتاوەوەو بـە بێڵـەکانیان پارچـە گڵـە تـــەڕەکانیان ورد دەکـــردو لاســـکی گوڵەگەنمەشـــامیەکانیان ڕاســـت دەکردەوە تا قیت و خۆڕاگربن.

سـوور پێسـتەکان چـاوەڕێ بـوون. هەسـتیاندەکرد ڕۆژێکـی شوومە. دیارە هەر لەبەر ئەمەش لەژێر پـاڵتۆ پووشـیە تەڕەکانیانـدا هەڵدەلەرزین. واتە لەترسانا، نەك لەسـەرمانا، هەڵدەلـەرزینو تاوێك لەبارانە پچڕپچڕەکە و تاوێکی تـریش لـەو ئاسمانـەیان دەڕوانـی کـە هەورەکانی بەرەڵا ناکات.

کەسێك نایەت. ئاواییەکە تەنها دەهاتـە پێشچـاو. ئافرەتەکـە پـێی وتبـوون دەزووی جـل پینـەکردن و هەنـدێ قەنـدو گـەر هـەبوو هێڵەکێکیشی بۆ بێنن تا شەرابی (ئەتولی)* ی پـێ بپاڵێوێـت. دەمـەو نیوەڕۆ پاڵتۆکانیان هێندە تەڕ دەبن بە بەریان قورس دەبـن. قسـان دەکەن. نوکتە دەگێڕنەوەو قاقا پێدەکەنن. ئەو شـەونمانەی بەسـەر گوڵە بەیبوونەکانەوەن وایان لێدەکات ببریسکێنەوە. لـەدڵی خۆیانـدا دەڵێن: "ئەگەر کەمێك شەرابی پۆلکا**مان لەگـەڵ خۆمانـدا بهێنایـە

* ئەتولی: شـەرابێکە لـەجۆی کولاو دروسـت دەکرێتو لەگـەڵ شیرا وەکـو خـۆراك لەمەکسـیك ئەخورێ.

** پۆلکا: جۆرە بادەیەکی بەهێزە.

ئێستا هیچمان بە خەیاڵدا نەدەهات، بەڵام هەرچی ڕووەکی پۆڵکاکانە نوقمی ئاو بوون. تازە چارنییە". خۆستینا دیارکە موشەممایەکی بارانگیری لە بەردابوو، لەو جادەیەوە کەلە میدیالۆناوە دەهات، هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی لەئاوە چۆڕەی پلوسکی سەربانەکان بپارێزێ کە دەڕژایە سەر شۆستەکان.. کاتێ بە بەردەم دەروازەی کڵێسادا تێپەڕی، وێنەی خاچی کێشاو چووە ژێر دەروازەکەوەو لەبەردەمی یەکەم فرۆشیاردا وەستا و بایی دە سنتاڤ ڕازیانەی کڕی و گەڕایەوە.هەموو چاوە شەرمن و ئارامەکان لێی وردبوونەوە. ئافرەتەکە کاتێك بەرەومیدیالۆنا هەنگاوی دەنا بەخۆی وت: "ئەم ڕۆژگارە هەمووشتێك گران بووە. ئەوەندەش نیە بۆنی لێ بێت." ئێواریێ سوور پێستەکان کەلوپەلەکانیان کۆکردەوەو دایان بەشانیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵەکانیان قورس بوون، ناچار بەژێر لێزمەی بارانەکەدا کەوتنە ڕێ. چوونە کڵێساکەوەو لەبەردەمی مریەمی پیرۆزدا دوعایان خوێندو دەستوویەك جاترەیان وەکو دیاری لەبەردەمدا دانا.. پاشان بەرەو ئاپانگۆ کەوتنەوە ڕێ. بەدەم ڕۆیشتنەوە گاڵتەو قسەی خۆشیان دەکردو پێدەکەنین.

خوستینادیاز چووە ژوری نووستنی سوزاناسان خوانەوەو دەستووە ڕازیانەکەی لەنێو تاقی ژوورەکەدا دانا.پەردەکان دادرابوونەوەو ڕێگەی هاتنە ژوورەوەی ڕووناکییان گرتبوو، بەجۆرێك تەنها تارماییيە ڕەشەکانی لێوەدەبینرا. وای هەست کرد سوزانا سان خوان نوستبێت.. حەزی دەکرد هەمیشە لەخەودابێت. بەڵام لەو کاتەدا گوێی لە نووزەی ئاهێك بوو کەلە گۆشەی تاریکی ژوورەکەوە هات

"خۆستینا".

ئاوڕیدایەوە کەسینەبینی، بەڵام هەستی بە دەستی پیاوێك کرد لەسەرشانی وپاشان گەرمیی هەناسەیشی لە گوێچکەی و لاملی ئالآ، بەهێواشی وتی:

"خۆستینا بچۆرە دەرەوە. کەلو پەلەکانت ببە وبڕۆ. ئێمە ئیتر پێویستیمان بەتۆنیە".

ئافرەتەکە بەوپەڕی خۆڕاگرتنەوە وتی: "پێویستی پێمە. نەخۆشەو پێویستە لای بمێنمەوە."

"پێویست ناکات، خۆستینا. من لێرە دەبم و ئاگام لێی دەبێ."

"بارتۆلۆمە تۆیت؟"

بەجۆرێك قیژاندی، ئەو ئافرەتو پیاوانەی لە کێڵگەکان دەگەڕانەوە گوێیان لەدەنگی بوو، وتیان: "لە قیژەی ئادەمیزاد دەچوو، بەڵام تا ئێستا کێ دیویەتی ئادەمیزاد بەو جۆرە بقیژێنێت؟"

بارانەکە گۆڕابە تەرزەو هەموو دەنگەکانی تری مەحو دەکردەوە جگە لە دەنگی خۆی.

"خۆستینا، ئەوەچی بوو؟ بۆ قیژاندت؟"

"نەمقیژاندووە؟ بێگومان خەونت بینیوە سوزانا"

"لەوەو پێش پێم وتویت کە هیچ کاتێك خەون نابینم. تۆ بە هیچ جۆرێك ئاگات لە من نیە. خەوم نەماوە. دوێنێ شەو پشیلەکەت نەبردە دەرێ، تا بەیانی نەیهێشت بخەوم."

"لەگەڵ مندا خەوت، لەنێوان قاچەکانمدا. سەرمای بوو، دڵم پێی سووتا، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتم لەسەر قەرەوێڵەکەم بخەوێت. بەڵام دەنگی لێوەنەهات."

"نە ، دەنگی لێوە نەهات، بەڵام هەر دەورو خولی بوو بەسەرقاچمدا و لەبرسانا دەیمیاواند."

"ئێواریێ خواردنم بەشدا و شەویێ تا بەیانی جیێی نەهێشتم. سوزانا دیسانەوە خەودەبینیت".

"پیێم وتیت شەویێ تا بەیانی هێندەی دەوروخول دام ترساندمی. پشیلەکەت زۆر ئێسکی سووکە بەلاّم حەزناکەم کاتیێ خەریکم بنووم لێرەبێت".

"سوزانا، تۆ دوچاری خەیالاّت بوویت. ئەوەیە مەسەلەکە. کە پیدرۆپارامۆ هات پیێی دەلێم بەرگەی تۆ ناگرم. دەلێم دەمەویێ بڕۆم، خەلکی باش زۆرن کارم بدەنیێ. ئەوان وەکو تۆ شێت نین هەمووکاتێك دەردەسەریم بۆ دروست کەن. سبەینیێ بۆت بەجیێ دەهێلّم و پشیلەکەشم لەگەلّ خۆمدا دەبەم بۆ ئەوەی خەوت لیێ بکەویێ."

"خۆستینا، تۆ ئافرەتێکی بیێ ڕەوشیت. ناچیتە هیچ جیێیەك و ناڕۆیت. چونکە دەزانیت کەست دەست ناکەوێت وەکو من خۆشی بوێیت".

"بەلیێ سوزانا، ناڕۆم. من لێرەم. تا ئاگام لە تۆبێت. هەرچیەك دەکەیت قەیدی نیە.. من لێرە ناجوولێم.

لەوکاتەوەی لەدایك ببوو، ئەم چاودێریکردنی گرتبووە ئەستۆ. هەر بەباوەشیەوە بوو، فێری ڕۆیشتنی کردبوو. ئاگای لەگەورە بوونی بوو.. لەچاوەکانی ورد دەبۆوە، ئەو چاوانەی لەنوقولّ دەچوون "نوقولێك کە نەعنای تێکەلّ کراوەو، شین دەنوێنیێ، زەردوشین، سەوزو شین، تێکەلاّیەك لە نەعناو ڕێحانە."

گازی لە پیێیەکانی دەگرت، لیێ دەگەڕا یاری بە مەمکەکانی بکات، هەر چەندە شیریان تێدا نەبوو، بەلّکو دەتوت یاریی منداڵانن." پیێی دەوت: "تەماشاکە ئەها، یارییان پیێ بکە،" توند دەیگرتن و دەیگوشین." لەدەرەوە تاوەبارانەکە دەیدا لەگەلاّی مۆزەکان، دەنگی دلّۆپە بارانەکان دەهات، وەکو ئاوێك لەسەرزەوی قوڵپ بدا.

چەرچەفەکان ساردو شێدار بوون. ئاوی زێرابەکان هاتبوە دەرێ و کەفیان کردبوو. لەبەیانی‌یەوە تا ئێوارێ زێرابەکان ئاویان پێدا دەهاتە خوار، بەدرێژایی شەو و ڕۆژ ئاوەکە بەتەوژم دەهاتە خوارێ و هەزاران هەزار گلۆپەکەفیان دەکردو دەتەقین.

نیوە شەو بوو. دەنگی گوژمی بارانەکە هەموو دەنگەکانی دی مەحودەکردەوە. سوزانا سان خوان هەڵساو لەسەر قەرەوێڵەکەی هاتە خوارێ. دیسانەوە هەستی بەو قورساییەکرد کە هوروژمی بۆقاچەکانی دەهێنا، بە هەموو لەشیدا هاتو چۆی دەکردو هێدی هێدی خەریك بوو بەرەو دەموچاویشی دەکشا.

"بارتۆلۆمە، تۆیت؟"

هەستی کرد گوێی لە جیڕەی دەرگاکەیە، وەك ئەوەی یەکێك هاتبێتە ژوورێ یان چووبێتە دەرەوە. پاشانیش بۆی دەرکەوت تەنها دڵۆپە بارانەکانن کە دەکەوتنە سەرگەڵای مۆزەکان.

خەوتەوە و هەڵنەسا. شەونم لە خشتە سوورەکان نیشتبوو. بەیانی‌ی ڕۆژێکی نوێ بوو.. هاواری کرد: "خۆستینا!"

خۆستیناش، بەدەم ئەوەوە کە خۆی لە چەرچەفێکەوە دەپێچا، یەکسەر بێ ئەوەی دوابکەوێت، ئامادە بوو: "سوزانا، چیت دەوێ؟"

"دیسانەوە پشیلەکەیە، هاتۆتە ژوورێ."

"ئای سوزانای بەسزمان."

باوەشی پیاکردو بەسەر سنگیدا شۆڕ بۆوە، تا ئەو سەری بەرز کردەوەو لێی پرسی: "خۆستینا، بۆچی دەگریت؟ بە پیدرۆپارامۆ دەڵێم لەگەڵ مندا زۆر میهرەبانیت. لەو بارەیەوە کە

پشیلەکەت چۆن دەمترسێنێ هیچ قسەناکەم، خۆستینا، تکات لێدەکەم مەگری."

"سوزانا، باوکت مرد. دووشەو لەمەوبەر مردووە و ئەمڕۆش بە ئێمەیان وت کە ناشتویانە. نەیانتوانیوە بیهێننە ئێرە، چونکە زۆر دوورە. سوزانا تۆ ئێستا تەنیاو تەنیایت".

زەردەیەکی گرت و وتی: "کەواتە ئەوە باوکم بوو هاتە ئێرە و ماڵئاوایی لێکردم" و پێکەنی.

سالانێکی زۆر لەوەپێش، کاتێك ئەم کچۆڵەیەکی منداڵکار بوو، باوکی پێیوت:

"سوزانا، بچۆرە خوارێ و چیت بینی پێم بڵێ."

بەگوشێکەوە بەسترابۆوە، گوشەکە ئازاری کەمەری دەداو خوێنی لەدەستی دەهێنا. بەڵام نەیدەویست دەستی لێ بەردات، چونکە تاقە شتێك بوو ئەوی بەدنیای دەرەوە گرێ دابوو.

"بابە، هیچ نابینم".

"سوزانا، جوان چاو بگێڕە، بێگومان شتێکی هەر لێیە" بەچراکەی دەستی ئەویی بۆ ڕووناك کردەوە.

"بابە، هیچ نابینم."

"زیاتر داتدەگرمە خوارەوە، کە گەیشتیتە بنەوە ئاگادارم کە."

لە کونێکی بچکۆلانەوە، بەنێو دارو تەختە شکاوەکاندا ڕۆیی بوو، پاشان گەیشتبوە سەر هەندێ لەوحی ڕزیوو کۆن و کونکونو خۆڵاوی.

"سوزانا، بڕۆرە خوارەوە، ئەوشتە دەدۆزیتەوە کە پێم وتی."

"ئەویش بەدەم ئەوەوە کە لە تاریکیەکەدا ئەملاولای دەکردو بەقاچ دەگەڕا بۆ جێیەك پێی لێ دابنێ، دەڕۆیشتە خوارەوە."

"زیاتر بچۆرە خوارەوە، ئەگەر شتێکت دی ئاگادارم کە."

کاتێك گەیشتە بنەوە ڕەق ڕاوەستا. لەترساندا زمانی بەسترا. ڕووناکیی چراکە بریسکەیەکی لێوەهات و دۆزیەوە. قیژەی باوکی ئەمی خستە لەرزە.

"سوزانا، لەبنەوە هەر چیەکی لێ یە بۆم بهێنە سەرەوە!"

کەللەسەرەکەی هەلگرتەوە و کاتێك لەبەر ڕووناکیی چراکەدا تەماشای کرد تووڕی هەڵدا. وتی:

"کەللەسەرێکە".

"هەرچیت دۆزیەوە بیهێنە سەرێ، بێگومان شتێکی دیکەشی لەلاوەیە".

کەللەسەرەکە پارچە پارچەبوو. کاکیلەکەی کە دەتوت لەشەکر دروستکراوە، دەرهات و لێی جیا بۆوە. یەك یەك پارچەکانی کۆکردەوە تاگەیشتە پارچە ئێسقانە وردەکانی پەنجەی پێی.

"سوزانا، بەدوای شتی باشتردا بگەڕێ، پارە، ئاڵتون، بەدوای ئەوانەدا بگەڕێ سوزانا."

تەنها چەند ڕۆژێك لەوەدوا کە ڕوانیە نیگا ساردوسڕەکانی باوکی، لەوە گەیشت کەچی بەسەر هاتووە.

هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئێستا پێکەنینی هاتێ و وتی:

"بارتۆلۆمە، دڵنیابووم کەتۆ بوویت"

خۆستینای بەسزمانیش کە بەسەر سینەی ئەودا فرمێسکی دەباراند، کاتێ بینی پێدەکەنێت بەناچاری هەڵسایە سەرپێ. پاشان پێکەنینەکە گۆڕابە قاقایەکی ترسناك.

لــەدەرەوە بــەردەوام بــاران دەبــاری. ســوور پێســتەکان ڕۆیشــتبوون. ڕۆژی دووشــەممە بــوو، دۆڵــی کۆمــالا لەنێوبارانــدا نغرۆببوو...

بە درێژایی ئەو ڕۆژە بای دەهات. هەر ئـەو بایـەی بارانەکـەی لەگەڵ خۆیدا هێنـابوو. بارانەکـە خۆشـی کردبـۆوە، بـەڵام هـەر بـای دەهات. لاسکی گەنمـەکان سـەریان لـەنێو دەغڵەکـەدا شـاردەوە بـۆ ئـەوەی خۆیـان لـە تـەوژمی بایەکـە بپـارێزن. باڕۆژانـە دەهـاتو دارمێوەکـانی بـەملاولادا دەبـردو چـینکۆی سـەربانەکانی دەخسـتە تەقەتەق، بەڵام شەوانە تەنها گڤەی دەهـات. هـەورەکان، لەشـێوەی ڕەشمـاڵی گـەورە گـەورەی گەڕۆکـدا دەسـووڕانەوەو بـێ ئـەوەی مەبەستێکیان هەبێت بەسەرپانتایی زەویدا دەبزاوتن.

سوزانا سان خوان گوێی لە گڤەی ئەو بایە بوو کە پەیتاپەیتا ئەیدا بـە پەنجـەرە داخراوەکـەدا. هـەر دوو دەسـتی خسـتبوونە ژێـر سەری و ڕاکشابوو. بـیری دەکـردەوە و گـوێی لـە دەنـگ و سـەدای شــەوانە دەگــرت، دەتــوت هەناســەی بــێ ســرەوتی باکــە، شــەو ڕادەژەنێو دەیهێنێ و دەیبات.

دەرگاکە کرایەوە، هەناسەی باکە چراکەی کوژاندەوە، کەوتـە نێـو تـاریکی و ئیـدی لـەوە دوا بـیری نـەکردەوە. گـوێی لەچـەند نوزەنوزێك و پاشان دەنگـی لێـدانی ڕێکـی دڵـی خـۆی بـوو. وەختـێ تیشکێك دای لە پێڵووەکانی" نیگایەکی خێرای ڕوناکیەکەی کرد.

چـاوی هەڵنەهێنا_ قـژەکانی بەسەروسـیمایدا بـڵاو ببوونـەوە. ڕووناکییەکە دڵۆپە ئارەقەی سەر لێوەکانی بەدیار خستن و پرسی:

"بابا، ئەوەتۆی؟"

"بەڵێ کچەکەم."

چاوەکانی بە ئاستەم هەڵهێنان. لەولای پرچە ژاکاوەکانیەوە چاوی کەوت بە سێبەرێکی گەورە کە بەسەقفەکەوە بوو. لەو دیو برژۆڵەتەڕەکانیشیەوە جەستەیەکی تاریکی لە بەردەمی خۆیدا بینی. ڕۆشناییەیەکی کەمی بەدی کرد. ڕۆشناییەك کە لەدڵێکی بچکۆلانە دەچوو.

بیری کردەوە: "خەریکە لە خەفەتان دڵت دەوەستێ، هاتوویت تا هەواڵی مەرگی فلۆرنسیۆم بۆ بهێنیت، بەڵام هەواڵم بیستووە. غەمی من مەخۆ. غەمەکانم لە شوێنێکی دڵنیادا حەشارداون، مەهێڵە دڵت خامۆش بێ."

لەجێگاکەی هەڵساو هەرچۆنێك بوو خۆی گەیاندە لای بابا ڕێنتیریا. بابا ڕێنتیریا مۆمێکی لە نێوان پەنجەکانیدا گرتبوو، سوزانا وتی:

"با هەندێ دڵنەواییت بکەم"

بابا ڕاوەستا تا ئەو هاتە پشت سەریەوە. تەماشای دەکرد چۆن پەنجەکانی دەوری مۆمەکەیان داوە. پاشان دەموچاوی لەسەر فتیلەکە ڕاگرت تا بۆنی هەڵقرچانی پێستی دەموچاوی هات، بابا ڕێنتیریای والێکرد مۆمەکە بکوژێنێتەوە. تاریکی باڵی کێشایەوە و ئافرەتەش بەپەلە ڕایکرد بۆ ئەوەی لە ژێر لێفەکەیدا خۆی حەشاردا.

بابا ریێنتریا وتی: "کچەکەم، هاتووم دڵنەواییت بکەم".

ئافرەتەکە وتی: "کەواتە خوات لەگەڵ، بابا، ئیتر مەیەرەوە. پێویستمان پێت نیە."

گوێی لەدەنگی هەنگاوەکان بوو کە خەریك بوون دوور دەکەوتنەوە، ئەو دەنگەی هەمیشە ئەمی والێدەکرد هەست بەسەرمابکات، سەرماو ترس و لەرز.

"ئەگەر مردوویت بۆچی هاتوویتە دیدەنیم؟"

بابـا ڕێنتیریـا دەرگاکـەی داخسـت و چـووە نێـو تاریکـایی شەوەوە. بایەکەش هێشتا هەر گڤەی دەهات.

ئەو پیاوەی کـە نـاوی ئـال تارتـامۆدۆ بـوو، هاتـە میـدیالۆناو هەواڵی پیدرۆپارامۆی پرسی.

"کارت چیە بە پیدرۆپارامۆ؟"

"دەمەوێت ق–قسەی لەگەڵدا بکەم"

"لێرە نیە"

"کەگ– گەڕایەوە پێی ب–بڵێ هەواڵی دۆن فۆلگۆرم پێیە".

"دەچم بە دوایدا، بەڵام لەوانەیە چەند سەعاتێك بخایەنێت".

"پێی ب– بڵێ کارەکە گرنگە."

ئال تار تامۆدۆ هەروا بەسـوار ئەسپەکەیەوە لـە چـاوەڕوانیدا بوو. پاش تاوێك پیدرۆپارامۆ هاتە لای.

"چیت دەوێ؟"

"پێویستە ل–لەگەڵ خ–خۆیدا قسەبکەم."

"من ئەوم. کارت چیە؟".

"گوێ بگرە ق– قوربان دون فۆلگۆر س– سیدانۆیان کوشت. من لەگەڵیدا بووم. دەچـووین بـۆ ئـەوەی ب–بـزانین ئـاوی چـەمەکە چـەندە. کۆمـەڵێك ك–کەسـی زۆر ب–بـەرەوڕوومان دە–دەهـاتن و یـەکێکیان و–وتـی، دەزانم ئـەم پیـاوە ك–کێیـە، و وەکیلـی میـدیا لۆنایە.،

"هـ–هـیچ بایـەخێکیان بـەمن ن–نـەدا، بـەڵام بـە د–دۆن فۆلگۆریان وت لەئەسپەکە د–دابەزێت. و–وتیان ئێمە شۆڕشـگێڕینو زەویەکانی ئـ– ئێوەیان دەوێت.. بەد–دۆن فۆلگۆریان وت: و"ڕاکـەو

بەگەورەکـەت بلـێ د–دەیانـەوێ ب–بتبیـنن" ئـەویش د–دەسـتی کردبە ڕاکـردن. زۆر خ–خێـراش ڕای نـەدەکرد، چـونکە قـورس بـوو، ب–بەڵام هەرچی ه–هێزێکی تێدا ب–بوو خستیەکار. ئە–ئـەوە بـوو لەو ک–کاتەدا کەڕ– ڕای دەکرد، ک– کوشتیان– قاچێکی لـە عـەر–عەرزداو قا–قاچێکی بە–بەئاسمانەوە، ڕۆحی دە–دەرچوو.

"منـیش ل– لەشـوێنی خـۆم نـە جـ–جـوڵام. خـۆم گ–گـرت تادنیا ت–تاریك بوو، پاشان ه–هاتم تا ڕووداوەکە ب– بۆ جـەنابتان ب–بگێڕمەوە."

"باشە ئەی چاوەڕێی چیت؟ بـۆ ڕێناکـەویت بـۆ لایـان؟ بچـۆ پێیان بڵێ ئەگەر کارێکیان بەمن هەیە ئەوەتام لێرە. بەڵام لە پێشـدا بچۆرە کۆنساگراسۆن، ئالتیکواتە ئەوەتا لەوێ، خۆ دەیناسیت؟ بچۆ پێی بلـێ کـارم پێیـەتی. بـەو پیاوانـەش بلـێ هـەر کاتێـك ماوەیـان هەبوو من ئامادەم. لە کام دەستەی شۆڕشگێڕانن؟"

"ن–نازانم، تەنها وتیان ئـ–ئـ–ئێمە ئەوانین.."

"بەئال تیکواتە بڵێ زوو بگاتە ئێرە، ئیشم پێیەتی"

"بەسەر چ–چاو گەورەم."

پیدرۆپارامۆ دیسانەوە خزایـەوە ژوورەکـەی. هەسـتی دەکـرد بەساڵاچووەو ماندوو بـوە. تـازە دوای ئـەوەی مەبەسـتەکانی ئـەمی هێنا بوونە دی فۆلگۆریشی بەلاوە گرنگ نەبوو. هـەر چـەندە گـەلێك جار شوێنی خۆی دەگرت، بەڵام ئیتر هەرکەسەو نسیبی خۆی. بـیری کردەوە: "بەهەرحاڵ، ئال تیکواتە دەرەقەتی ئەو دەبەنگانە دێت."

سوزانا سان خوانی کەوتەوە یاد، کە هەمیشە لـە ژوورەکەیـدا دەخەوت، ئەگـەر نەشـخەوتایە، جیـاوازی نـەبوو لەگـەڵ ئـەوەدا کـە خەوی لێکەوتبێ.

بەدرێژایی شەوی ڕابوردوو پاڵی دابوو بە دیوارەکەوەو بـەدیار ڕووناکیی مۆمێکی کزەوە هەتا بەیانی تەماشـای ئـەوی دەکـرد. لـە جەسـتەی نەسـرەوتی وردەبـۆوە، لـە سـیمای ئارەقـاویی،

لەدەستەکانی کاتێك یارییان بە لێفەکە دەکرد، کاتێك باوەشیان بەسەرینەکەدا دەکرد. لەوکاتەوەی ئەوی هێنابووە لای خۆی، ئەو شەوانەی تابەیانی لەگەڵیدا بردبوونیە سەر، بەو شێوەیە بوون. پڕ لە نیگەرانی و حەسرەتی بێ کۆتایی. لە خۆی پرسی کەی کۆتایی دێت؟ ئومێدەواربوو، ڕۆژێك، ڕۆژێك بێت، هیچ شتێك تاسەر بەردەوام نابێت. هیچ بیرەوەرییەك نیە، لە یاد نەچێت و مەحو نەبێتەوە. خۆزگە تێدەگەیی چ شتێکە وای لێدەکات تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا تل بداتو ئازار بچێژێت. هەر وەك لەناخەوە شتێك بیکرۆژێ... بەڵام ئەگەر ئەم ئافرەتە بێتەوە سەرخۆی ئایا ئەوەندە بەس نیە تێبگات کە ئەو تەنها کەسێکە لەم دونیایەدا ئەم خۆشی بوێت؟ لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بزانێت هەر ئەویشە دەتوانێ والەم بکات وەکو مەست و سەرخۆش لەم دونیایە جودا بێتەوە، مەستییەك کە هەموو بیرەوەریەکانی دی دەسڕێتەوە. بەڵام کامەیە دونیاکەی سوزانا سان خوان؟ ئەمە یەکێك بوو لەو شتانەی کە پیدرۆ پارامۆ هەرگیز زەفەری پێ نەبرد.

***" حەزم دەکرد لەسەر لمە نەرمەکە ڕاکشێم. چاوم دەنووقاندو دەست و قاچیشم دەسپاردنە ئەو سروە بایەی لە دەریاوە دەهات. دەریاش بەرز دەبۆوەو کەفی لەسەر پێیەکانم جێدەهێشت..."***

"ئەمە ئەوە قسەدەکات، خوان پریسیادۆ، لەیادت نەچێ قسەکانیم بۆ بگێڕیتەوە".

***" ... هێشتا ڕۆژ نەبووبۆوە. شەپۆلە ئاوەکان هەڵدەسان و دەنیشتنەوە. کەفی دەریایان لە ڕۆخی ئاوەکە جێدەهێشت و ئەویش دەبووە لیتاوێکی سەوز.***

*پێم دەوت: " حەز دەکەم بەڕووت و قووتی لە ئاوەکەدا مەلە بکەم" هەر لەبەر ئەوەش بوو یەکەم جار بەدوامدا هات. ئەویش ڕووت و قووت بوو، کاتێ لە ئاوەکە دەهاتەوە دەرێ بریسکەی دەدایەوە. دەنگی نەورەسەکان نەدەبیسترا، تەنها قیرەقیرِی چەند باڵندەیەک نەبێت، کاتێکیش هەتاو تینی پەیدادەکرد و خۆر بەرزدەبۆوە ئەوانیش بێدەنگ دەبوون. ڕۆژی یەکەم بەدوامدا هات، بەلام هەستی بەتەنیایی دەکرد، هەرچەندە منیشی لەگەڵدا بووم.*

*" وتی: ڕێک تۆ لەیەکێک لەو باڵندانە دەچیت. من شەوان زیاترم خۆش دەوێ، کە لە تاریکیدا لای یەکدیەوەبین، لەژێر یەک لێفەو سەریشمان لەسەر یەک سەرین بێت...،*

*" ئەو ڕۆیشت.*

*" من گەڕامەوە دەریا، گەڕامەوە، هەمووکات ئەوە پیشەم بوو. دەریاش پاو پووزمی تەڕدەکرد، هەروەها ئەژنۆ و ڕانەکانم. دەستە میهرەبانەکانی لەدەوری کەمەرم دەگێڕا و باوەشی پێدا دەکردم. دڵنەوایی دەکردم و دەستی بەناوچەوانمدا دەهێناو بەرگەردنی ماچ دەکردم و توند خۆی بە هەردووشانمەوە دەنووساند. منیش خۆمم لەودا، لەنێو تواناومیهرەبانی ئەودا دەشاردەوە... پێم وت " حەزدەکەم لەنێو دەریادا مەلەبکەم."*

*" بەلام ئەو لێم تێدەگەیشت.*

*" بەیانی ڕۆژی دوایش دیسانەوە دەچوومەوە ڕۆخ ئاوەکە تامەلەبکەم.. تاخۆم بە شەپۆلەکانی دەریا بسپێرم..." .*

دەمەو ئێوارە پیاوەکان گەیشتنە جێ. نزیکەی بیست کەس بوون، هەموویان چەکدار. پیدرۆپارامۆ بۆنان خواردنی ئێوارێ پێشوازیی لێکردن. لەودیومێزەکەوە دانیشتن، بێ ئەوەی کڵاوە پان و پۆڕەکانیان لەسەریان دابگرن و فزەیان لێوە بێت. تاقە دەنگێك کە دەبیسترا ئەوکاتە بوو کە ئەوان فنجانیان دەنا بەلێویانەوەو پسکیتەکەیان دادەکرماندو لۆبیاکەیان دەخوارد. پیدرۆپارامۆ بەوردی تەماشای دەکردن، کەسیشیانی نەدەناسی. ئال تێلکواتە لە پشت سەریەوە لەنێو تاریکاییەکەدا بە پێوە وەستابوو.

کاتێك میوانەکان دەستیان لەنان خواردن هەڵگرت، وتی:

"بەڕێزان، چ فەرمایشێکتان هەیە؟"

یەکێکیان دەستی هەڵسوڕاندو وتی:

"تۆ خاوەنی ئەم دەڤەرەیت؟"

بەڵام یەکێکی دیکەیان قسەکەی پێ بڕی:

"من قسەدەکەم."

پیدرۆپارامۆ وتی:

"باشە، چیت هەیە بیڵێ؟"

"هەروەکو دەمانبینیت ئێمە چەکدارین."

"ئێ؟"

"هیچیدی. ئەوە بەس نیە؟"

"بەڵام بۆچی چەکتان هەڵگرتووە؟"

"لەبەر ئەوەی زۆری دیکەش شتی وایان کردوە. خۆت نازانیت؟ ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین دەستورمان بۆ بێت تا بزانین بۆچی. جارێ ئێمە لێرەین."

یەکێکی دیکەیان وتی:

"من دەزانم بۆچی. ئەگەر حەزیش دەکەن پێتان دەڵێم. ئێمە لەدژی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی کەسانی وەکو تۆ شۆڕشمان هەڵگیرساندوە. لەبەر ئەوەی بێزیشمان نایەت لەگەڵتاندا سازش

بکەین، چونکە دەوڵەت بۆ گەنی کردوەو تۆو کەسانی وەکو تۆش دزو تەڵەکە بازن و هیچی دی. هیچ قسەیەکی دی لە بارەی دەوڵەتەوە ناکەم، چونکە لێرە بەدواوە دەمانەوێت بە فیشەك قسەبکەین."

پیدرۆپارامۆ پرسی:

"چەندتان پارە دەوێت بۆ شۆڕشەکەتان؟ بەڵکو بتوانم یارمەتیتان بدەم."

"ئەم کابرایە پیاوێکی باشە و قسەی چاك دەکات پیرسیڤیرانسیۆ، پێویستە بێدەنگ بیت.ئێمە پێویستمان بەوەیە کەسێکی پارەدار یاریدەمان بدات، باشە ئەو کەسە بۆ ئەم پیاوە نەبێت؟ ئادەی، کاسیلدۆ. چەندمان پارە پێویستە؟"

"واز بێنە بزانین خۆی چەندمان دەداتێ."

"سوودی نیە. باشە ئێوەنازانن ئێمە بۆچی هاتوینەتە ئێرە؟ پێویستە تاڵانی بکەین و هەرچیەکی هەیە لەگەڵ خۆمان ببەین. تەنانەت ئەو دەنکە گەنمانەی لەورگی خۆشی ئاخنیون."

"پیرسیڤیرا نسیۆ، ئارام بە. سەرێك ئازاری نەبێت، بەپەرۆ نایبەستن. وازبێنە بابگەینە ئاکام. کاسیلدۆ تۆ قسەبکە."

"باشە، واهەست دەکەم نزیکەی بیست هەزار پیزۆ لەجاری یەکەمدا شتێکی خراپ نەبێت. تۆ دەڵێی چی؟ ڕەنگە ئەم بەرێزە زۆر بەلایەوە کەم بێت، چونکە خۆی داوای کرد یاریدەمان بدات. کەواتە با پەنجا هەزاربێت ڕازیت؟"

پیدرۆپارامۆ وتی:

"من سەد هەزار پیزۆتان دەدەمێ. ژمارەتان چەندە؟"

"سێسەد کەسین"

"زۆرچاکە، منیش سێ سەد کەسی ترتان بەقەرز دەدەمێ، تا بەهێزبن. پاش یەك هەفتە پارەوپیاوەکانیشتان بۆ ئامادە دەکەم. پارەکە دیارییە لەمنەوە، بەڵام پیاوەکانتان بە ئامانەت دەخەمە بەردەست، هەر کات کارتان پێیان نەما دەبێ بیانگێڕنەوە ئێرە.. ڕازین؟"

"بێگومان".

"کەواتە بەڕێزان تا یەك هەفتەی دی مۆڵەتم بدەن..خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان."

دوایین کەسیان کەچووەدەرێ، وتی:

"بەڵام لەیادت بێ، ئەگەر پەیمانەکەت بەئاکام نەگەیەنیت دەبیە دوژمنی پیرسیڤیرانسیۆ، ئەوەش ناوی بەندەیە."

پیدرۆپارامۆ تەوقەیەکی لەگەڵدا کرد و داوای شەوێکی خۆشی بۆ کرد.

لە ئال تێلکواتەی پرسی:

"بەڕای تۆ کامیان سەرکردەیان بوو؟"

"ئا، واهەست دەکەم ئەو چوارشانەیەیان بوو کە لەناوەڕاستدا دانیشتبوو، تەنانەت سەریشی بەرز نەکردەوە. دڵم دەڵێ خۆی بوو، دۆن پیدرۆ بەندە زۆر بەهەڵەدا نەچووم."

"نەخێر، داماسیۆ، سەرکردە خۆتیت. ناشێ نەتەوێ پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەیت؟"

"هەڵبەتە دەمەوێت، چەند زووش بێ ئەوەندە باشتر."

"باشه، کەواتە پێویستیت بە ئامۆژگاریی من نیە. سێ سەد کەسی جێی متمانە کۆدەکەیتەوەو پەیوەندی بەم تەڵەکەبازانەوە دەکەیت. پێیان بڵێ ئەو کەسانەی من پەیمانم دابوونێ هێناومن، پاش ئەوەش کار لەدەستی خۆتاندایە."

"ئەی پارەکە؟ ئەویش لەگەڵ خۆمدا بەرم؟"

"بۆ هەرکەسەی دەپیـزۆت دەدەمێ، تەنها بۆ کاتی زۆر پێویستیان، پێشیان بڵێ ئەوەکەی تریشیان لێرە بۆ هەڵدەگرم، باش نیە بۆ هەرکوێ بچن پێیان بێت. ئەرێ بەڕاست کێڵگەی بۆیرتادی پیدرا"ت بەدڵە؟ زۆرچاکە لە ئێستەوە بۆتۆ، وەڵام بۆ خیراردو ترۆخیۆی وەکیلی کۆمالاش دەنێرم، تا زەویەکە بەناوی تۆوە بنووسێت، داماسیۆ، تۆ دەڵێی چی؟".

"گەورەم، جا ئەوە پێویست بە پرسیاردەکات؟! من ئەم کارە بەبێ کێڵگەش بەئەنجام دەگەیەنم، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی حەزم لەو بەزمەیە. دەڵێی نامناسیت، بەڵام بەهەر حاڵ من ئەم چاکەیەتانم لەبەر چاوە، کاتێ لێرەنابم ژنەکەم شتێك دەبێ خۆی پێوە خافڵ بکات.

"تەماشاکە، چەند گایەك لەوانەی منیش بەرە بۆ ئەوێ، ئەو کێڵگەیە بەبێ گا، بەکارنایەت."

"ئەگەر لە ڕەگەزی بەهمان بێت هیچی تیایە؟"

"لە هەر جۆرێکت دەوێ هەڵیبژێرە، ئەوەندەی کە دەزانیت ژنەکەت پێی بەخێودەکرێت. بابێینەوە سەرکارەکەی خۆمان، ئاگات لەخۆت بێ، زۆر لەزەویەکانی من دوور نەکەویتەوە، بۆئەوەی ئەگەر ئەوان هاتن چاویان پێتان بکەوێت و وابزانن کەئێمە لەوێ لەشکرمان هەیە. هەر کاتێکیش دەرفەتت هەبوو وەرە بۆلام یان هەرکاتێك هەواڵێکی نوێت دەستگیربوو.."

"بەسەرچاو گەورەم."

"خوان پریسیادۆ، ئەو ئافرەتە دەڵێچی؟"

"دەڵێ راهاتبوو قاچی لەقاچی ئەوەوە دەئالآند، قاچەکانی کەوەکو سەهۆڵ ساردبوونو بەو جۆرە گەرمی دەکردنەوە و وەك نانێکیان لێدەهات کەتازە لە تەنوور دەرهێنرابێت. دەڵێ ئەو گازی لەقاچەکانی دەگرتن و پێی دەوت دەڵێی نانی تەنوورن. عادەتی وابووە کە لەئامێزی ئەو پیاوەدا ئارام بگرێ و بخەوێو لەوێدا خۆی بشارێتەوە. دەڵێ کاتێ هەستی دەکرد لەشی بەشێوەی وەردێکی لە گاسن دراو خاوبۆتەوە، وایدەزانی لەنێو تاریك و نوتەکی نەبووندا ون دەبێت. لەوەودواش نەدەتوایەوە، بەڵکو گەرمی یەکی چێژبەخش لەشی دەتەنیەوەو چەند جارێك گورزی توند ئاراستەی گۆشتە نەرمۆڵانەکەی لەشی دەکرا. هەستیدەکرد رۆدەچێت، قووت ئەدرێو دەناڵێنێ، بەڵام مردنی پیاوەکە زۆر ئازاریدا.

"مەبەستی کێیە؟"

"دیارە مەبەستی کەسێکە کە بێگومان لە پێش خۆیدا مردوە."

"بەڵێ، بەڵام کێیە؟"

"نازانم. دەڵێت شەوێك کە زۆر درەنگی بەسەر هات، هەستی کرد زۆر درەنگ دێتە ژوورێ، ڕەنگە بەرەبەیان و کاتی هەتاوکەوتن بووبێت. هەرچەندە بەهۆی قاچەکانیەوە جوان ئاگادار نەبووە. لە پێش ئەوەدا قاچەکانی ساردبوونو پاشان وەك شتێکیان تێوە پێچرابن وابوون، وەك ئەوەی یەکێك چووبێتە ژوورێ و شتێکی تێ ئالآندبن تاوەکو گەرم ببنەوە. کاتێکیش بە ئاگا دێتەوە دەبینێت کە رۆژنامەیەك لە قاچەکانیەوە ئالآوە، ئەو رۆژنامەیە بەدەم چاوەڕوانی کردنی پیاوەکەوە خوێندبوویەوەو کاتێکیش خەوی لێ دەکەوێت

لەدەستی بەربۆتەوە سەرزەوی. کاتێ هەواڵی مەرگی ئەویان هێنا، هێشتا ڕۆژنامەکە بەقاچەکانیەوە مابوو."

"واهەست دەکەم تابوتەکەی شکابێت، گوێم لەدەنگی جیڕەجیڕی تەختەکانیەتی"

"بەڵێ، منیش گوێم لێیە."

دیسانەوە ئەوشەوەش خەونی دی. بۆ دەبێت ئەو هەمووشتانەی بێنەوە یادو ئەویش بەو هەموو عەزابەوە؟ بۆچی تەنها مەرگی ئەو نەیەتەوە یادی، نەك ئەو مۆسیقا خۆشانەی ڕابوردوو؟

***" خانم، فلۆرنسیۆ مردووە" .***

ئەو پیاوە چەند باڵای بەرز بوو! چەند زراڤ بوو! دەنگی گڕبوو. وشك، وەك زەویە وشك و برنگەکان. سەروسیماشی ئاشکرانەبوو، دەتوت باران لەمی شاردبۆوە. ***" چیان پێ وتم؟ فلۆرنسیۆ؟ کام فلۆرنسیۆ؟ فلورنسیۆی من؟ ئای، ئەوە بۆچی گریانم نەهات و بۆچی خۆمم لە نێو ئەشك و ئەسریندا نغرۆ نەکرد تاوەکو غەمەکانم بشۆمەوە؟ ئای خودایا تۆ بوونت نیەو نیت، تۆنیت- خودایا؟ تکام لێکردیت ئاگات لەوبێت، پارێزگاریی بکەیت. بەڵام تۆ دەربەستی هیچ نایەیت تەنها ڕۆحی ئێمە نەبێت. ئەوەی منیش دەمەوێت لەشی ئەوە. بەڕووتی و لەعەشقا داغان بوو بێت، خرۆشابێ و نووسابێت بەسنگ و مەمک و قۆڵمەوە. لەشی بلوورینی من ئاوێتەی لەشی ئەو بێت و تیا نوقم بێت. ئێستاش من چی لەم لێوانەم بکەم کە دەمی ئەو نیە تا ماچیان بکات؟ چی لەم لێوە کۆستکەوتووانەم بکەم؟"***

پیدرۆپارامۆ لەنزیك دەرگاکەوە وەستابوو تەماشای گینگڵ خواردنی ئەوی دەکرد و ساتەکانی ئەو خەونە تازەیەی دەژمارد کە درێژەی کێشا. چراکە دەستی کرد بە پرتەپرت. ڕووناکیەکەی تادەهات لاوازدەبوو، تا دواجار کوژایەوە.

ئەگەر ئافرەتەکە تەنها عەزابی بەدەست ئازارەکانیەوە بچێژایە و وازی لەو خەونە دوورودرێژانە بهێنایە، ئەوکات دەیتوانی بە جۆرێکی تایبەتی دڵنەوایی بکات. پیدرۆپارامۆ لەگەڵ ئەوەشدا کەورد تەماشای دەکردو بچوکترین جووڵانەوەی چاودێری دەکرد، لەبیری ئەوەدابوو کە چی دەبوو ئەگەر ئەویش لەگەڵ کوژانەوەی چراکەدا بمردایە؟ پاشان چووە دەرێ و بەهێواشی دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە پێوەدا، هەوای بێگەردی ئەو شەوە وێنەی سوزانای لەخەیاڵیدا سڕیەوە.

ئافرەتەکە کەمێك پێش هەتاوکەوتن بەخەبەر هات، گیانی شەلاڵی ئارەقە ببوو. سەرەتا پەتۆ قورسەکانی لەسەر خۆی لابرد و پاشانیش چەرچەفەکان. لەشی ڕووتی دایە بەرهەوای ساردی بەیانی، ئاخێکی هەڵکێشاو دیسانەوە خەوی لێ کەوتەوە.

بەمجۆرە بابا ڕێنتیریا، چەند سەعاتێك لەوەدوا ئەوی دۆزیەوە: ڕووتو قووتو نوقمی خەوێکی قووڵ ببوو.

"دۆن پیدرۆ، خەبەرت هەیە کە شکستیان بە هێزەکانی تیلکواتە داوە؟"

"ئاگام لەوە بوو دوێنێ شەو تەقوتۆقێکی زۆر بوو، چونکە گوێم لە غەڵبەغەڵبیش بوو، هەر ئەوەندە و بەس. خێراردۆ کێ پێی وتیت؟"

"هەندێ لە برینەدارەکان گەڕانەوە بۆ کۆمالاو ژنەکەم لە پێچانی برینەکانیاندا یارمەتیی دان. وتبوویان سەر بەجەماعەتی داماسیۆن و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراوە. لەوە دەچێت لەگەڵ جەماعەتی ڤیا*دا بەیەکدا هاتبن."

"نازانم، واپێدەچێت ڕۆژگارێکی تاڵمان لەبەردەممدا بێت. تەگبیری تۆچییە؟"

"دۆن پیدرۆ، من دەچم بۆ سایۆلا. لەوێ نووسینگەیەك دەکەمەوەو خۆم خەریك دەکەم."

"ئەوە سیفەتی ئێوەی وەکیلە. بۆ هەر کوێیەك بتانەوێ دەچن، بەبێ ئەوەی نیگەرانی کەس یا حاڵ و ماڵتان بن."

"لەوانەیە بڕوانەکەیت. بەڵام ئێمەش گیروگرفتی خۆمان هەیە. جگە لەمەش ماڵئاوایی لە کەسێکی وەکو ئێوە ئاسان نییە. من سوپاسگوزاری هەموو چاکەکانی ئێوەم. دەتەوێ لە کوێدا ئەوراقەکان دابنێم؟"

"لە هیچ کوێ دایانمەنێ، لەگەڵ خۆتدا بیانبە. دەتوانیت لەوێوە کاروبارەکانی من بەڕێوەبەریت؟"

"سوپاسی ئەم متمانەیەتان دەکەم، لە ناخەوە سوپاستان دەکەم. بەڵام دەترسم ئەو کارە زەحمەت بێت. هەندێ سەرپێچی... یان بابڵێین.. هەندێ بەند هەن کە نابێ جگە لەخۆت کەسی تر بیانزانێ. ئەگەر دەست خەڵکی تر بکەون زیانت پێ دەگەیەنێت. لەبەر ئەوە واباشترە لای خۆت بن."

---

* فرانچیسکۆ ڤیا: کەناسراوبووە بە پانچۆ ڤیا، هەر لەسەرەتاوە لەڕیزی شۆڕشدا بووەو ساڵی 1923 لەبۆسەیەکدا دەکوژرێ.

"ڕاست دەكەیت خێراردۆ، لێرە دایانبنێ، دوایی دەیانسووتێنم. ئەوراق هەبێ یانەبێ كێ دەتوانێ لەسەر موڵكەكان لەگەڵ مندا مشتومڕ بكات؟"

"بێگومان كەس، دۆن پیدرۆ. هیچ كەس. ئێستاش بەئیجازەی خۆتان من دەڕۆم."

"خوات لەگەڵ خێراردۆ."

"وتتان چی؟"

"وتم خوات لەگەڵ."

خێراردۆ ترۆخیۆ كاوەخۆ چووە دەرێ. پیربوو، بەڵام نەك بەو ڕادەیەی ئاوەها لەسەرخۆ هەنگاوبنێ. لە ڕاستیدا ئەم چاوەڕێی پاداشتێك بوو، پاداشتێكی گرانبەها، چونكە ئەم خزمەتی (دۆن لۆكاس) ی باوكی پیدرۆپارامۆی كردبوو، خوا عەفوی بكات. ئەم بەژنەكەی وتبوو:

"دەچم خواحافیزی لە دۆن پیدرۆ دەكەم. دڵنیام بەرامبەر بەو هەموو خزمەتەی كردوومە پاداشتێكم دەداتێ. ئەوسا بەوپارەیە دەتوانین لە سایۆلا جێوڕێیەك پەیدا بكەین و باقی تەمەنمان بەئاسوودەیی بەسەر بەرین."

بەڵام بۆچی ئافرەتان هەمیشە گومانیان لەوشتانە هەیە! لەئاسمانەوە هەواڵیان بۆدێ یان چی؟

هەستیدەكرد مێردەكەی هیچی دەست ناكەوێت.

ژنەكەی وتی: "نەخێر، من دەزانم لە سایۆلاش هەردەبێ هەڵپەبكەیت، چونكە بەتەما مەبە لێرە هیچت دەستبكەوێت."

"تۆ چوزانیت؟"

"ئەزانم."

بەرەو دەرگاكە هەنگاوی نا. چاوەڕێ بوو بانگی بكات و پێی بڵێ: "خێراردۆ، ئەوەندە سەرم قاڵە نەمپەرژاوەتە ئەوەی بیرێك لە

تۆ بکەمەوە. من بەحەددێك قەرزاری تۆم کە بەپارە قەرەبوو ناکرێتەوە. تکات لێ دەکەم ئەمەم لێ وەربگرە، دیارییەکی بچووکە."

بەڵام هیچی نەبیست. لە دەرگاکە ئاودیوو بوو، چوو گوریسی ئەسپەکەی کردەوەو سواری زینەکەی بووو وبەرەو کۆمالا لە ئاوزەنگیدا، گەرچی هەر بە تەمابوو بانگی بکەن. وەختێ سەرنجیدا لە میدیالۆنا زۆر دورکەوتۆتەوە" بیری کردەوە: "ئەگەر داوای قەرزم لێ بکردایە خۆمم زۆر بچووك دەکردەوە."

"دۆن پیدرۆ هاتمەوە بۆلات، چونکە لەو شتانەی وتم ڕازی نیم، خۆشە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانتاندا بەردەوام بم."

وەختێ خەریکبوو لە نووسینگەکەی پیدرۆپارامۆدا دادەنیشت ئەمەی وت، ئەو نووسینگەیەی کە هەمووی نیو کاژێر دەبوو جێی هێشتبوو.

"باشە خیراردۆ، ئەوراقەکان لەشوێنی خۆیانن."

"هەروەها حەزدەکەم... مەبەستم خەرجیەکانە.. گواستنەوەو... ماندوێتی و... شتێکی زیاد.. ئەگەر دەتوانن.."

"پێنج سەد باشە؟"

"نابێ زیاتربێت.. یەعنی تۆزێك زیاتر؟"

"هەزار باشە؟"

"ئەی ئەگەر پێنج بێت؟"

"پێنج چی؟ پێنج هەزار بیزۆ؟ ئەو مەبلەغە شك نابەم. تۆ خۆت دەزانیت هەموو پارەکەمم خستۆتە زەوی و زارو مەڕوماڵاتەکانەوە. هانێ ئەوە هەزار.. بڕواناکەم پێویستت بە زیاتر بێت."

لــە شــوێنی خۆیــدا دانیشــتبوو بــیری دەکــردەوە، ســەری شۆڕکردبۆوە. گوێی لە زرنگەی پیزۆکان بوو کە پیدرۆپارامۆ لە سەرمێزەکە دەیژماردن. بیری لە دۆن لۆکاس کردەوە کە تامرد قەرزاری خزمەتی ئەم بوو. ئینجا بیری لە پیدرۆپارامۆ کردەوە کە حیسابێکی نوێی لە گەڵیدا کردەوە. پاشانیش لە میگیل" ئەو کوڕەی بووە مایەی کۆمەڵێك چەرمەسەری بۆی. لانی کەم پانزدەجار لە زیندان ڕزگاری کردووە، بگرە زیاتریش. ئەی ئەو زەلامەی کە کوشتی! ناوی چی بوو؟ ڕینتریا. بەڵێ ڕێنتیریا، دوایی دەمانچەیەکیان خستە دەستیەوە. ئەودەمە میگیلی بچکۆلە چەند دەترسا! گەرچی دوایی کە ئەوەی بیردەکەوتەوە پێکەنینی دەهات. ئەگەر هەموو ئەو تاوانانە بکەوتنایەتە ڕەسمیاتەوە لەسەر دۆن پیدرۆ چەند دەکەوت؟ ئەی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت؟ چەندجار ناچار بووە لە گیرفانی خۆی پارە بەو ئافرەتانە بدات تا بێدەنگیان بکات. بیری دێ بەیەکێکیانی وت:

"دەبێ شاگەشکە بیت، چونکە کوڕێکی سوور و سپیت دەبێ!"

"بگرە خێراردۆ. باش بیانپارێزە، چونکە کە لەدەست چوون نایەنەوە."

ئەو کە نوقمی تێرامان بوو هاتەوە سەرخۆی و وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ، مردووەکانیش نایەنەوە. "ئینجا وتی: "حەیف."

دووسەعاتێکی بۆخۆر کەوتن مابوو. ئاسمان پڕ لە ئەستێرەی قەڵەو ویفدراو بوو. مانگ تاوێك دەرکەوت و پاشان لە چاوان ون بۆوە. یەکێك بوو لەومانگە خەمگینانەی نەکەس تەماشای دەکرد و

نه بایەخی پێ ئەدا. مانگەکە سەرەتا بۆ تاوێك بە ڕەنگزەردی و ژاکاوی مایەوە، بەڵام دواتر ڕۆیشت و خۆی لە پشت گردو تەپۆڵکەکانەوە حەشاردا.

لەدوورەوە دەنگی ڕەشەوڵاخەکان کە خەریکبوو لە تاریکیدا ون دەبوو، دەهاتە گوێ.

دامیانا سیسنێرۆس وتی:

"ئەم ئاژەڵانە قەت ناخەون. قەت. دەڵێی شەیتانن کاتێ بەدوای ڕۆحەکاندا دەگەڕێ تا بۆ دۆزەخیان بەرێت."

لە نێو پێخەفەکەیدا تلی داو ڕووی کردە دیوارەکە. ئینجا گوێی لە لێدانی دەرگاکە بوو.

توند هەناسەی خۆی گرت و چاوی کردەوە. دووبارە گوێی لە دەنگەکە بۆوە، سێ لێدانی توند. وەك ئەوەی کەسێك مشتە کۆڵە بە دیوارەکەدا بکێشێ. لای ئەمەوە نا.. دوورتر.. بەڵام بەهەمان دیواردا.

"خوایە هاوارە... سان پاسکوال بایلون نەبێ، چونکە ئەویش وەختێ دەچێت بۆ گیانکێشانی ئیماندارێك، سێ جار لە دەرگاکە ئەدات."

لەبەر ئەوەی لە مێژیش بوو لەبەر ئازاری ڕۆماتیزمەکەی نەیتوانیبوو بچێت بۆ کڵێسا تا لە حزووری ئەودا دووعا بخوێنێ، زۆر نیگەران نەبوو، بەڵام دەنگەکە ترساندی، لەوەش زیاتر هەستی لاپرەسەنی بزواند. لە قەرەوێڵەکە هاتە خوارێ و بێ خشپە بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی و لەوێوە تەماشایەکی دەرەوەی کرد.

دونیا نوقمی تاریکی بوو، بەڵام ئەم لەبەر ئەوەی لە هەرکوێیەك بووایە سەروسیمای پیدرۆپارامۆی دەناسییەوە، بۆیە زانیی کە ئەوە بە پەنجەرەکەی مارگرێتای کارەکەردا هەڵدەگژێت.

دامیانا وتی:

"ئاخ لەدەست دۆن پیدرۆ، ئەم پشیلە نێرەیە. بەڵام تێناگەم بۆ هەموو شتێکی دەبێ بە نهێنی بێت. ئەگەر پێی بوتمایە بە مارگرێتام دەوت کە ئەمشەو گەورەکەی پێویستی پێیەتی، ئیدی ئەوکات پێویستی بەوەش نەدەبوو زەحمەتی ئەوەش بکێشێت لەسەر قەرەوێڵەکەی هەڵسێت."

وەختێ گوێی لە بۆڕەی ڕەشە وڵاخەکان بوو پەنجەرەکەی داخست. خۆی فڕێدایەوە سەر قەرەوێڵەکە و بیری لەوەکردەوە دەبێ ئێستا مارگرێتا چی بکات.

دواتر ناچار بوو کراسی خەوتنەکەی دابکەنێ، چونکە هەوای شەو زیاتر ڕووی لە گەرمی دەکرد...

"دامیانا!"

ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانێك کە ئەو هێشتا کیژێکی لاو بوو.

"دامیانا، دەرگاکە بکەرەوە؟!"

دڵی کەوتە پەلەپەل و دەتوت بۆقێکەو لەنێو پەراسووەکانیدا قەڵەمباز ئەدات.

"بۆچی.. گەورەم؟!"

"دەرگاکە بکەرەوە!"

"ئاخر من خەوتووم گەورەم."

دواتر گوێی لە دەنگی پێی بوو کە بەدرێژایی هەیوانەکە دوور دەکەوتەوەو وەکو هەمیشە کە تووڕە دەبوو توند پێڵاوەکانی ئەدا بەزەوییەکەدا.

بۆ شەوی دوایی، بۆ ئەوەی دووبارە ئەو تووڕە نەکاتەوە، دەرگاکەی لاهێڵ کردو بە ڕووتیش لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵکەوت تا ئەو هیچ ئەرکێك نەکێشێت.

بەڵام پیدرۆپارامۆ بڕای ببڕ نەهاتەوە بۆلای.

تەنانەت ئێستاش کەئەم سەرۆکی کارەکەرەکانی میدیالۆنایەو پیربووە و جێی ڕێزە" هێشتا هەر بیر لەو شەوە دەکاتەوە کە گەورەکەی پێی وت: "دامیانا! دەرگاکە بکەرەوە".

بەدەم پاڵکەوتنەوە بیری لەوە کردەوە کە ئێستا مارگرێتا دەبێ چەند خۆشحاڵ بێت.

پاش کەمێکی تر دیسانەوە گوێی لە دەنگی دی بوو، بەڵام ئەمجارەیان دەنگی دەروازە گەورەکە بوو، لەوە دەچوو بە قۆناغە تفەنگ پیابکێشن.

هەڵسایەوەو جارێکی تر سەیری دەرەوەی کردەوە، هیچی نەدەبینی. بەڵام واهاتە بەرچاوی کە زەوی قوڵپ ئەدا، وەك ئەو کاتانەی باران دەبارێ و سەر ئەرز پڕ ئەبێ لە کرم و مێروو. هەستی بەگەرمی و بۆنی پێڕێك لە پیاوان کرد. گوێی لە قیڕەقیڕی بۆقەکان و زیکەزیکی زیکزیکەکانو دەنگەکانی شەو بوو لەوەرزی باراندا. پاشان ئەو دەنگەی هاتەوە گوێ کە بە قۆناغە تفەنگ لە دەروازەکەیان ئەدا.

چرایەك بۆ تاوێك ڕووناکیی خۆی دا لە ڕوخساری پێڕێك پیاوو کوژایەوە.

دامیانا سیسنیرۆس پەنجەرەکەی داخست و وتی:

"هەقم چیە بەسەریانەوە."

"داماسیۆ، بە منیان وت تێکشکاویت، بۆ هێشتت ئەوە ڕوویدات؟"

"گەورەم ڕاستیان بە تۆ نەوتووە، من هیچم لێ نەقەوماوە. لێرە حەوتسەد نەفەرم لەگەڵدایەو هەندێکیان لەم ناوەن. ئەوەی

ڕووی دا ئەوەیــە کــە هەنــدێ لــە "پیروپەککەوتــەکان" وەکــو پیرسورانسیۆ کە لە بێ ئیشیدا وەڕس بوون، تەقەیان لە تاقمێکی (سەرتاشراوەکان)* کردووە. ئیدی لە پڕدا لەشکرێکیان پەیدابووە، جەماعەتی ڤیان، خۆت دەزانیت کە..."

"خەڵکی کوێن؟"

"خەڵکی باکوورن. هەرچییەك بێتە سەر ڕێیان لەگەڵ زەویدا تەختی دەکەن. ئەوەندە بەهێزن بڕواناکەم کەسێك هەبێ بتوانێ بەریان لێ بگرێ."

"ئەی بۆچی پەیوەندیت پێوەنەکردن؟ من پێم نەوتیت کێ بەهێز و سەرکەوتوو بوو لەگەڵ ئەودابە؟"

"پەیوەندیم پێوەکردوون."

"ئەی کەواتە بۆچی بۆ سەردانم هاتوویت."

"گەورەم پێویستمان بە پارەیە. هیلاك بووین ئەوەندە گۆشت بخۆین. وامان لێهاتووە قێزی لێ دەکەینەوە و کەسیش نییە قەرزمان بداتێ. بۆیە هاتووین تا پارەمان بدەیتێ و ناچار نەبین کەس ڕووت بکەینەوە. گەر پێویستی نەکردایە لەم ناوە بووینایە خەڵکمان ڕووت دەکردەوە، بەڵام ئێمە خۆمان خەڵکی ئەم ناوچەیەین و حەزناکەینماڵی خەڵکی لای خۆمان تاڵان بکەین. شتێ پارەمان پێویستە تا بڕێ کولێرەی "چیلە" ی پێ بکڕین. تەقمان کرد هێندە گۆشت بخۆین."

"هاتوویت داوای شتم لێ دەکەیت داماسیۆ؟"

"بۆ خۆم نا گەورەم. من چاودێریی کوڕەکان دەکەم، بەڵام بەنیسبەت خۆمەوە، گوێ نادەمێ."

---

* سەرتاشراوەکان: مەبەست لەسەربازە فیدراڵیەکانە کەسەریان بەجۆرێك ئەتاشی، شۆڕشگێڕەکان گاڵتەیان پێ ئەکردن.

www.pertwk.com

"پێم خۆشە چاودێریی نەفەرەکانت دەکەیت داماسیۆ. بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە پێویستتان پێی هەیە ڕێگای تریش هەیە. ئەگەر ئەوەی داومە پێتان بەشتان ناکات هێرش بکەنە سەر "کۆنتیلا". ئەگینا لە پێناوی چیدا چوویتەتە ریزی شۆڕشەوە؟ گەر بکەونە سوالّ مانای وایە تێکشکاون. گەر وانەکەیت واچاکترە بچیتەوە لای ژنەکەت و مریشك بەخێو بکەیت. بڕۆن و دێیەك تاڵان بکەن. مادامەکی ئێوە گیانی خۆتان خستۆتە مەترسییەوە" خەڵکی چۆن دەبێ یارمەتیتان نەدەن؟ کۆنتیلا پڕە لە پیاوی دەوڵەمەند. شتێکیان لێ بپچڕن. یان دیارە واتێدەگەن ئێوە خزمەتکاری ماڵەکانی ئەوان و پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان؟! نەخێر... داماسیۆ.. دەبێ تێیانبگەیەنیت کە ئێوە یاری ناکەن. ئەوسا پێویستتان بە چەند بێ بەدەستی دەهێنن."

هەرچی ئێوە دەفەرموون گەورەم. ئێوە هەمیشە ئامۆژگاریی باشتان بۆ من هەبووە.

"ئومێدەوارم سوود لەو قسانەم ببینیت."

پیدرۆپارامۆ نەفەرەکانی بینی ڕۆیشتن. وەختێ لە تاریکایی شەودا دور دەکەوتنەوە، گوێی لە دەنگی پێی ئەسپەکانیان بوو. هەستی بە بۆنی ئارەقە و تەپوتۆز زو لەرینەوەی زەویەکە کرد. کاتێ بریسکەی مێرووە گوڵئەستێرەکانی بینی زانیی کە هەموویان ڕۆیشتوون.

بەتەنیا مایەوە، تەنیا بوو وەك ئەو قەدی درەختەی کە لەناوەوە دەست بە پووکانەوە دەکات. بیری لە سوزانا سانخوان کردەوە، هەروەها بیری لەو کیژۆڵەیە کردەوە کە تۆزێك لەمەوبەر لەگەڵیا خەوتبوو. ئەو جەستە بچکۆلانە لەرزیوو شپرزەیەی دەتوت خەریکە دڵی لەزاریەوە دێتە دەرێ.

پـــێی وت: "چــنگێ گۆشــت." باوەشــی پیــاکردو هەوڵیــدا بەخەیاڵی خۆی جەستەی بکا بە جەستەی سوزانا سانخوان،

***"ئەو ئافرەتەی کە سەر بەم دونیایە نییە."***

لەگەڵ کازیوەدا ڕۆژ بە هێواشی سووڕێك دەخوات. ئـادەمیزاد لە توانایدایە گوێی لە بۆڵبرینە ژەنگرتووەکـانی زەوی بێـت وەختـێ دەخولێنەوە. هەروەها لە توانایدایـە دەنگـی لەرینـەوەی ئـەم دونیـا کۆنە ببیستێت وەختێ پاڵ بەتاریکییەوە دەنێت.

"خۆستینا، ڕاستە شەو پڕە لە گوناه؟".

"بەڵێ سوزانا."

"ئەڵێم ڕاستە؟"

بێگومان ڕاستە سوزانا."

"بەڕای تۆ دەبێ ژیان چـی بێـت جگـە لـە گونـاه، خۆسـتینا؟ گوێت لێیە؟ گوێت لە جیرەجیری زەوییە؟"

"نە سوزانا، گوێم لەهیچ نییە، من هێنـدەی تـۆ خۆشـبەخت نیم."

"سـەرت سـووڕدەمێنێ. ئەگـەر گوێـت لـەو شـتانە بـێ کـەمن دەیانبیستم سەرت سووڕدەمێنێ."

خۆستینا دەستی بەرێکخستنی ژوورەکە کردەوە. گسـکەکەی هێنـا بەسـەر زەویـە تەڕەکـەی ژوورەکـەدا. ئـاوی نـاو گوڵدانـە شـکاوەکەی گـۆڕی. گوڵـەکانی لێ دەرهێنـا و پارچـە شـکاوەکانی گوڵدانەکەی فڕێدایە ناو سەتڵەکەوە.

"خۆستینا، لە ژیانتدا چەند چۆلەکەت کوشتووە؟"

"زۆر، سوزانا"

"ئەی خەمت بۆ نەخواردوون؟"

"سوزانا."

"ئەی کەواتە ئیتر چاوەڕێی چیت تابمریت؟"

"چاوەڕێم مردن خۆی بێت بۆلام، سوزانا."

سوزانا سان خوان پاڵی بە پشتیەکانەوە دابۆوە. چاوە نائارامەکانی دەگەڕان، وەك سەدەفێکی خۆپارێز دەستەکانی خستبووە سەر سکی. لەژوور سەرییەوە دەنگی باڵەفڕێیەکی سووك دەهات. هەروەها دەنگی چەرخی ئاو هەڵکێشەکەو دەنگی خەڵکی کاتێ بێدار دەبنەوە.

""خۆستینا، باوەڕت بەدۆزەخ هەیە؟"

"بەڵێ سوزانا، بە بەهەشتیش."

"من تەنها باوەڕم بە دۆزەخ هەیە."

ئەمەی وت و چاوەکانی لێکنان.

وەختێ خۆستینا لەژوورەکە چووە دەرێ" سوزانا سان خوان دیسانەوە خەوی لێکەوتەوەو هەتاوەکەش ئەدرەوشایەوە. ئافرەتەکە لە دەرەوە لووتی بەلووتی پیدرۆپارامۆدا تەقی.

"حاڵی چۆنە؟"

ئافرەتەکە سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: "خراپە."

"چییەتی و دەڵێ چی؟"

"هیچ قوربان. ئەمە کێشەکەیە. تۆ خۆت دەزانیت خەڵکی دەڵێن: مردووەکان قسەناکەن. تازە ئەو خانمەمان لەدەست چوو."

"بابا ڕێنتیریا نەهاتووە بیبینێت؟"

"دوێنێ شەوهات تاگوێی لە دانپیانانەکانی بێت. ئەبووایە ئەمڕۆ نانی قوربانیی پێ بدایە. بەلام لەوە دەچێت نەیبەخشێت. چونکە بابا ڕێنتیریا نەهاتۆتەوە بۆلای. وتی بەر لەهەر کارێك دێتەوە ئێرە. بەلام ئەوەتا دەبینیت هەتاو تاکوێ کەوتووەو کەچی ئەو هێشتا نەهاتووە. دەترسم بەخشینی پێ ڕەوا نەبینێ."

"بەخشینی کێ؟"

"بەخشینی خوا، گەورەم."

"بێ ئەقڵ مەبە خۆستینا."

"فەرمایشتانە گەورەم."

پیدرۆپارامۆ دەرگاکەی کردەوەو لای سەریەوە وەستا، بەجۆرێك کە تاڵە تیشکێك ئەیدا لە ڕوخساری. سەرنجیدا توند چاوەکانی نووقاندبوو، دەتوت ئازارێکی زۆریان تیایە. دەمیشی تەڕو نیوە کراوە بوو. ئینجا دەستە بێئاگاکانی چەرچەفەکەیان لاداو جەستەی ڕووتی بەدەرکەوت. ئەو جەستەیەی لە تاو ئازار گرژ بوبوو.

پیدرۆپارامۆ دەستی درێژکرد و چەرچەفەکەی پیادایەوە. جەستەی هێشتا وەکو مارێکی زامدار لوولی دەخوارد. هەر گرژبوونێکی لەهی پێشووی توندو تیژتر دەبوو. دەمی لەگوێی نزیك کردەوە وتی: "سوزانا"

دووبارە وتی: "سوزانا"

دەرگاکە کرایەوەو بابا ڕێنتێریا هاتە ژوورەوە.

"ڕۆڵە، ئەمەوێ ڕێوڕەسمی شێوی یەزدانیت بۆ بەجێ بێنم."

چاوەڕێی کرد تا پیدرۆپارامۆ بەرزی کردەوەو پاڵی بەپشتیەکان و بەتەختەی سەرووی قەرەوێڵەکە پێدایەوە.

سوزانا سان خوان کەنیمچە خەوتوو بوو زمانی دەرهێناو پارچە نانی موبارەکی خوارد. ئینجا وتی: "ئەمڕۆمان زۆر خۆش بوو، فلۆرنسیۆ. "پاشان لەگۆڕی پێخەفەکەیدا نوقم بۆوە.

"دۆنیا فاوستا، ئەو پەنجەرەیە دەبینیت؟ لەوێ لەمیدیالۆنا.. ئەو پەنجەرەیەی کە هەمیشە ڕووناك بووە؟"

"نە ئانخیلیس، هیچ نابینم."

"ئاخر تۆزێك لەمەوبەر تاریك بوو بۆیە نایبینیت. تۆ بڵێی شتێکی خراپ لە میدیالۆنا ڕووی نەدابێت؟ سێ‌ساڵی ڕەبەقە ئەو پەنجەرەیە هەر ڕووناکە.. هەموو شەوێك. من لەگەڵ یەکێکی ئەو ناوەقسەم کردووەو وتی ئەوە پەنجەرەی ژووری نووستنی ژنەکەی پیدرۆپارامۆیە. ژنەکەی شێت بووەو لەتاریکی دەترسێت... تەماشاکە.. تروسکایی تیا نابینیت ئەمە نیشانەی ئەوەنی‌یە شتێکی‌خراپ ڕوویداوە؟"

"لەوانەیە مردبێت، دەیانوت زۆر نەخۆشە. تەنانەت وەکو دەڵێن لەم دواییانەدا کەسی نەناسیوەتەوەو بەردەوام لەگەڵ خۆیدا قسەی کردووە. تۆ بزانە پیدرۆپارامۆ بەم ژنهێنانەی چۆن کەوتە سزاوە!"

"ئای لە پیدرۆی بەسزمان!"

"نا.. فاوستا.. شایانی لەوە زیاترە... شایانی سزای زۆر لەوە زیاترە."

"تەماشاکە.. پەنجەرەکە هێشتا هەر تاریکە."

"واز لە پەنجەرە بێنە. دوو پیرێژنی پەککەوتووی وەکو من و تۆ هەق نی‌یە بەم شەوە درەنگە لەسەر ئەم شەقامانە بین. واچاکترە بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە."

دوو پیرێژنەکە کە نزیکەی سەعات یانزدەی شەو لە کڵێساکە هاتبوونە دەرێ، لەژێر سێبەری دەروازەکەدا ون بوون.لەوێوە تارمایی پیاوێکیان بەدی کرد کە لە گۆڕەپانەکەوە بەرەو میدیالۆنا دەپەڕییەوە.

"دۆنیا فاوستا تەماشای کە، لەدکتۆر فالینسیا ناچێت؟"

"با لەو دەچێت. ئەگەرچی من چاوم ئەوەندە کزبووە باش نایناسمەوە."

"لــەیادتان نیــە کــە ئــەو بــەردەوام چــاکەتێکی ڕەش و پانتۆڵێکی سپی لەبەردەکات. گرەوت لەگەڵ دەکەم شتێکی خراپ لە میدیالۆنا ڕوویداوە. ئەگینا بۆ واخێرا دەڕوات."

ڕاست دەکەیت، لەوە دەچێت شتێکی خراپ ڕوویدابێت" ئەگینا حەزدەکەم بگەڕێمەوە لای بابا ڕێنتیریا و پێی بڵێم بچێت بۆ ئەو ناوە، تا ئەو بەسزمانە بەبێ دانپیانان نەمرێ."

"ئانخیلیس نیگەران مەبە، خوا ناهێڵێت شتی وا ڕووبدات. دوای ئەو هەموو عەزابەی لەم دنیایەدا چەشتوویەتی خواش پێی خۆش نییە زەلیلانە بمرێ. هەروەکو سۆفی مەشرەبەکانیش دەڵێن ئەوانەی شێتن پێویستییان بە دانپیانان نییە. تەنانەت گەر ڕۆحیشیان پاك نەبێت گوناهیان لەسەر نییە. بەتەنها خواخۆی ئەوە دەزانێ... سەیرکە، پەنجەرەکە ڕووناك بۆوە! خوا چاکی بکات. تەواوی کلێساکەمان ڕازاندۆتەوە بۆ جەژنی سەری ساڵ، ئینجا خوا نەخواستە ئەگەر یەکێك لەو ماڵەدا بمرێ خۆت دەزانیت چیمان بەسەردێ! دۆن پیدرۆ لەدەستی دێ لەیەك دەقیقەدا هەرچی هەیەو نییە تێکوپێکی بدات."

"تۆ هەمیشە نوقڵانەی شتی خراپ لێ دەدەیت دۆنیافاوستا. تۆش وەکو من بکە" هەموو شتێ بەرە دەست خوا. دووعای مریەمی پاکیزە بخوێنە، ئیتر من دڵنیام تا سبەینێ هیچ شتێکی خراپ ڕوونادات."

"هەر زۆر بەڕاستمە ئانخیلیس، تۆ هەمیشە دەزانیت چۆن چارەسەرم بکەیت. ئەم قسانەت لەمێشکمدا دەپارێزمو دەچم دەخەوم، دەڵێن چی لەمێشکتدا بێت کاتێ خەوتیت ئەوە دەچێت بۆ بەهەشت. هیوام وایە ئەو قسانە بگەنە ئەوێ. شەوشاد."

"شەوشاد، فاوستا."

هەردوو پیرێژنەکە چوونەوە بۆماڵەکانی خۆیان. سەرلەنوێ بێدەنگی باڵی بەسەر دێیەکەدا کێشایەوە.

"دەمم پڕ لە خۆڵە."

"بەڵێ.. بابا."

"مەڵێ: بەڵێ بابا.. چی دەڵێم لەگەڵما بیلێرەوە."

"ئاخر تۆ دەتەوێ چیم پێ بڵێیت؟ بۆ دەبێ هەمدیسان دان بە گوناهەکانمدا بنێمەوە؟! بۆ؟"

"ئەمە دانپیانان نییە سوزانا.. بەتەنها هاتووم بۆ ئەوەی قسەت لەگەڵدا بکەم... بۆ ئەوەی بۆ مەرگ ئامادەت بکەم."

"من ئەمرم؟!"

"بەڵێ کچم."

"کەواتە بۆ بەتەنیا جێم ناهێڵیت؟؟ دەمەوێ پشوویەك بدەم. دیارە بۆیە تۆیان هێناوە بۆ ئێرە تا نەهێڵیت بخەوم، تانەهێڵیت خەو بچێتەچاوم. ئەگەر خەوەکەم ڕۆیشت لەکوێ بیهێنمەوە؟ نا... بابا.. ناتوانم.. تکات لێ دەکەم جێم بێڵە با ئیسراحەت بکەم."

"جێت دێڵم سوزانا. ئەگەر ئەمە دووبارە بکەیتەوە کە من دەیلێم سەرلەنوێ خەوت لێ دەکەوێتەوە.. هەست دەکەیت خۆت خۆت دەخەوێنیت، ئەوسا خەوت لێ دەکەوێو... ئیدی کەس ناتوانێ بێدارت بکاتەوە.. هەرگیز.."

"باشە، بابا، بەقسەت دەکەم."

بابا لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکە دانیشتبوو. دەستی خستە سەر شانەکانی سوزاناسانخوان ودەمی لەگوێی نزیك کردەوە تا بەهێواشی بەگوێیدا بچرپێنێ: "دەمم پڕ لە خۆڵە." کەمێك

وەستا.هەوڵیدا بزانێ ئایا لێوەکانی دەجووڵێن یان نـە . جووڵانـەوە، بەڵام دەنگی دەرنەهات.

***"دەمم پڕ لەدەمی تۆیە، پڕ لەماچەکانی تۆیە. لێوە تورتـەکانی تۆ لێوی منیان دەگرت ودەیانمژی..."***

لەلاوە سەیرێکی بابا ڕێنتێریای کرد، وێنەیـەکی تـەڵخی ئـەوی بینی، وەك ئەوەی لەپشت پەنجەرەیەکی تەماوییـەوە بێـت. پاشـان دووبارە هەمان دەنگی لەگوێیدا بیستەوە:

"لیـك قـووت ئـەدەم. گڵێـك دائـەکرمێنم کـە کرمـی تیایـەو کرمەکان لەگەرووم گـیر دەبـن و دیـواری گـەرووم توێتـوێ دەکـەن. لێوەکانم شل دەبن، دانەکانم کوت کوتیان ئەکەن‌و قووتیان ئـەدەن. لـووتم نامێنــێ، چـاوەکانم دەتوێنــەوەو دەبـن بـەلیتاو. پرچـەکانم لەچاوتروکانێکا دەسووتێن‌و هەڵدەقرچێن..."

لــە بێدەنگیەکــەی ســوزانا ســەری ســوورمابوو. خۆزیــای دەخواست پەی بە بیرکردنەوەی بەرێت وئەو نەبـەردەی دڵـی ببینـێ کەچـۆن بەرامبـەر بـەو وێنانـە بەرهەڵسـتیی دەکـرد کەئـەم تیایـا دەیچاندن. سـەیرێکی چـاوەکانی کـرد. ئـەویش تەماشـایەکی ئـەمی کرد. هەستی کرد زەردەخەنە کەوتۆتە سەرلێوانی.

"هێشـتا قسـە مـاوە بیڵـێین. بەرجەسـتەبوونی پـەروەردگار، نـوورە ناسـکەکەی ئاسمـانی بـێ کۆتـایی و سـروودی فریشـتەکانی شـارۆبیم‌و سـارۆفیم* . شـادیی نێوچـاوەکانی یـەزدان‌و دواخــەونی تیژتێپەڕی و ئەو کەسانەی بەعەزابی ئەبەدی مەحکومن. عەزابی ئەم دنیا لەچاو ئـەو عەزابـەدا هـیچ نیـیە. مـۆخی ئێسـقانەکانمان دەبـن بەئاگرو دەمارەکانمان بەداوەگڕ. ئەمانە دەبنەمایەی ئەوەی بۆ هەتا

* شارۆبیم‌و سارۆفیم: دوودەستەن لەفریشتەکانی بەهەشت.

هەتایە لەتاو ئازار بقیژێنین. ئازارێك كە غەزەبی خوا ئاگرەكەی خۆش دەكات."

***"منی لە ئامێز دەگرت! منی خۆشدەویست."***

بابا ڕێنتیریا چاوێكی گێڕا بەو كەسانەی بەدەوریەوە بوون و چاوەڕوانی دواسات بوون. پیدرۆپارامۆ لای دەرگاكەوە وەستا بوو و دەستەكانی لێك ئاڵاندبوون. دكتۆر فالینسیاش بەتەنیشتیەوە وەستا بوو، كۆمەڵێك پیاوی تریش لایانەوە بوون. كەمێ لەوان دوورتریش چەند ئافرەتێك لەوانەی بەدەگمەن دەمێننەوە بۆ ئەوەی دووعای مردووان بخوێنن" وەستا بوون.

ویستی هەڵسێت و ڕێ و ڕەسمی زەیتی پیرۆز ئەنجام بدات و بڵێ: "ئیدی كاری من تەواو." بەڵام نەخێر، هێشتا كاری ئەو تەواو نەبوبوو. تا دڵنیا نەبێ كە تۆبەی كردووە ناتوانێ ئەوڕێوڕەسمە ئەنجامبدات.

دووچاری گومان ببوو. تۆ بڵێی ئەم ئافرەتە گوناهێكی نەكردبێت تا تۆبە بكات؟! یان ئەمە شتێك شك نابات تا ئەم بیبەخشێت. سەر لەنوێ بەسەریدا نووشتایەوەو شانەكانی گرتن و ڕایوەشاندن و بەچپە پێی وت:

"تۆ دەچیتە حزووری خواو حوكمی ئەویش لە ئاست گوناهباراندا قورسە."

دیسانەوە دەمی لەگوێی نزیك كردەوە، بەڵام ئافرەتەكە سەری ڕاوەشاند:

"بابا تۆ بڕۆ! خەمی منت نەبێ. من هەست بە ئارامی دەكەم و زۆریش خەواڵووم."

ئەو ئافرەتەی لە سێبەرەكەدا خۆی پەنادابوو دەستی كردە گریان... لەو ساتەدا سوزانا سان خوان وەك ئەوەی زیندوو بووبێتەوە لەسەر قەرەوێڵەكەی ڕاست بۆوەو وتی:

"خۆستینا، تكات لێ دەكەم بڕۆ لەشوێنێكی تر بگری."

ئیدی هەستی کرد سەری بەسکیدا چەقی. هەوڵیدا لێکیان جیا بکاتەوەو سکی بەلادا بخات، چونکە سکی بەری چاوانی گرت و هەناسەی توند کرد، بەڵام تا دەهات سەری قورس دەبوو و دەتوت بەنێو تاریکایی شەودا ڕۆدەچێت.

"من لەوێ بووم، دۆنیا سوزانا گیانی ئەدا."
"وتت چی، دۆرۆتیا؟"
"ئەوەی کە ئێستا وتم."

لەگەڵ خۆرکەوتندا خەڵکی دێ بەدەنگی زەنگەکان خەبەریان بۆوە. بەیانیی ڕۆژی هەشتی کانوونی یەکەم بوو. بەیانیەکی خۆڵەمێشی بوو" وەلێ سارد نەبوو. لە پێشدا زەنگە گەورەکە دەستی پێ کردو پاشان زەنگەکانی دی. لە خەڵکانێك وایە ئەمە زەنگی نوێژی گەورەیە و دەرگای ماڵەکانیان کردەوە.تەنها ئەو کەسانە دەرگاکانیان نەکردەوە کە بەر لە کازیوە بێداربوون‌و چاوەڕێ بوون تا لێدانی زەنگی بەربەیان پێیان ڕابگەیەنێت کەشەو کۆتایی هاتووە. بەڵام دەنگی زەنگەکان لەوەختی ئاساییان زۆر زیاتری خایاند. بەتەنها زەنگی کڵێسای گەورە نەبوو کەلێی ئەدا" بەڵکو هی زەنگەکانی کڵێسای کریستۆو کروس ڤێردو سانتواریۆش. بوو بەنیوەڕۆ زەنگەکان هەر لێیان ئەدا، شەویش هات و هەر لێیان ئەدا، شەوو ڕۆژ لێیان ئەداو تا دەهات دەنگیان بەرزتر دەبۆوە، تا گۆڕا بۆ شیوەنێکی پڕ هەراوزەنای ئەو دەنگانە.

خەڵکی دێیەکە بۆ ئەوەی گوێیان لە دەنگی یەکدی بێت هاواریان دەکرد. دەیانپرسی: "چی ڕوویداوە؟"

پاش سێ ڕۆژ هەموو کەڕبوون. لەو ئاشووبەدا نەیاندەتوانی لەگەڵ یەکتردا بئاخڤن. بەڵام دەنگی زەنگەکان هەر بەردەوام بوو و بەردەوام بوو" تا هەندێکیان شکانو دەنگێکی قوولیان لێوە دەهات کە لە دەنگی گۆزەڵە دەچوو.

"دۆنیا سوزانا مرد."

"مرد؟ کێ؟"

"ژنەکەی."

"ژنەکەت؟"

"ژنەکەی پیدرۆپارامۆ."

دەنگی لێدانی زەنگەکان خەڵکی شوێنانی تریشی بەرەو ئەوێ ڕاپێچ کرد. خەڵکی لە کۆنتێلاوە دەهاتن و دەتوت بۆ حەج دێن. لەشوێنانی دوورتریشەوە. کەس نازانێ لە ئەو سێرکە بەخۆیان و پاڵەوان و چەرخ و فەلەکەکانیانەوە لەکوێوەهاتبوون. پاشان سازژەنەکان هاتن. لە پێشدا هەر تەماشایان دەکرد، بەڵام هێندەی نەبرد کە لە شوێنی تایبەتیی دەستەی سازژەنەکاندا جێی خۆیان کردەوە. وردە وردە بوو بەجەژن.

کۆمالا بەڕادەیەك لە خەڵك سیخناخ بوو" دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر ئەرز.

دواجار دەنگی زەنگەکان نەما، بەڵام جەژنەکە هەر بەردەوام بوو. نەدەزانرا چۆن لەو حەشاماتە بگەیەنرێ کە ئەو زەنگانە بۆ مردوو لێ ئەدرێن نەك بۆ جەژن. نەدەزانرا چۆن پێیان بوترێ کە بچنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان. بە پێچەوانەوە تا دەهات قەرەباڵغتر دەبوو.

میدیا لۆنا تەنیا بوو، نوقمی خامۆشی بوو، خەڵکی بەپێ خاوسی دەهاتن و دەچوونو بەچپە ئەدوان. سوزانا سان خوانیان

ناشت و ژمارەیەکی کەم نەبێ لە کۆمالا کەسی دی بەوەی نەزانی. چونکە جەژن بوو، شەڕە کەڵەشێر و مۆسیقا و هاتوهاواری مەیزەدەو قومارچییەکان. دێیەکە سەرانسەر ڕووناکی و هەرا بوو، میدیالۆناش سەرانسەر تاریکی و بێدەنگی. پیدرۆپارامۆ ورتەی نەدەکرد. لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرێ. سوێندی خوارد تۆڵە لە کۆنتێلا بکاتەوە.

"من دەست دەخەمە سەر ئەژنۆم، ئیتر کۆنتێلا لەبرسانا دەمرێ."

هەرواش بوو.

تێلکواتە بەردەوام دەهات:

"ئێستا لەگەڵ کارانسادایین."*

"زۆر چاکە."

"ئێستا لەگەڵ ژەنەراڵ ئۆبراگۆندایین."**

"چاکە."

"سازشیان کردووەو ئێستا ئێمە بێکارین."

"سەبرکەن. چەکەکانتان فڕێ مەدەن. ئەم سازشە زۆر ناخایەنێ"

"بابا ڕێنتیریا دەستی داوەتە چەك***. لەگەڵیابین یان دژی بین؟"

---

* فینۆستیانۆ کارانسیا: وەزیری جەنگ و دەریاوانی، لەگەڵ ڤیاو زاباتادا بەیەکدا هەڵپڕژان ساڵی 1920 لەسەر دەستی ژەنراڵ ڕۆدۆڵفۆ ئیریرۆ کوژرا.

** ئەلفارۆ ئۆبراگۆن: سەرۆکی کۆماری مەکسیکی بوو (1920–1924) ساڵی 1929 کوژرا.

www.pertwk.com

"لایەنی دەوڵەت بگرن."

"بەڵام ئێمە قاچاخین. وەکو یاخی ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکەن."

"کەواتە بڕۆ ئیسراحەت بکە."

"ئاخر چۆن شتی وابکەم؟"

"باشە چی دەکەیت بیکە."

پیدرۆپارامۆ لای دەروازە گەورەکەی میدیالۆناوە لەسەر کورسیەکی چەرمی کۆن دانیشتبوو، دوادواییەکانی شەو بوو. سێ کاژێر دەبوو بەتاقی تەنیا لەوێدا دانیشتبوو. خەوی نەما بوو. نەتامی خەوی لامابوو نەهەستی بەکات دەکرد: "پیاوە پیرەکان زۆر ناخەون. بگرە هەر ناخەون. هەندێ جار خەو دەمانباتەوە، بەڵام لەو کاتانەشدا هەر بیردەکەینەوە. هیچم بۆ نەماوەتەوە ئەوە نەبێ."

درێژەی دایە: "سوزانا.. زۆر لەمێژە تۆمنت جێهێشتووە. ڕووناکیەکەی ئەوساش وەك ئەوەی ئێستا بوو. بەم سوورییەی ئێستا نەبوو، بەڵام هەر ڕووناکیەکی کزبوو، هەواش ساردبوو، هەروەکو ئێستا تەمێکی سپی ئاسمانی گرتبوو. هەر لەم ساتەی ئێستا دەچوو. لای دەرگاکەوە دانیشتبووم و تەماشای هاتنی سپێدەم دەکردو، تەماشای تۆم دەکرد وەختێ بەڕێی بەهەشتدا بەرەو ئاسمان فڕیت. دەرگای بەهەشت کرایەوەو ئاسمان بوو بەچراخان. تا دەهات تۆ لەمن دوور دەکەوتیتەوەو سیمات لە سایەکانی زەویدا ون دەبوو.

---

*** ئاماژەیە بۆ شۆڕشی کریستیرۆس.

"ئـەوە دواجـار بـوو تـۆم تیـادی. بـە نێـو لـق و پـۆپی درەختەکانی بەهەشتدا دەڕۆیشتیت. ئەو شنەیەی لەدوای خۆتەوە جێت دەهێشت گەڵاکانی ڕاپێچ دەکرد. پاشـان لەچـاوم ون بوویت. هاوارم لێ کردیت: سوزانا، بگەڕێرەوە.".

پیـدرۆپارامۆ هێشـتا لێوەکـانی دەجـووڵان ولەبـەر خۆیـەوە ورتەورتی دەکرد. پاشان دەمی داخست و چاوەکانی قـیچ کردنـەوە کە ڕۆشنایی سپێدە تیایاندا دەبریسکایەوە.

دەمەو بەیان بوو.

هـەر لـەم کاتـەدا دۆنیـا ئـەنیس، دایکـی گامالیـل ڤیالپانـدۆ سەرشـەقامەکەی بـەردەم دوکـانی کوڕەکـەی گسـك ئـەدا وەختـێ ئاپۆندیۆمارتنیس لە دەرگاکەوە کە لاهـێڵ بـوو خـۆی کـرد بـەژوورا. تەماشـای کـرد گامالیـل سـەری خسـتۆتە سـەرمێزەکەو خـەوی لێکەوتووە. کڵاوەکەشی داوە بەسەر دەموچاویدا تا مێش هەراسـانی نەکات. چاوەڕێ بوو تاخەبـەری بێتـەوە. ئاخریەکـەی دۆنیـا ئـەنیس هاتە ژوورێ و بەدەسکی گسکەکە کێشای پیایدا و وتی:

"هەڵسە، مشتەری هاتووە بۆلات!"

گامالیـل بـەدەم بۆڵـە بۆڵـەوە سـەری بـەرزکردەوە. لەبـەر بێخـەوی و هـاودەمی مەسـتەکانی شـەو چـاوەکانی سـوور هەڵگەڕابوون. هەڵساو دەستی کردبە جنێودان بـەدایکی و بـەخۆی و بەو ژیانـەی "لەنـەفرەت بـەو لاوە شـایانی هیچـی دینیـە." ئینجـا دەستەکانی خستەوە بەینی قاچەکانی و دووبارە بەدەم جنێودانەوە وتی:

"گوناهی من چییە تا ئەم وەختانە سەرخۆش دەمێنێتەوە."و خەو چووەوە چاوی.

"ئای لەم کوڕە بەسزمانەم. ئابۆندیۆ، لێی ببوورە. تا درەنگانێ بەدیار چەند موسافیرێکەوە بووە کە خەریکی خواردنەوە بوون. چۆنە بەم بەیانییە زووە هاتوویت؟"

ئافرەتەکە بەدەنگێکی بەرز ئەدوا لەبەر ئەوەی ئابۆندیۆ گوێی قورس بوو.

"هاتووم بۆ قاپێك شەراب."

"هەمدیسان ڕیفۆخیۆ بووراوەتەوە؟"

"مرد.. دایە ڤیا، دوێنێ شەو مرد. نزیکەی سەعات یانزدە."

"گوێم لێت نییە، یان دیارە هیچ نالێیت؟ چی دەلێیت؟"

"دەلێم شەوێ بەدیار تەرمەکەی ڕیفۆخیۆوە بووم. دوێنێ شەو لە هەناسەدان کەوت."

"بەخۆڕایی نەبوو بۆنی مەرگم دەکرد. بڕوابکەم بەگامالیم وت: بۆنی مەرگی یەکێك دەکەم لەدێیەکەدا، بەڵام ئەو بایەخی بەقسەکەم نەدا، سەرقاڵی موسافیرەکان بوو. سەرخۆش بوبوو. تۆ خۆشت دەزانیت کە سەرخۆش دەبێ بەهەموو شتێ پێکەنینیدێ و بایەخ بەکەس نادا. بەڵام تۆ دەڵێی چی؟ کەست بۆ تازێکەی بانگ نەکردووە؟"

"هیچ کەس. هەر لەبەر ئەوەش هاتووم بخۆمەوە."

"بەبێ ئاو؟"

"بەڵێ دایە ڤیا. چونکە واهی زووتر سەرخۆش دەبم. هەر ئێستا دەمەوێ، چونکە پەلەمە."

"لەبەر ئەوەی تۆیت دووقاپت بەنیوەی نرخی خۆی ئەدەمێ. بەژنەکەشت بلێ من هەمیشە خۆشم ویستووەو کاتێ چوو بۆ بەهەشت بامنی لە بیربێت."

"زۆرچاکه. دایەڤیا."

"تا لەگۆڕدا نەڕزیوە ئەوەی پێ بڵێ."

"پـێی دەڵـێم. دەشـزانم چـاوەڕێی دووعـای تۆیـە. بـە ئاسـوودەییەوە نـەمرد چـونکە کەسـێکی لـەدەور نـەبوو تایارمـەتیی ڕۆحی بدات."

"چی؟ ئەی بابا ڕێنتیریات ئاگادار نەکردەوە؟"

"چووم، بەڵام وتیان لەشاخە."

"شاخ؟ کام شاخە؟"

"نەمپرسی. چونکە مەسەلەی شۆڕش لەئارادایە."

"ئەویش ڕۆی؟ دڵمان بەخۆمان دەسووتێ، ئاپۆندیۆ!"

"چی لە ئێمە دەگۆڕێت دایە ڤیا؟ ئادەی قاپەکەی ترم بەرێ. تەماشای گامالیل بکە دایە ڤیا.. هەمدیسان پرخەی دێ."

"بەڵام لە بـیرت نەچـێ بـە ڕیفۆخیـۆ بڵێیـت لەبەهەشـت منـی بیرنەچێت. چەند یارمەتیم بدات کەمە."

"خەمت نەبێ. هەر کە گەڕامەوە پێی دەڵێم. وای لێ دەکـەم گفتیشم بداتێ."

"منیش ئەمەم دەوێت. چـونکە تـۆ ئافرەتـان دەناسـیت. کـە گفتێکیان دا دەبێ یەکسەر داوایان لێ بکەیت بیبەنە سەر."

ئابۆندیۆ مارتینیس بیست سنتاڤی تری فڕێدایە سەرمێزەکە.

"قاپەکەی تریشم بدەرێ دایـە ڤیـا. ئەگـەر لـەبری پارەکـەش شەرابی زیاترم ئەدەیتێ ئەوا چاکەی خۆتـە. بـەڵام ئـەو شـتەی مـن دەمەوێ پێت بڵێم ئەوەیە کـە لەپـەنا خوالێخۆشـبوودا دەیخۆمـەوە، لای کوکاکەی خۆمەوە."

"کەواتـە ئابۆنـدیۆ خێراکـە، تـا گامالیـل خەبـەری نەبۆتـەوە. چـونکە دوای خواردنـەوە کـە خەبـەری دەبێتـەوە زۆر بەدڕەوشـت

ئـــەبێ. لـــەبیرت نەچـــێ ئـــەوەی پـــێم وتیـــت بەهاوســـەرە خوالێخۆشبووەکەتی بڵێیت."

وەختـێ لەدوکانەکـە چـووە دەرێ پـژمی. شـەرابەکەی بـێ خـەوش بـوو، لەبەرئـەوەی وتبووشـیان شـەراب گـەر ئـاوی تێکـەڵ نەکـەیت زووتـر دەتگـرێ، پێـك دوای پێـك فـڕی کـردو داوێنـی کراسەکەیشی بۆ هەناسە هەڵکێشان بەکار دەهێنا.

ویســتی یەکســەر بــەرەو ماڵــەوە بچــێتەوە، کــە ڕیفۆخیــۆ چاوەڕێی بوو. بەڵام ئاراستەی خۆی گۆڕی و ڕێیەکی گرتە بەر کـە بەرەو دەرەوەی ئاواییەکە دەڕۆی.

پیدرۆپارامۆ هاواری کرد"

"دامیانا! کەسێك بەرەو ئێرەدێ. بزانە چیی دەوێت."

ئابۆنـدیۆ بەڕێگاکـەدا دەهـات، جارێـك لەســەر پێیــەکانی و جارێکی تر لەسەر هەر چوارپەلی،لەتری ئەدا. هەستیدەکرد زەمین لە ژێر پێیدا دەخولێتەوەو ئەیدا بەملاولادا. تاگەیشـتە بـەردەم پیاوێك کەلای دەروازەکەوە لەسەر کورسـییەك دانیشـتبوو. هەڵوەسـتەیەکی کردو وتی:

"شتێك پارەم بدەرێ. دەمەوێ تەرمی ژنەکەمی پێ بنێژم."

دامیانا سیسنیرۆس دووعای کرد: "خوایە بمانپارێزیت. خوایە لە شەڕی شەیتان لامانبدەیت." نیشانەی خاچی کێشا.

ئابۆندیۆ مارتینیس ئافرەتێکی بینی کە تـرس لـە چـاوەکانیدا بـەدی دەکـرا، ئـەمیش ترسـا. هەسـتیکرد تـا ئـەم شـوێنە شـەیتان بەدوایەوە بووە. سەیرێکی پشتەوەی خۆی کرد، هیچ کەسی نـەدی. وتی:

"تکـات لێ ئەکـەم هـاتووم شـتێ پـارەم بـدەیتێ تـا تـەرمی ژنەکەم بنێژم."

"هەتاودای لە پشتی، ئەوەندە نـەدەبوو خـۆر هـەڵاتبوو، ئـەو خۆرە ساردەی تەمو غوبارێکی تاریك شاردبوویەوە.

پیدرۆپارامۆ دەموچاوی خۆی داپۆشیبوو، وەك ئەوەی بیەوێ هەتاو لە چاوانی نەدات. هاوار و قیژەی دامیانـا سیسـنیرۆس بەسـەر کێڵگەکانەوە دەنگی دایەوە: "خەریکن دۆن پیدرۆ دەکوژن."

ئابۆندیۆ قیژەکانی ئەو ئافرەتەی بیست. نـەیزانی چـی بکـات بـۆ ئـەوەی نەقیـژێنێت. هەرچـەندی کـرد نـەیتوانی خاترجـەم بـێ. هەستیکرد هاوار و قیـژەی ئـەم پیرێژنـە زۆر دوور دەڕوات، تەنانـەت لەوانەیە ژنەکەشی گوێی لێ بێـت. چـونکە خـەریك بـوو گـوێی کـەڕ دەبوو، گەرچی هیچیشی لێ حاڵی نەدەبوو.

بـیری لـە تـەرمی ژنەکـەی کـردەوە کـە لەسـەر قەرەوێڵەیـەك لەحەوشەی ماڵەکەیاندا بەتەنیا جێی هێشـتبوو. هێنابوویـە دەرەوە تا لاشەکەی زوو بۆگەن نەکات. کوکای ژنـی، تادوێنـێ شـەو زینـدوو بوو، لەگـەڵیا خـەوتبوو، وەك جوانوویـەك لـوولی دەخـواردو گـازی لێ دەگرت و لووتی لە لووتی دەخشاند. ئەو ژنەی کوڕێکی بچکۆلەی لێ بـوو و هـەر بەلـەدایکبوونی گیـانی سـپارد. دەڵـێن هـۆی ئـەوەش نەخۆشییەکانی ژنەکەی بووە، وەکو: لەرزوتا و چاوئێشـەو کۆمـەڵێك دەردی تـر، ئەمـەش بـە قسـەی ئـەو دکتۆرەیدواسـات هـات بـۆ فەحسـکردنی و ئـەمیش ناچـار بـوو بـۆ خـەرجی نەخۆشـییەکەی ولاخەکانی بفرۆشێت، کەچی هەر بێهوودە بوو.

ئەوەتانێ ئێستا کوکا لە هەوای شـێداری حەوشـەی ماڵـەوەدا ڕاکشاوە و چاوەکانی نووقاون. بەبێ ئـەوەی بتوانـێ جـارێکی دیکـە خۆرکەوتن ببینێ، نە ئەم خۆرە و نەهیچ خۆرێکی دی.

وتی: "یارمەتیم بدە، شتێك پارەم بدەرێ."

بەڵام خۆشی گوێی لە قسەکانی خۆی نەبوو. قیـژەکانی ئـەو ئافرەتە کەڕی کردبوو.

بەڕێگاکەی کۆمالادا چەند خاڵێکی ڕەش دەجووڵانـەوە. پـاش کەمێك ئەو خاڵە ڕەشانە بوون بـە پیـاوو لـەم نزیکبوونـەوە. دامیانـا سیسنێرۆس لە هاوار و قیژە کەوت. ئیدی وازی لە خاچکێشان هێنـا. کەوتە سەرزەوی و دەمی داچەقی، وەك ئەوەی باوێشك بدات.

پیاوەکان بەرزیان کردەوەو بردیانەوە بۆماڵەوە.

پاشان پرسییان: "قوربان، سەلامەتیت؟"

پیدرۆپارامۆ سەرێکی ڕاوەشاند.

چەقۆ خوێناوییەکەیان لە دەستی ئابۆندیۆ سەند.

پێیان وت: "دوامان کەوە، چاك خۆت تووش کرد."

دوایان کەوت.

بـەر لـەوەی بگەنـە کۆمـالا، مۆڵـەتی لێ خواسـتن، کـەمێك دوورکەوتـەوەو لـە شـوێنێکدا ڕشـایەوە. ڕشـانەوەکەی زەرداو بـوو. پـەیتا پـەیتا قـوڵپی ڕشـانەوەی ئـەدا، دەتـوت دەلـیتر ئـاوی خواردۆتەوە. ئینجا سەری داغ بوو وهەستی کرد زمانی قورس بووە.

وتی: "سەرخۆشم."

گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی چاوەڕێیان دەکرد. خـۆی پیایانـدا هەڵپەسارد. ئەوانیش بەدوای خۆیاندا ڕایانکێشا، پێیەکانیکە بەسەر ڕێگاکەدا دەخشان، زەوییەکەیان چاڵ دەکرد.

پیدرۆپارامۆ هێشتا هەر لەسـەر کورسـییەکەی بـوو و سـەیری ئەوانی دەکرد کە بەرەو ئاوایی دەچوونەوە. کاتـێ ویسـتی دەسـتی چـەپی بەرزبکاتـەوە" بەشـل و شـاوی کەوتـە سـەر ئـەژنۆی. بـەڵام

گـوێی نەدایـە. ڕاهـاتبوو هـەموو ڕۆژێـك مـەرگی پارچـەیەك لـە پارچـەكانی بـوونی خـۆی ببینـێ. درەختـەكانی بەهەشـتی بینـی، دەلەرینەوەو گەڵاكانیان دەوەری.

"ڕێی هەمووهان هەمان ڕێیە.. هەمووهان دەڕۆین."

پاشان گەڕایەوە بۆ ئەو خاڵەی كە تیایدا لـە بیركردنەوەكـەی خۆی دابڕابوو. وتی: "سـوزانا.." ئینجا چـاوی نووقانـد.. "تكـام لێ كردیـت بگەڕێیتـەوە." "مـانگ لـە ژوور سـەرمەوە بـوو. هێنـدەم سـەیركردیت چـاوانم لەدەسـت دان. تریفەیمانگەشـەو ڕوخسـارتی ئەشۆرد. من لە تەماشایئەو خەونەی كە تۆ بوویت تێر نـەدەبووم. تـۆ لـە ژێـر تریفـەی مانگەشـەودا نـەرم ونیـان بوویـت. لێوەكانـت شەونماوی و بەئەستێرە درەوشاوەبوونەوە. جەستەت لە نێو ئاونگی شەودا دەبریسكایەوە.. سوزانا.. سوزانا سان خوان."

ویسـتی دەسـتی بەرزبكاتـەوە تـا وێنەكـە لەبەرچـاوی خۆیـدا ڕوونتر بكاتەوە، بـەڵام دەسـتی لەسـەر ئـەژنۆی ڕەق ببـوو. هەوڵیـدا دەسـتەكەی تـری بجووڵێنـێ، بـەڵام ئـەویش شـل بـوو و كەوتـە خـوارەوە، وەك ئـەوەی گۆچـانێك بـێ و شـانە بـێ ئێسـقانەكەی ڕاگرتبێت.

وتی: "خەریكم دەمرم."

خـۆر بەسـەر زەویـەوە دەسـوڕایەوەو شـێوەی بەشـتەكان دەبەخشیەوە. زەمینی وێرانی بەرچاوانیشی چۆڵ دەینوانـد. گـەرما جەستەی تەنیەوە. بەحاڵ دەیتوانی چاوانی بترووكێنـێ. چـاوەكانی لەم بیرەوەرییەوە بازیان بۆ ئەو بیرەوەری ئەداو هەنووكەیان مـەحو دەكـردەوە. لـە پڕێكـا دڵـی وەسـتاو واپێدەچـوو زەمـان و گـوژمی ژیانیش وەستابێت.

بیریکردەوە: "بەڵکو چاوم بەشەوێکی دی نەکەوێ." چونکە لەشەوان دەترسا. چونکە پڕ بوون لە تارماییو لەوە دەترسا لەگەڵ تارماییەکاندا بەتەنیا جێی بهێڵن.

"دەزانم دوای چەند کاژێرێکی دی ئابۆندیۆ بەدەستی خوێناویەوە دێت و داوای ئەو یارمەتییەم لێ دەکات کە نەمدا پێی. بەڵام دەستم نەماوە تا بەری چاومی پێ بگرمو نەیبینم. ناچارم گوێی لێ بگرم تا کازیوە دێت و دەنگی مەحو دەکاتەوە."

هەستیکرد دوو دەست کەوتنە سەرشانەکانی، خۆی ڕاستکردەوە.

دامیانا وتی: "دۆن پیدرۆ نانی نیوەڕۆت بۆ بێنم؟"

پیدرۆپارامۆ وتی: "نە ، منیش دێم بۆ ئەوێ، منیش دێم."

خۆی بەدامیانا سیسنیرۆسدا هەڵپەسارد و هەوڵیدا بڕوات، بەڵام دوای چەند هەنگاوێك کەوت. لەناخی خۆیدا دەپاڕایەوە، بەڵام بێ ئەوەی وشەیەکیلەدەم بێتەدەر. ناکاو توند کەوتە سەرزەوی و وەك کەڵەکە بەردێك هەرەسی هێنا.

# پیدرۆ پارامۆ

**نووسەر:** خوان ڕۆلْفۆ
**جۆری کارەکە :** ڕۆمان
**جۆری پلۆتەکە :** ڕیالیزمی سیحری
**کاتی ڕووداوەکان:** کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم
**شوێنی ڕووداوەکان:** کۆمالا، خالیسکۆ، مەکسیك
چاپی یەکەم: 1955 (وەرگێڕانە ئینگلیزییەکە 1959)

## کاراکتەرە سەرەکیەکان

**خوان پریسیادۆ:** پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیەو لە گۆشەنیگای ئەوەوە ڕووداوەکان دەگێڕڕێنەوە. خوان، ئەم لاوە لاپرەسەنە دوای مەرگی دایکی بڕیار ئەدات بگەڕێ بەدوای ڕابوردووی خۆیداو پەی پێ بەرێت. خوان دەگەڕێتەوە بۆ ئاواییە

کاولەکەیان (کۆمالا) بۆ گەڕان بەدوا ئەو پیاوەی کە دەزانێ باوکی بووە (واتە پیدرۆپارامۆ). گەرچی دەبینێ ئاواییەکە لە ڕاستیدا چۆڵکراوەو پارامۆش مردووە، بەڵام ئەو لە سۆراخکردنی ئەو ڕووداوانە بەردەوام دەبێ کە بوونەتە هۆی ئەو بارەی دووچاری ئاواییەکە هاتووە.

لەگەڵ ئەو دانیشتووانەی ئاواییەکەدا ئەدوێ کە ماونەتەوە.

(دواتر بێ ژیانی و بێ هیوایی کۆمالا دەبێتە مایەی تاساندنی و خوان لە نیوەی ڕۆمانەکەدا دەمرێ، ڕاستەوخۆ دوای مردنیشی هۆشی بەزیندوویەتی ئەمێنێتەوەو سەبارەت ژیانو چارەنووسی باوکە دڵڕەقەکەی ئاگادارمان دەکات.

**پیدرۆپارامۆ:** کوێخای ئاوایی (کۆمالا)یە. لەگەڵ دەستپێکردنی ڕۆمانەکەدا دەمرێت. پیدرۆپارامۆ پیاوێکە خۆشەویستی لا نییە. بێگیان (ویژدان) و بەزەییە، دەژی بۆ ئەوەی خەڵکانیدی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو کۆنترۆڵیان بکات.

گەرچی بەرەچەڵەك سەر بە بنەماڵەیەکی بەناوبانگیش نییە" بەڵام بۆ لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی ئاواییەکە سەردەکەوێ، ئەویش لەڕێی کاری بێ بەزەیی و چەوساندنەوە. پیدرۆ خۆی بەسەر زۆر پیاوی ترسنۆکدا زاڵ دەکات و لەڕێی هێز و فێڵەوە سەرچاوەی هێزە پەنهانەکانی تریش وەلا دەخات لە دێکەدا، بۆ نموونە وەکو بابا ڕێنتیریا و بارتولومە سان خوان.

پیدرۆ هەموو هێزەکانی بۆ خۆی کۆدەکاتەوەو نەبۆ یارمەتیدانی ئەوانیدی و نەبۆ چاککردنی سروشتی ژیان لەو دێیە هەژارە نائومێدەدا بەکاریدەهێنێت. هەڵچوونەکانی ناوەوەی پیدرۆ و مەیلی سێکسیی نائاسایی پاڵی پێوە دەنێت پەیوەندیی کاتی لەگەڵ زۆر ئافرەتدا ببەستێ و ببێتە باوکی چەند منداڵێك. ئەم کابرا بێ ویژدانو بێ هەستەی کە هەرخەریکی خواردنی ماڵی خەڵك و

چەوساندنەوەیانە، پنتێکی عاتیفی ناسك لە ژیانیدایە کە ئەویش: خۆشەویستیەتی بۆ سوزانا سان خوان، وەختێکیش سوزانا دەمرێ، پیدرۆ لەڕێی هێزە نیمچە سیحریەکانیەوەو بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە دەسبەرداری ئاواییەکە دەبێت تابمرێت.

سەرەنجام پیدرۆ لەسەردەستی یەکێك لە کوڕە زۆرەکانی (ئابۆندیۆ) بەرقەوە دەکوژرێ.

مەرگی پیدرۆ ئاماژەیە بۆ کۆتایی هەموو نیشانەیەکی ژیان لە کۆمالادا.

**میگیل پارامۆ:** کوڕە سەرەڕۆکەی پیدرۆیە، میگیل هەموو ئەتوارەکانی باوکیو ڕۆحە دڕهاتیەکەی هەڵگرتووە، ئەمە جگە لە دڕندایەتیە فێڵاویەکەی ئەو کە سیمبوڵی شەهوەتی مرۆیی بەرجەستە کراوەو تەواوکەری بەرجەستەکردنی دڕندایەتیەکەی باوکیەتی. تاقە کوڕێتی لە نێو کوڕە زۆرەکانیدا کە تەواو دەیناسێ.

میگیل وەکو ئامرازێك لە پلانەکانی باوکیدا بەکار دەهێنرێ. هەمووگیانی شەهوەت و ئارەزووە. دەسدرێژی دەکاتە سەر دامیانا سیسنیرۆس و برای بابا ڕێنتیریا دەکوژێت. ئەم مەیتەرە زێدەڕۆیە (بەتەماعە) لەکاتی غاردا دەکوژرێ. سەرباری ئەوەی خەڵکی کۆمالا خۆشیان ناوێت کەچی مردنەکەی دەبێتە مایەی مژینی خوێنی ژیانە بێڕەنگەکەی ئاواییەکە.

**سوزانا سان خوان:** عیشقە ئایدیالە ونبووەکەی پیدرۆیە. کچی بارتولومە سان خوانە کە مەعدەنچیەکی مردووە. سوزانا بەلای پیدرۆوە سیمبوڵی پاکێتی منالی و لاوێتیە. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە پیدرۆ دەیەوێ هەموو ئەو شتانە تێك و پێك بدات کە سوزانا نوێنەرین، بەڵام بیرەوەرییەکانی ئەو بە بەرزی دەپارێزرێت. سوزانا تاقە سیمایە لە ڕۆمانەکەدا کە ئاوارتە (مستثنی) یە لە تەڵەکانی نا ئومێدیو مەرگی کۆمالا.

www.pertwk.com

**ئابۆندیۆ مارتینیز:** یەکێکە لە کوڕە ناشەرعیەکانی پیدرۆ. لەو پەڕی تووڕەیی و نائومێدیدا باوکی خۆی دەکوژێت.

**بابا ڕێنتیریا:** قەشەی ناوچەکەیە کە خواستی خۆی بۆ ڕووبەڕوو نەبوونەوەی دەسەڵات ڕێ لەوە دەگرێ هەستی شاراوەی دژ بە باڵادەستی‌ی پیدرۆ دەربڕێ. مامی دامیانا سیسنێرۆسە کە لەلایەن میگیلەوە دەستدرێژیی کراوەتە سەر و لەهەمان کاتدا برای ئەم قەشەیەشی کوشتووە، کە ئەکاتە باوکی دامیانا سیسنێرۆس. لەمیانی کارە خەیریەکانیەوە بۆ قانعکردنی پیدرۆ تا هەست بە لێپرسراوەتی بکات بەرامبەر بە میگیل کە کوڕی ناشەرعیەتی، بابا ڕێنتیریا بەشێوەیەکی گاڵتە جاڕانە حوکم بەسەر کۆمالادا ئەدات. بابا ڕێنتیریا سیمبوڵی ملکەچیکردنی کلێسایە بۆ دەوڵەت لە مەکسیکی (ئەنتی کلێریکالی) سەدەی بیستدا.

**دامیانا سیسنێرۆس:** برازای بابا ڕێنتیریایە، لەلایەن میگیلەوە لاقەکراوە وەختێ کیژێکی لاو بووە. دەبێتە کارەکەری ناوماڵ لای پیدرۆ و وەختێ خوان پریسیادۆش منداڵ دەبێ چاودێریی دەکات، لەژیاندا دەمێنێتەوە تا ساڵانێك دواتر بەرەو ڕووی خوان پریسیادۆ بێتەوە تاکۆمەڵێك زانیاریی ناڕوونی بداتێ سەبارەت بە باوکی.

**دۆلۆریس پریسیادۆ:** دایکی خوانە، دۆلۆریس لەلایەن پیدرۆوە لە خشتە دەبرێ و زەوت دەکرێ. وەکو هەر یەکێك لە ئافرەتە دۆستەکانی لەخەمێکی کوشندەدا دەژی کە بیرهێنەرەوەی ژیانی رابوردوویەتی. مردنەکەی کوڕەکەی هان ئەدا باوکی بدۆزێتەوە.

**دۆرۆتیا:** ئافرەتێکی دانیشتووی ئەوێیە کە بەرەنگارییەکی ئیجابی بەرامبەر بە پیدرۆپارامۆ پیشان ئەدا، پاش مردنیشی دەبێتە ئەو چەرخەی کە ڕۆمانەکە بەکاری دێنێت بۆ وێنەکێشانی تێڕامانەکانی ئەهلی ئاواییەکە.

## رۆمانەکە:

چیرۆکەکە وەختێ دەست پێدەکات کە خوان پریسیادۆ، کوڕە دێهاتیەکەی پیدرۆپارامۆ دەگاتە کۆمالا بۆ گەڕان بەدوا باوکیدا. لە ڕێیدا بەرەو ئەوێ ڕێبوارێکی تری پێدەگات. ئەو ڕێبوارەش بە کوڕێکی تری پیدرۆپارامۆ دەردەچێت. بە پریسیادۆ دەڵێ کەباوکیان (یەکپارچە ڕق و کینە) بووە و هەروەها پێی دەڵێ کە مردووە. پریسیادۆ تەنها کەسێکی دیکەی لە کۆمالادا دەست دەکەوێ، ئەویش ئەدۆڤیخیس دیادایە کە هاوڕێیەکی دێرینی دایکێتی، داڵدەی ئەدات. خوێنەر هەر زوو تێدەگات کە ئەم ژنەش بوونەوەرێکی مردووە وەکو ڕێبوارە هاوڕێکەی کە پریسیادۆ لە ڕێیدا تووشی بوو.

لە پرێکا (کردارەکە) ڕووداوەکان دەگۆڕێن، پیدرۆپارامۆ بە دەردەکەوێ لە کاتێکا کە منالّکاربووە، خەون بە خۆشەویستەکەی منالّییەوە (سوزانا سان خوان) دەبینێ و سەرگەرمی هەندێ کاری ناو مالّیشە. سوزانا کە دواتر لە چیرۆکەکەدا پەیدا دەبێ، تاقە ئەڤینی ڕاستەقینەو قوولّی پارامۆیە، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو ئافرەتانەی دی کە لە خشتەی بردوون یان دەستی بۆ درێژکردوون.

کرداری چیرۆکەکە دێتەوە سەر ئەدۆڤیخیس دیادا و خوان پریسیادۆ. لەم خاڵە بەدواوە پاش وپێشی کات، هەلّوێستەکان و کاراکتەرەکان بونیادی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن. خوێنەر دەبێ وریابێت تا بەدووی پلۆتە لاوەکیەکان بکەوێ کە ئاخنراونەتە ناو بابەتی گشتی و سەرەکیەوە.

ئەدۆڤیخیس بەپریسیادۆ دەڵێ کە دەبوو ئەم دایکی بووایە، لەبەر ئەوەی دایکی ڕاستەقینەی لە یەکەم شەوی ژن و

مێردایەتییانـدا بـەپێی ئامۆژگـاریی پێشـبینێکی خـورافی داوا لـە ئـەدۆڤیخیس دەکـات لـەجیاتی ئـەو بچـێت ولەگـەڵ پیـدرۆپارامۆدا بخـەوێت. وردەوردە وێنـەی ئاکـاریی کاراکتـەری سـەرەکی لـەڕێی ئەدۆڤیخیسەوە دەکێشرێ، کە ئەویش بە پریسـیادۆ نالێـت بـاوکی چ جـۆرە پیاوێـك بـووە. لـە ڕێی ئەدۆڤیخیسـەوە خوێنـەران بۆیـان دەردەکەوێ کە میگیل پارامۆ تاقە کوڕێتی کە پیدرۆ ناسیویەتی.

میگیـل تالانکـەرێکی دڵـڕەق و لاوێکـی سێکسـییەکە لـە ڕووداوێکدا دەمرێت. ئینجا بابا ڕێنتیریا دێتـە نـاو پلۆتەکـەوە کـە قەشەی ئاواییە. دەتوانین بڵێین کە ئـەم عەزابدیـدەترین کەسـی نـاو ڕۆمانەکەیە. براکەی کوژراوە، برازاکەیشی لەلایـەن میگیـل پـارامۆوە دەسدرێژی کراوەتە سەری، کەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـێ قوداسـی جەنازەیی بۆ ڕۆحـی میگیـل ئـەنجام بـدات و ڕێو ڕەسمـی سـرووتی کاسۆلیکی بۆ بـەجێ بگەیـەنێت. ئـەم لـەو بڕوایەدایـە کـە حاڵـەتی قەشـــەیێتیەکەی فریـــوی داوە، لەبەرئـــەوەی ئامـــادەگیی بـــەرەو ڕووبوونەوەیەکی خۆڕاگرانەی تیانییە بەرامبەر ئـەو دەسـدرێژییانەی لەلایـــەن کەســـانێکی دەوڵەمەنـــدەوە دەکرێتـــە ســـەر ئافرەتـــان، بەتایبـــەتیش دەســـدرێژیکردنەکانی پیـــدرۆپارامۆ. هـــەروەها ئـــەم ئومێدێکی ڕاسـتەقینەو دڵنـەوایی بەهـەژاران نـەداوە. جارێکیـان کـە چووە بۆ دانپیانان لای قەشـەی (ئەبرەشـیە)ی کـۆنتلا لەسـەر ئەمـە لۆمە کراو لێبوردنی ڕەت کرایەوە، لەبەر ئەوەی ڕێی بەوانەداوە کـە ڕوو لە کەنیسە (ئەبرەشیە) دەکەن لەخورافات و ترسدا بژین.

دواتـر لـە چـیرۆکەکەدا پیـدرۆپارامۆ دەردەکەوێتـەوە. بـەڵام ئەمجارەیان وەك منالێك نا، بەڵکو وەکو کوڕێکی بالغ، هەروەکو بابا ڕێنتیریاش دەڵێ وەك گیاکەڵەیەك نەشونمای کردووە و هەرچـییەکی ئـەوێ بەدەسـتی دێنێـت– ئـافرەت، منـاڵ، زەوی و زار– ئەمـەش لـەڕێی بـێ ویـژدانی و نەبردنەسـەری گفتوبـەڵێن و، زەبـروزەنگ و

کوشتنەوە. تاقە ئاسەوارێکی ڕۆحی لای، خۆشەویستیەتی بۆ سوزانا سـان خـوان کـەدوای ئـەوەی بێـوەژن دەکـەوێ، قایـل دەبـێ ببـێ بەهاوسەری پیدرۆپارامۆ. سوزانا شێت دەبێتو ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان لە ڕۆحـی پیـدرۆدا. هەسـتدەکات پیربـووە، غەمگینـەو پـەکی کەوتووە. وەزعیشی تەواو خـراپ دەبـێ وەختـێ سـوزانا لـەخانووی گـــەورەی نـــاو کێڵگەکـــەدا دەمـــرێ. لەســـەر پێخـــەفی مـــەرگی وا هەسـتدەکات لەگـەڵ مێـردە مردووەکەیدایـە. ژیـانی پـارامۆ بـەرەو وێرانـی دەچـێت. هەسـتدەکات مـەرگ بەوزووانـە ڕاپێچـی دەکـات. ئەوەندە نابات دوای ئـەوە کـوڕێکی تـری پیـدرۆپارامۆ دەردەکـەوێ کـەناوی ئابۆنـدیۆ مـارتێنیزە، کۆسـتی کـەوتووە چـونکە ژنەکـەی مردووە، بـادە دەخواتـەوەو دەچـێت بـۆلای بـاوکی داوای پـارەی لێ دەکات بۆ کفن و دفنی ژنەکەی. هێندەی خواردۆتەوە چاوی نابینێ، ئەبۆندیۆ بەچەقۆ دەکەوێتە وێزەی بـاوکی. پـارامۆش هـەر چەشـنی کەڵەکە بەردێك هەرەس دێنێ.

## <u>شیکردنەوە:</u>

پیـدرۆپارامۆ بەشـێوەی تەکنیکیگێڕانـەوەی نـوێ و شـێوازی نـــوێ نووســـراوە" وەك شـــەپۆلی هـــۆش، مۆنۆلـــۆگی گونجـــاو، ڕاستەوخۆیی و واقعیەت لـە دەربڕینـدا، ڕاسـتیی تۆمـارکراوی هەمـە چەشـنەو ئاوێتـە. هـەروەها فلاشـباکی کردارەکـان. هـەروەها خـوان ڕۆلفۆ چۆنێتیی گەڕان و پشـکنینمان پیشـان ئـەدا لـەژیانی ئـاڵۆز و نەریتگەراو خاڵی و قەدەرییانەی سووڕپێستەکانی مەکسیك دا.

پیدرۆپارامۆ ڕۆمـانێکی سـەیر و سـەمەرەیە. واقعیەتـە تونـدو تیژەکەی کەشێکی غەمگینی پێ بەخشیوە، هەروەها هەستی قووڵی بەزەیی بۆ دڕندۆنگیەکانی ڕۆحی مرۆیی شـیعریەتێکی داوەتـێ. ئـەم

ڕۆمانـه کتێبـی دەنگەکانـە" دەنگـی خـەڵك، دەنگـەکانی سروشـت، دەنگی حاڵەتەکان و ڕەفتارەکان و عاتیفـه. تـەواوی کاراکتـەرەکانی مردوون. بەتەنها دەنگ و ورتـەورت لـە ئاوایییەکـە (کۆمـالا) دا هـەن. ئەمە ئاوایی دەنگدانەوەکانە. ئەم هەموو خەڵکە مردووە، ئەم ڕۆحـە ئازاردیدانە، وادێنە پێشچاو وەك ئەوەی لەدونیایەکی تـردا بـژین، لـە زیندانی نامۆی یاددا، هەرکەسە لەم ئاواییەدا ژیانی تایبەتی‌ی خۆی‌و هەروەها ژیانی ئەوانی تریشی بیردێتەوە، لەهەمان کاتـدا دەسـەڵاتی (نازەمەنی) تەواوی چیرۆکەکە دەتەنێتەوە. ئاواییەکە خۆیشی، واتـە کۆمالا کە هەموو بەژیانێکی پڕ موفارەقە تیایـدا دەژیـن، دەمـرێ لـە شوێنێکدا کە بەتەنها دەنگی جاڵجاڵۆکـەو دەنگدانـەوەی بێـدەنگی‌ی تیا دەبیسترێ.

ئالەم سیمایانەو لەو زەمینە لادێییەدا، ڕۆڵفۆ کارەکـەی خـۆی دەسـازێنێت. ئەوجـەختی لەسـەر ئـەوە کـردووە کـە ناونیشـانی ئەسڵی‌ی ڕۆمانەکە "ورتە ورتـەکان" بـووە. ئـەو ناونیشـانەی گـۆڕی لەبـەر ئـەوەی وایبینـی کـە لەڕاسـتیدا پیـدرۆ پـارامۆ تـەوەری چـیرۆکەکەیە. نووسـەر ڕوونـی کردۆتـەوە کـە تـەواوی ئـەم خەڵکـە مردووانـە بـەدەوری کۆمـالادا دەسـووڕێنەوە، لەبەرئـەوەی قەشـەی ئەبرەشـیەکەش لەگوناهـەوە گـلاوەو، شـیاوی ئـەوە نـەبووە ڕۆحـی گوناهباری ئەوان ڕزگار بکات بەڕەچاو کردنی ئەم گریمانانـە دەکـرێ لە ڕۆمانەکە بگەین. سەرباری ئەوەی پیدرۆپارامۆ ڕۆمانی مۆنۆتۆنی‌و ئامـادەگیی ڕۆحەکانـە بـەڵام خوێنـەر دەجوڵێنـێ و بـەلای خۆیـدا ڕایدەکێشـێت، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هێـزو توانـای سەرنجکێشکردنی. زەبروزەنگ، سێکس، خۆشەویستی، قەدەریەت و تەنیایی یەکدەگرن تا وێنەیەك یان بەشی وێنەیەکی سووڕپێستەکان پێکبێنن. ڕۆڵفۆ، کە خەڵکی خالیسکۆیە، بەشێکی تەمـەنی لاوێتـی‌ی لـەنێوان لادێییـەکان‌و سووڕپێسـتەکاندا لـە کێڵگەکـەی باوکیـدا

بەسەربردووە و هەڵی بۆ ڕەخساوە کە لەپەنا خۆیانەوە ڕۆحی ڕەسەنو ڕاستەقینەیان بناسێت. ئەوەش وەنەبێ وەسفێکی فۆلکلۆرییانەی سەرنجڕاکێشی ژیانی سوورپێستەکان بێ کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە. خاسیەتەکانی ئەم ڕۆمانە لەڕووی وردبینیو چوونە ناو وردەکارییەوە لە کارەکەی پێشوویشیدا بەدەرکەوتبوون، واتە (دەشتی گڕگرتوو و کۆمەڵێك چیرۆکی دی 1953) ئەو کتێبەی مامەڵەیەکی نوێ و شێوازێکی نوێی لەگەڵ کاراکتەری لادێیی و سوورپێستی چیرۆکدا بەئەدەبی مەکسیکی بەخشی.

ئەم پەردە هەڵماڵینە لە ڕۆحی سوورپێستەکان بەتەنها کارێکی ئەتنۆگرافیانە نییە، بەڵکو هونەرییانەشە. کاراکتەرەکان دوو دیویان هەیە، دیوێکی واقیعی و دیوێکی تارماییانە SPECTRAL، کە بەشداریی ژیانی کۆنکرێتی و فیزیکیانە و لەهەمان کاتدا ژیانی ناماتەری و چالاکیی خەونئاسایانە دەکەن و بەرجەستەی ئاوێتەیەك لە ڕیالیزم و ئایدیالیزم دەکەن، ئەم دووجەمسەرەی کە هونەری ڕۆڵفۆ پێکدێنن. تەنانەت گوزارشتە میللیەکانی کەسێتیەکانیش بۆ ئاستێکی ئیستاتیکیانە بەرز دەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێجار ڕۆڵفۆ لەشێوازی خۆیدا لەگەڵ زماندا ئازادی بەخۆی ئەدات" سەرنجڕاکێشی و تینی کاریگەریی وشەکان کارلێکردنێکی سەرەتاییانەو جوانییەکی هێمنانە دەخولقێنێ. لە ڕۆمانەکەدا هەندێ کەلێن هەیە. وەك پێویستی بە ناوك (یان دڵێك) هەروەها پلۆتێکی ئاشکرای ڕاستەقینە. ڕۆمانەکە خاڵی یەکتربڕینی ئاستە کاتی و شوێنیەکان دەشڵەژێنێت، هەروەها جەختکردنی لەسەر لایەنە دزێوەکانی ئەزموون.

هەرچۆنێك بێت ئەم کارەی ڕۆڵفۆ نیشانەیەکی دیارە لە ئەدەبی مەکسیکیدا لە ڕووی نوێکارییەوە لەمامەڵەدا و قووڵبوونەوەی لە قەدەری سوورپێستە مەکسیکیەکاندا، ئەوانەی کە

دوای چەندەها سەدە لە مێژووی کەلتووری و سیاسی، تا ئێستا بەشێوەیەکی تەواو نەناسراون.

لەمیانی ئەو ئاوێتە سەیروسەمەرەیەی نێوان فانتازیاو واقیعدا، پیدرۆپارامۆ هەندێ هێڵی سەرەکی دەگرێتە خۆی کە ڕوانینی ڕەشبینانەی ڕۆڵفۆ بۆ ژیان ڕووندەکەنەوە. ئەو ڕوانینە لە گەوهەردا نیهیلیستیانەیە. هەر هاوولاتیەکی سەر بەکۆمالا دەگریت بەخەیاڵ لە ساتێك لەساتەکانی ئازار یان گوناهدا دەژێتەوە. بەلام تەجروبەکە نابێتەمایەی زیادکردنی خودئاگایی بەڕەچاوکردنی هۆیەکانی ئەو ڕەفتارە، یان پێشنیازی چارەسەرێکی شیاو بۆ ئەو تەڵەزگانە. کاراکتەرەکان تاکێتیی خۆیان نییە، تەنها سیمای ڕەمزین، وەکو کۆمەڵێك قوربانیی بێ دەسەڵاتی هێزەکانی دەرەوەو ناوەوەیان دەکەونە ڕوو. ژن و پیاوەکانی ڕۆڵفۆ بێدەسەلاتن وەختێ ڕووبەڕووی هەلومەرجەکانی دەرەوەو هەروەها کێشەکانی ناوەوەی خۆیان دەبنەوە. بەمجۆرە جیهانەکەی کۆمالا مایکرۆکۆزم (دونیایەکی بچکۆلەکراوە) ی هەموو جیهانە کەلە حاڵەتی شڵەژاوی و ناڕێکیی سەرەتای دروستبوونی گەردووندایە، کە بەناچاری ڕوو لەوێرانییە. نائومێدیی ئەم بارە لەڕێی شێوازی نووسەرەوە زۆر بە بەهێزی بەرجەستەکراوە کە بووە بە بەشێك لە ئیقاعی سەرەکیی قسەئاساییەکان و کاراکتەرەکان. ژیان و هەستو سۆزیان لەمیانی واقیعیەتی زمانیانەوە زیندوو دەبێتەوە.

هەروەکو ئۆکتاڤیۆ پازی شاعیریش وتوویەتی:

"ڕۆڵفۆ هەر بەڕاستی نووسەرێکی بەهرەمەندە، کەتوانیویەتی زمانێکی سەیر و دڵڕفێن بخوڵقێنێت."

## پاشبەندی رەخنەیی:

ژمارەیەکی کەم لەنووسەرە دیارەکانی ئەمریکای لاتین وەکو خوان رۆلْفۆ کەم بەرهەم بوون، یان وەك ئەو کارەکانیان لەرووی هوونەرییەوە بەرز نرخێنراوە. ئەو دووکتێبەی هەموو بەرهەمی ئەدەبیی رۆلْفۆ پێکدێنێ بریتین لە "پێدەشتی گرگرتوو" کە کۆمەڵێك کورتە چیرۆکە. هەروەها رۆمانی "پیدرۆپارامۆ".

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزەهەمدا رۆمانەکان وێنەی کاراکتەر و ژینگە و گۆرانی دێهاتی‌یە مەکسیکیەکان (چ دوورەگەکان و چ سوورپێستەکان) یان دەکێشا. زۆربەی ئەو رۆمانانەی شۆرشی مەکسیکیان کردووە بە بابەتی سەرەکییان زەمینەیەکی دێهاتییان هەیەو سوورپێستە رەنجدەرەکان کاراکتەری سەرەکی یان لاوەکییان پێکدێنن، یان ئەو بارودۆخانە دەخەنە روو کە ئەوان تیادەژین، هەروەها زەبروزەنگ، یان کاردانەوەی توندوتیژییان بەرامبەر بەجیهانی پڕ چەوسانەوەو ستەملێکردنیان.

ماریانۆ ئازوێلا، خۆسیە رۆبین رۆمێرۆ و جیورجیۆ لۆ پیز ئی فۆینتس، ئەمانە هەندێکن لەونووسەرانەی جەخت لە ژیانی لادێ و کاراکتەرە دێهاتیەکان دەکەن. دوا نووسەر لەو ناوانەی سەرەوە لە رۆمانێکیدا بەناوی ELINDIO (1935) سوورپێستەکان وەکو بەشدارێکی گرنگی نشوستخواردووی کردە شۆرشگێرییەکان پیشان ئەدات. دواتر ئۆگستین یانیز لەگەڵ ئەو زەمینە دێهاتیەو ژیانی دێهاتیدا لە رۆمانەکانیدا مامەڵەی کردو لەوانە رۆمانی (کەنار زریانەکە 1947). پاشتریش ئەنثرۆپۆلۆجیاو ئەتنۆلۆجیا خۆیان

خزانـده نێـو ڕۆمـانی مەکسـیکیەوە. بەپشـت بەسـتن بـە ئـەزموونی شەخسی، هەندێ لەنووسەرەکان توانیویانە دونیای سوورپێسـتەکان واقیعیانەتر لە خەیاڵدەربڕن. بەڵام هەرچۆنێك بێ هـیچ یـەکێك لـەو نووسـەرانەی ناومـان بـردن نـەیانتوانیوە وەکـو ڕۆڵفـۆ تەکنیکـە شێوەییە پێشڕەو و پێشکەوتووەکان و دەروازەیـەکی ئاشـنایانە بـۆ ژیانی سوورپێستە دێهاتیەکان بەکاربهێنن. ئەمە ئەو پلە شایستەیەو پێگەی ئەم ڕۆماننووسەیە لە دیمەنی ئەدەبی مەکسیکیدا.

**و. لە ئینگلیزیەوە: ئازاد بەرزنجی**

**سەرچاوەی ئەم وتارە:**

MASTERPIECES OF LATINO LITERATURE

EDITED BY: FRANK N. MAGILL

HARPER COLLINS PUBLISHERS, NEW YORK 1994

## لەکتێبە چاپکراوەکانی ئازاد بەرزنجی:

1- مضيق الفراشات- قصيدة طويلة للشاعر شێركۆ بێكەس- ترجمها: ازاد البرزنجي، دار الرازي- بيروت- لبنان- ط1 1996

2- چاوەکانی-ڕۆمان- بوزورگ عەلەوی- (وەرگێڕان) سلێمانی 1997

3- خەونێك لەولاتی پیاوە بچکۆلەکاندا — کورتە چیرۆکی جیهانی (وەرگێڕان) چاپی یەکەم-سلێمانی- 1997

4- نەورەس -کورتە ڕۆمان- ریچاردباخ- (وەرگێڕان) - چ 1 سلێمانی 1997

5- بەناوی ژیانەوە (وتار، لێکۆڵینەوە، گفتوگۆ) ئەریك فرۆم- (وەرگێڕان) چاپی یەکەم سلێمانی 1998.

6- شۆڕش یا ڕیفۆرم -گفتوگۆ لەگەڵ هیربرت مارکۆز و کارل پۆپەردا- چاپی یەکەم سلێمانی 1999.

## لەکتێبە چاپکراوەکانی ڕێبوار سیوەیلی:

www.pertwk.com

1- گۆرانی‌یەک بۆگوندە سووتاوەکان – کۆپنهاگن 1989
2- دەنگی پێی ئاو – کۆپنهاگن 1989
3- درامدی بەشعرمعاصر کردی– کۆپنهاگن 1990
4- چەمکی میتۆلۆژیاو جیهانبینی‌ی مەلا خدری نالی –کۆپنهاگن 1991
5- مەستوورە لەڕوانگەیەکی ترەوە (لێکۆڵینەوەیەکە لە ئیرۆتیکای شیعری نالی)– کۆپنهاگن 1992
6- دیاردەگەرایی تاراوگە– کۆپنهاگن 1996
7- دنیای شتە بچووکەکان– سلێمانی 1999
8- سۆفیستەکان – کۆپنهاگن 1999

# خوان ڕۆڵفۆ

# پیدرۆپارامۆ

-ڕۆمان-

وەرگێڕانی
ئازاد بەرزنجی و ڕێبوار سیوەیلی

**ئەم ڕۆمانە لەم سێ دەقەوە کراوە بەکوردی:**

1- پدرو پارامو – خوان رولفو
ترجمه: احمد گلشیری- ناشر کتاب تهران
چاپ اول 1363 (1984).
2- بیدرو بارامو – خوان رولفو

ناوی کتێب: پیدرۆ پارامۆ

جۆری کارەکە: ڕۆمان

کۆمپیوتەر: یادگار اورحمان

چاپخانە:

ژمارەی سپاردن: 140/ 1999

تیراژ: 400 دانە

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (  )